ISSN 2411-7757

# گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات

بەرگی ( ٨ ) ژمارە ( ٢ ) حوزەیران ( ٢٠٢٢ )

٢٠٢٢ ی زایینی ٢٧٢٢ ی کوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق

زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی

ISSN 2411-7757


# گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی


گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات



## خـــاوەنی ئیمتیاز

پ.د.علی محي الدين قەرەداغی

## سـەرۆکـــی دەستەی نووسەران

پ.د.مـریـوان أحـمـد رشـیـد

## بەڕێوەبەری نوسین

پ.د.زانا رؤوف حمـه کریـم

## دەستەی نووسەران

پ.د.أنـور مـحـــمد فــرج ................................. ئـــەنـدام

پ.د.محـــسن ابراهیم أحمـد ................................. ئـــەنـدام

پ.ی.د.هـیـوا ابـوبـکـر عـلی ................................. ئـــەنـدام

پ.ی.د.صـهیب مصطفی طـه ................................. ئـــەنـدام

پ.ی.د.ئـاسـۆ محمـد دەرویش ................................. ئـــەنـدام

پ.ی.د.کنعان حمەغریب عبدالله ................................. ئـــەنـدام

## سەرپەرشتیاری هونەریی

هاوکار عمر مجید

## دەستەی ڕاوێژکاری


پ.د.سمیر فخرو .......................... بحرین

پ.د.عبدالمجید النجار .......................... تونس

پ.د.علي المحمدي .......................... قطر

پ.د.انمار امین البرواري .......................... عێراق

پ.د.صالح قادر.......................... قطر

پ.د.جاسم عودة .......................... مصر

پ.د.قاسم الحبیطي.......................... عێراق

پ.د.خالد العجمي .......................... سعودیة

پ.د.خالد المذکور.......................... کویت

پ.د.فائق مشعل قدوري .......................... عێراق


- ئاماژە بە کۆنوسی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ژمارە (15) لە بەرواری (2017/6/1)دا، وە لەبەرئەوەی لە ئێستادا زانکۆکەمان گۆڤارێکی زانستیی نوێ دەردەکات بەناوی ( UHD Journal Of Science and Technology ) کە تایبەتە بە بلاوکردنەوەی توێژینەوەکانی بواری زانستیی پوخت. بڕیار درا کە بواری بلاوکردنەوەی توێژینەوەکان لە گۆڤارەکەماندا کورت بکرێتەوە تەنها بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

- بۆ زانینی مەرجەکان و تۆمارکردنی توێژینەوە بۆ بلاوکردنەوەی لەم گۆڤارەدا, سەردانی سایتی تایبەت بە گۆڤار بکە : journals.uhd.edu.iq

## پێشەکی:

گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، گۆڤارێکی زانستیی – وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی – وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (15332/9) لە (2015/8/5)دا. ئاماژە بە کۆنوسی لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بە دەرکردنی گۆڤاری زانستیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە بەرواری ( 4 / 8 / 2015 ) دا پەسەندکراوە و بڕیاردراوە بە پێدانی مۆڵەت بە دەرکردنی (گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) لە لایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گشت مەرجەکانی دەرکردنی گۆڤاری زانستیی تێدا جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکانی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەکاردێت.

بەم هۆیەوە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، خۆشحاڵ دەبێت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەو بەرهەمە زانستیەکانی توێژەرانی بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان) بە پێی ئەومەرجانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە دانراون لە گۆڤارەکەدا.

- ناوی گۆڤار: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
- جۆری دەرکردنی گۆڤار: وەرزییە
- پسپۆڕی گۆڤار: بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان)
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی چاپکراو: p-ISSN 2411-7757
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی ئۆنلاین: e-ISSN 2411-7765
- ژمارەی ( DOI) گۆڤار : 10.21928/2411-7765

پ.د. زانا رەئوف حمە کریم
بەڕێوەبەری نوسین

**Address:**
University of Human Development
Sulaimani –Kurdistan Region/Iraq
+9647711529060 - +9647480120630
PO Box: Sulaimani 6/0778

**ناونیشان:**
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
سلێمانی - هەرێمی کوردستان/عێراق
009647711529060 - 009647480120630
سندوقی پۆست: سلێمانی 6/0778

# فهرست المجلة


| ت | اسماء الباحثين | عنوان البحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| .1 | لطيف مصطفى امين<br>شادى غازى عبدالكريم حسين | پێگەو سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان | 14 - 1 |
| .2 | أنور محمد فرج<br>چالاك معتصم خورشيد | کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان/عێراق | 27 – 15 |
| .3 | Araz Ahmed Mohammed | Trauma and Recovery: A Psychoanalytic Study of Gharbi Mustafa's When Mountains Weep | 36 - 28 |
| .4 | ئاسۆس نامق براخاس | التلقيح الإجباري وأثره في حق الإنسان في السلامة الجسدية لقاح كوفيد 19 نموذجاً | 46 - 37 |
| .5 | على طاهر حسين<br>عباس محمد قادر | چەمکی بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەڕۆك لەدوودەق (ئەنوەر قادر جاف) و (قوبادی جەلی زادە) دا | 53 - 47 |
| .6 | Brwa Othman Omer | Why Do Students Still Plagiarize? Perceptions of EFL and Non-EFL Students on Plagiarism | 60 - 54 |

# پێگەو سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان

لطیف مصطفی امین [1] ، شادی غازی عبدالکریم حسین [2]

[1] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زانستە رامیارییەکان، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە -** دەستە سەربەخۆکان رۆڵی گرنگ دەبینن لە دامەزراندنی حکومرانی باش لە دەوڵەتی دەستوریدا، بۆیە رۆژبەرۆژ گرنگی بەم دەستانە لە زیادبووندایە، کە لە رێکخستنی دەستوری ئەو دەوڵەتانەدا وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی سەربەخۆییان باس دەکرێن بەڵام لە یاسادا بە شێوەیەکی ووردتر رێکدەخرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو رۆڵەی کە بۆیان دیاری کراوە بە باشی بگێرن. ژمارەیەك لەم دەستانە لە ناوەراستی سەددەی رابردوودا بە پشتبەستن بە رێکخستنی دەستوری‌و دەقە دەستورییەکان دروست بوون لە هەندێك دەوڵەتدا بە تایبەتی دەوڵەتە یاساییەکان، پاشان لە لایەن یاسادانەرانەوە یاسای تایبەت بەم دەستانە دانراوە. وە لە رووی سیاسییەوە، ئەو ژینگە دیموکراسییەی کە لەم دەوڵەتانەدا هاتە ئاراوە، رۆڵێکی گەورەی لە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە بینوە، چونکە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەو دەستانە دەتوانێت پەیوەندی راستەوخۆی لە گەڵ گەشەکردنی دیموکراسیدا هەبێت، کە ئامانج لێی نەهێشتنی گەندەڵی‌و بەدیهێنانی دیموکراسیەت‌و بنەماکانیەتی. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر ئەوەی کە تا چەند ئەم دەستانە سەربەخۆن، بە تایبەتی لە رووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە. هەروەها لە رووی سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانەوە ئایا ئەم دەستانە دەسەڵاتی کارگێرین یان خاوەن سروشتێکی دادوەرین یاخود لە پاش سێ دەسەڵاتە کلاسیکییەکان (یاسادان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری) دەستە سەربەخۆکان وەکو دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت. کە ئەمەش بە پێی دەقە دەستوری‌و یاساییەکانی تایبەت بەم دەستانەو بریارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق‌و راوبۆچوونی یاساناسان‌و توێژەران شیکراوەتەوە، کە لە توێژینەوەکەدا گرنگیان پێ دەدەین.

**کلیلە وشەکان-** دەستە سەربەخۆکان، سەربەخۆیی، سروشتی یاسایی، دەسەڵاتی چوارەم.

## پێشەکی

لەپاش ئەو گۆرانکارییە بنەرەتیانەی لە شێوەی دەوڵەت‌و سیستەمی دەستوری‌و سیاسی دەوڵەتاندا، بەتایبەتی دەوڵەتە یاسایی‌و دیموکراسیەکاندا دروست بوون، چەندین دەستەی سەربەخۆ پەیدا بوون. هەرچەندە لەسەرەتادا سێ دەسەڵاتە گشتییەکە (یاسادان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری) هەبوون‌و جیاکرابوونەوە لەیەکتری، کەلە ئەورووپادا مۆدێلێکی نوێ بوون‌و ئەنجامی باشی هەبوو، بەڵام دەوڵەتە دیموکراسییەکان هەمیشە لە پێشکەوتندا بوون و پێیان باش بوو کە دەستەی سەربەخۆی دیکە هەبن لەگەڵ ئەم دەسەڵاتانەدا کاربکەن لەبواری دەستپاکی‌و هەڵبژاردن‌و بازرگانی‌و... هتد، لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی ئەم دەستانە پێش جەنگی جیهانی دووەم هەبوون بۆ نموونە ئەمبۆدسمانی سویدی، بەڵام لە دوای ئەم جەنگەوە گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی. وە دەستە سەربەخۆکان بەپێی رێکخستنی دەستوری و یاسایی کەسایەتییەکی واتاییان هەیە. هەروەها هۆکارێکن بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای رێزگرتن لەماف‌و ئازادییە گشتییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەدەستە سەربەخۆکان سەرنجی زۆرێك لە توێژەران‌و نوسەران‌و ئەو کەسانەی لەکاروباری سیاسیدا کاردەکەن بەتایبەتی ئەکادیمیەکان راکێشاوە، سەرەرای ئەوەش گرنگی سیاسی و کارگێری ئەم دەستانە تەواوکەری کاری دەوڵەت‌و سیستەمی سیاسیانە بەشێوەیەك کەبتوانێت ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێ بکەن. وە گرنگیەکەی خۆی لە خستنەرووی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەرووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە دەبینێتەوە لەگەڵ سروشتی یاساییان، بەتایبەتی دەستەیەکی سەربەخۆن‌و لەگەڵ سێ دەسەڵاتە گشتییەکەدا کاردەکەن.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لەم پرسیارە گرنگانەوە سەرچاوە دەگرێت:

- ئایا دەستە سەربەخۆکان ئاستی سەربەخۆییان چۆنە؟ ئایا پێویستییەکی راستەقینە هەیە بۆ هەریەکەیان‌و ئایا پێویستی بەبەردەوامییان هەیە؟ ئەم سەربەخۆییە دەبێت لەچی بوارێکدا بێت؟ ئایا سەربەخۆیی دەستەکان لەرووی کردارییەوە چ کاریگەرییەکی دروست کردووە؟
- ئایا سروشتی یاسایی ئەم دەستانە چۆنە؟ دەسەڵاتی کارگێرین یان خاوەن سروشتێکی دادوەرین یاخود وەکو دەسەڵاتی چوارەم کار دەکەن لەپاش سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی دیکە (یاسادان، جێبەجێکرد، دادوەری)؟ ئایا هۆکاری پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان چییە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم دەستانە دەتوانرێت بەوە بناسرێن کە سەربەخۆن لە رووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە، ئەمەش بەزۆری لە دەوڵەتە یاساییەکاندا

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 2(2022) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n2y2022.pp1-14
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 5 كانون الأول 2021؛ قُبل في 12 كانون الثاني 2022؛ نُشرت في 17 نيسان 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : latif.mustafa68@gmail.com ،shadi.ghazi.a@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2022 لطيف مصطفى امين، شادى غازى عبدالكريم حسين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەدیدێت. هەروەها دەستە سەربەخۆکان لەڕووی سروشتی یاساییان دەتوانرێت وەکو دەسەڵاتی چوارەم دابنرێن لەپاش دەسەڵاتەکانی یاسادانو جێبەجێکردنو دادوەریی، ئەمەش دەبێت لەڕێکخستنی دەستورییو یاساییدا بایەخی تەواوی پێ بدرێت. وە هۆکارەکانی سیاسیو ئابووریو گەندەڵی پاڵنەربوون بۆ دروست بوونی ئەم دەستانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بەمیتۆدی شیکردنەوە، بەخستنەڕووی دەقە دەستورییو یاساییەکان پەیوەست بەسەربەخۆییو سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان. لەهەمان کاتدا پشت بەمیتۆدی ڕەخنەیی دەبەستین لەو شوێنانەی کەتێبینیو ڕەخنەیمان هەیە لەسەر دەقە یاساییەکان.

1- **ئەو توێژینەوانەی کەپێشتر کراوە:** پێشتر چەندین توێژینەوە لەبارەی دەستە سەربەخۆکانکراوە بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت لەم توێینەوەیەدا چەندین نامەو تێزی دکتۆراو توێژینەوەی زانستی بەدی دەکرێت، بەڵام هەر یەکێکیان بوارێکی گرنگی دەستە سەربەخۆکانی لە چوارچێوەیەکی گشتی توێژینەوە یان ئەزموونی کردەیی یاخود کێشەیەکی دیاری کراو و جیا لە ناوەڕۆکی بابەتی ئەم توێژینەوەیەی کردووەتە بابەتی شیکاری یان بەراوردکاری، بۆ نموونە: أرحيم، هشام جميل كمال. (2012)، "الهيئات المستقلة وعلاقتها بالسلطة التشريعية في العراق (دراسة مقارنة)"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة تكريت، كلية القانون، صلاح الدين. کەئامانجی توێژینەوەکەی بریتییە لەپەیوەندی دەستە سەربەخۆکان بەدەسەڵاتی یاسانان لەعێراقداو پشتی بەمیتۆدی شیکاریو بەراوردکاری بەستووەو باسی لەهەندێك لەدەستە سەربەخۆکانی کردووە لەعێراقدا لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان. هەروەها أمير، عبو سعدي. (2018-2019)، "السلطات الادارية المستقلة في القطاع المالي بالجزائر"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية. کە کێشە سەرەکییەکەی خۆی لە بواری دارایی و دەسەڵاتی کارگێڕی سەربەخۆ لە دەوڵەتی جەزائیردە دەبینێتەوەو باس لە سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانیش دەکات.

لە گەڵ ئەوەی کە لە هەندێک بوردا لەیەک دەچن، بەڵام جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا لەوەدایە کە ئەم توێژێنەوەیە باسی لە پێگەی دەستە سەربەخۆکان کردووە لە رووی سەربەخۆیی کارگێری و دارایی و ئۆرگانی لەگەڵ سروشتی یاساییان بە زمانی کوردی کە هیچ توێژینەوەیەک لەم باریەوە نەکراوە بە کوردی یان زۆر بە کەمی لەبارەیەوە نوسراوە.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:** نوسینی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە، وەکو بوونی هەندێک دەستەواژەی یاسایی و دەستوری و سیاسی کە بە زمانی کوردی واتای ئەو دەستەواژانە نەبوو، هەروەها کەمی سەرچاوەی کوردی لەم بوارەدا.

**دابەشکاری توێژینەوەکە:** بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەیشتن بەشیکاری دروست بۆ بابەتی باسی توێژینەوە لە دابەشکارییەکی شێوەییدا لە دوو داخوازیدا دەیخەینەڕوو. لە یەکەمیاندا باس لە پێگەی دەستە سەربەخۆکان دەکەین لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی و داراییو ئەندامییەوە. وە لە دووەمیاندا سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتێکی کارگێڕیو دەسەڵاتی دادوەری یان نیمچە دادوەریو هەروەها وەك دەسەڵاتی چوارەم. لە کۆتایشدا ئاماژە بەو دەئەنجامانە دەکەین کە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا پێی دەگەین سەرەڕای خستنە ڕووی پێشنیارەکان. پاشان لیستی سەرچاوەکان لە توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو.

## داخوازی یەکەم

## پێگەی دەستە سەربەخۆکان

بۆ ئەوەی باسی پێگەی دەستە سەربەخۆکان بکەین، سەرەتا تیشك دەخەینە سەر ئەوەی کە ئایا مەبەست چییە لە ووشەی سەربەخۆ؟ لکاندنی زاراوەی "سەربەخۆ" بەناوی ئەم دەستەو دەسەڵاتو دەزگایانەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئامانجو مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی دەستە سەربەخۆکان، کارکردنیانە بە شێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە دەستێوەردان، بەمەش سەربەخۆیی بەشێکی گرنگە لە گەرەنتیەکانی ئەم دەستانە، هەر بۆیە لێرەدا ئاماژە بەم زاراوەیە دەکەین لە گەڵ سەربەخۆیی ئەم دەستانەدا، چونکە خاڵی هاوبەش لە ڕێکخستنی دەستوری بۆ دەستە سەربەخۆکان کۆکردنەوەیانە لە ژێر یەك ناونیشانی دیاریکراو کە سەربەخۆبوونە لە گەڵ گەرەنتیکردنی پاراستنی ئەم سەربەخۆییە. هەروەکو بە پێی فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی پێناسەی کردووە بەوەی کە دەستەواژەی سەربەخۆیی واتە: "توانای داراییو بڕیاردانو کارگێڕی بۆ بەکارهێنانی کارەکان بە بێ ملکەچبوون بۆ کاریگەری یان کۆنترۆڵی حکوومەت یان کاریگەریی هەر بەرژەوەندییەکی دەرەکی نەشیاو" **(سلطة الائتلاف المؤقتة، الأمر رقم 66، 2004، القسم 2، الفقرة 5)**. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێکخستنی دەستوریی عێراقدا سەرەڕای جیاوازی دەستەواژە بەکارهاتووەکان بۆ دەستەکان لە دیاری کردنی چوارچێوەی سەربەخۆییان لە بوارێکی دیاری کراو بە رەهایی یاسادانەری دەستوری ملکەچبوونیان بۆ چاودێری و بەستنەوەیان بە دەسەڵاتە گشتییەکانی دیکەوە کردووەتە بەشێک لە دیاری کردنی چوارچێوەی پیادەکردنی ئەو سەربەخۆییەی کە پێیان بەخشراوە، هەروەکو لە دەقی دەستوریدا هاتووە کە: "کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانو دەستەی دەستپاکی سەربەخۆنو لەژێر چاوێری ئەنجومەنی نوێنەراندا کارەکانیان بەیاسا ڕێکدەخەن" **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، ماددەی 102)**، بەمەش ملکەچن بۆ چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام سەبارەت بە بەرپرسیاربوون، تەنها بانکی ناوەندی عێراق بەرپرسە بەرامبەر بە ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام سەبارەت بە بەستنەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە چاودێریو بەرپرسیاربوون بکرێن هەریەکە لەدیوانی چاودێری داراییو دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان دەبەسترێنەوە بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، بڕگەی دووەم، ماددەی 103)**. لەکاتێکدا دیوانەکانی وەقفە ئاینییەکانو دەزگای شەهیدان بەستراونەتەوە بەئەنجومەنی وەزیرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، بڕگەی سێیەم لە ماددەی 103 و ماددەی 104)**. بەڵام لە هەندێك دەستەدا ئاماژە بەدەستەواژەکانی (چاودێریو بەرپرسیاریو بەستنەوە) نەکراوە، وەکو دەستەی گشتی بۆ گەرەنتی مافی هەرێمو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمو دەستەی گشتی بۆ چاودێریو تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکانو ئەنجومەنی گشتی خزمەتی فیدراڵی **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، ماددەکانی 105، 106، 107)**. ئەم دەستەواژانەش چەندین ڕاوبۆچوونی جیاوازی لێکەوتەوە لە لایەن یاساناسانو دادگای باڵای فیدراڵییەوە. هەروەکو بەپێی بۆچوونی دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بەلێکدانەوەی ووشەی (بەستنەوە) بریتییە لە: "بەستنەوەی دەستەکەو سەرۆکەکەی

بەئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی گشتی دەستەکە نەك دەستتێوەردان لە بڕیارو ڕێکاریی‌و کاروباری پیشەییان" **(قرار محكمة الاتحادية العليا، العدد 88/ اتحادية/2010، 2011/1/18)**. لەهەمان کاتدا ئەم زاراوانە کە بۆ دەستە سەربەخۆکان بەکارهاتوون لە ڕێکخستنی دەستوردا ماناو چۆنیەتی‌و سنورو چوارچێوەی پیادەکردنی ڕوون نەکراوەتەوە، بۆنموونە لە دەستەواژەی (بەستنەوە) دا ئایا مەبەست لێی بەستنەوەیانە هاوشێوەی دامەزراوەیەکی جێبەجێکاریی بە وەزارەتێکی دیاریکراوەوە یان جیاوازە. هەرچەندە بەستنەوەی چەند دەستەیەکی جێبەجێکاری بە ئەنجومەنی نوێنەران ناگونجێت لەگەڵ ئەو تایبەتکاریانەی بەپێی ڕێکخستنی دەستوری پێی بەخشراوە، کە بریتین لە یاسادان‌و چاودێریکردن، کە لە ماددەکانی (61و62) دیاریکراون، سەرەڕای دژیەکبوونی لەگەڵ بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە لە ماددەی (47)ی دەستوری 2005دا ئاماژەی پێکراوە، جگە لەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەران وەك دەسەڵاتی یاسادانان خاوەن میکانیزمی فەراهەمکردنی سەرپەرشتی‌و چاودێری نییە، بە تایبەتی ئەگەر لەماوەی گرێدانی وەرزی یاسادانانندا نەبن، جگە لەوەی لەم بوارەدا ناگونجێت لە گەڵ کاری باوی پەرلەمانی وولاتانی جیهان **(قرار محكمة اتحادية العليا، العدد 88/ اتحادية/2010، 2011/1/18)**.

کەواتە بۆ دامەزراندنی دەستەو دەزگایەکی تەواو سەربەخۆ، پێویستە سەربەخۆیی دەستەکان لە ڕێگەی سیستەمی یاسایی‌و سیاسی دەوڵەتەوە بپارێزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە دەستورەوە دەست پێ بکرێت کە لوتکەی سیستەمی یاسایی و سیاسی دەوڵەتە، تەنانەت ڕەنگە لە هەندێك کاتدا پێویستی بە چاکسازی دەستوریش هەبێت، بۆیە بوونی دەقێکی دەستوری کە گرەنتی سەربەخۆیی ئەم دەستانە دەکات بە پێویست دادەنرێت‌و زامن کردنی جێبەجێ کردنی ئەو دەقە دەستوریانەش کە ئەو دەستانەیان ڕێکخستووە گرنگیەکی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا یاسای دەستە سەربەخۆکان گرنگیەکییان هەیە لە ڕووی سەربەخۆیی دەستەکانەوەو ئەو دەقە یاسایانەش کە ئەو سەربەخۆییە دەپارێزن بەهاو گرنگی خۆیانیان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی دەستنیشانکردنی سەرۆك‌و ئەندامانی دەستەی باڵای دەستەکان‌و بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی دەستەکان لە بەردەم پەرلەمان‌و بەدیهێنانی ئاسایش‌و سەربەخۆیی بودجەو سەرچاوەی پێویست، لە ڕووی سیاسیشەوە دامەزراندنی ئەم دەستانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت هەوڵەکانی دژە گەندەڵی بەجدی وەربگرێت، بەڵام ڕەنگە فشاری سیاسی کێبڕکێکار لە نێوان پارتەکاندا کاریگەری لەسەر ئەم دەستانە هەبێت **(United Nations Global Program Against Corruption (November 2002، pp.37-38 .**

بۆیە لە توێژینەوەکەدا تاوەکو گرەنتی سەربەخۆییان دەربکەوێت، دەمانەوێت بە پشتبەستن بە خستنەڕووی ئەو بوارانەی کە باسی دەستە سەربەخۆکان دەکات لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی‌و دارایی‌و ئەندامییەوە، سەربەخۆیی ئەم دەستانە گفتوگۆی لە بارەیەوە بکەین، کە پێگەو ئاستی سەربەخۆییان جیاوازە لە یەکتری، هەر وەکو دەستە سەربەخۆکان لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا هەندێکیان خاوەنی سەربەخۆیی تەواون‌و هەندێکی دیکەیان سەربەخۆیی سنوردارن لەڕووی کارگێڕیی‌و داراییەوە، لە کاتێکدا هەندێك لەم دەستانە ئاماژە بە ئاستی سەربەخۆییان نەکراوە، هەندێکی دیکەیان ملکەچن یان پەیوەست کراون بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە. بوونی سەربەخۆیی گرنگتریت تایبەتمەندی‌و پێکهاتەی دەستە سەربەخۆکانە، بەتایبەتی لە دەوڵەتی یاسایی‌و دەستوریدا گەرەنتیەکی زیاتر هەیە بۆ بوونی سەربەخۆیی ئەم دەستانە. بۆیە لێرەدا بە سێ لق باسی پێگەی ئەم دەستانە دەکەین، لە یەکەمیاندا سەربەخۆیی کارگێری و لە دووەمدا سەربەخۆیی دارایی و لە سێیەمیشدا سەربەخۆیی ئەندامی ئەم دەستانە دەخەینە روو، بەم شێوەیە:

**لقی یەکەم: سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان:**

بۆ ئەوەی دەستە سەربەخۆکان گرەنتیەکی تەواویان هەبێت لە ڕووی یاسایی‌و سیاسیەوە، دەبێت پەیڕەوێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت‌و کۆمەڵێك ڕێسا لەخۆ بگرێت‌و لەڕووی چۆنیەتی ڕێکخستن‌و کارکردنی دەسەڵاتی کارگێڕییەوە گرنگیەکی زۆریان پێ بدرێت. دەسەڵاتی کارگێڕی گرەنتیەکی باش دەبەخشێت بە دەستە سەربەخۆکان کاتێك لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دەستەوە پەسەند بکرێت‌و دەسەڵاتەکانی دیکە دەست وەرنەدەنە کاروباریان. سەربەخۆیی کارگێڕی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە توانای کارگێڕی سەربەخۆو دەسەڵاتی بڕیاردانی سەربەخۆی هەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دەزگاکانی دەسەڵاتەوە هەبێت، هەروەها ئازادی تەواویان هەبێت لەپێناسەکردنی هەموو بوارەکانی کارگێڕیدا، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە تاکڕەوانە بڕیار بدات لە کارەکانیدا بەبێ گەڕانەوە بۆ چاودێری بەڵکو لەژێر چاودێری دەستەی ناوەندیدا دەبێت، بۆیە دەسەڵاتی کارگێڕی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەم دەستانە لەڕویی یاسایی‌و سیاسیەوە.

سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان ناکۆکیەکی زۆر هەبووە لەنێوان یاساناساندا، ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکاری وەکو دامەزراوەکان‌و دەسەڵاتە گشتیەکانی دیکەوە. لێرەوە سەربەخۆیی کارگێڕی واتە ئەو دەستانە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆن‌و سەر بەهیچ دەسەڵات‌و دەستەیەکی دیکە نەبن‌و بتوانن بەدەر لە کاریگەری دەسەڵاتەکانی دیکە بۆخۆیان بڕیار دەربکەن‌و نابێت لایەنی چاودێر لەسەریان دەستوەردان لە کارەکانیان بکات‌و بەهیچ شێوازێك لەشێوازەکان کاریگەریی لەسەریان نەبێت **(أبا خيل، يوسف، 2011، ص1)**. کەواتە دەبێت گەرەنتیەکی تەواویان هەبێت لە ڕووی کارگێڕییەوەو دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە دەستی دەستە سەربەخۆکان بێت بەتەواوەتی‌و بەبێ دەستوەردانی بێ پاساو لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی دیکەوە، چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان بە دەسەڵاتەکانی دیکە بەکردەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئەم دەستانەو کاریگەری لەسەر سەربەخۆییان دەبێت لەڕووی واتایی‌و ڕاستییەوە **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص10)**. سەربەخۆیی کارگێڕی پەیوەستە بە سەربەخۆیی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکانەوە بە پێدانی پارێزبەندی گونجاو بۆیان، هەروەها چێژوەرگرتن لەو سەربەخۆییە بە ئازادی لە بەجێگەیاندنی ئەرکە کارگێڕیەکانیان‌و بوونی میکانیزمی کاریگەر بۆ بەدواداچوون لە ڕاسپاردەکانی ئەم دەستانەو ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەبێ دەستێوەردان، بەڵام لەوانەیە دەستەی چاودێری دارایی سنوردار نەبێت لەئاشکراکردنی ئەنجامی کارەکاندا، سەربەخۆیی دارایی کاریگەری هەیە لەسەر گەرەنتی بوونی سەربەخۆیی کارگێڕی ئەم دەستانە **(نعيم، علي عبدالعباس، 2016، ص٢٧)**. لە بنەماکانی پێکهاتەی سەربەخۆیی کارگێڕی ئەوەیە کە توانای دارشتنەوەی سیستەمی ناوخۆییان هەبێت، بەمەش ڕەنگدانەوەی توانای هەڵبژاردنی ئەو بنەمایانەی دەبێت کە کارەکانی خۆی پێ ڕێك دەخاتەوە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەو ئازادی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی‌و دیاریکردنی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیدا، ئەمەش لە لایەن یاسا تایبەتەکانی دەستە سەربەخۆکانەوە دانراوە، هەروەك لە فەرەنسا ئەو دەقەی کە دەرچووە لە(26تەموزی1989) کە تایبەت بوو بە

ڕێکخستنەوەی کاروباری ئەنجومەنی باڵای بینین‌و بیستنەوە **(غیدا، اسماعیل صعصان و علي، صادق محمد، 2016، ص259)**. بەڵام لە عێراقدا یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت: "ئەنجومەنی کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سیستەمێکی ناوخۆیی..." **(قانون مفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم 11 ،2007، البند السادس، المادة 9)**. سەبارەت بەسزادانیش، لەیاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە: "جگە لەسەرۆکی دەستە کەس بۆی نییە لە ڕووی کارگێڕییەوە سزای فەرمانبەرانی بدات‌و ناشبێت بەهۆی کردارێکەوە کە پەیوەندی بە وەزیفەکەیانەوە هەبێت، گل بدرێنەوە یان دەستبەسەر بکرێن، تەنیا لەپاش وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆکی دەستە، بە دەر لە حاڵەتی کەتن یان تاوانی بینراو" **(یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە 3 ،2011، ماددەی22)**.

هەروەها ئەم سەربەخۆییە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵێك دەستەبەری وەك ڕێسا لە دەستوری وڵاتدا جێگیر کرابن بەشێوەیەك هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نەتوانێت دەستوەردان بکەن لە کاروباری ئەم دەستانەدا چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی دەستە سەربەخۆکان بۆ دەسەڵاتەکانی دیکە بە کەمکردنەوە لە دەسەڵاتەکانی دەستە سەربەخۆکان دادەنرێت. وە پێویستە دەستەکان ئازاد بن لە دانانی پەیڕەوی تایبەت بەخۆیان‌و دانانی سیستەمێك بۆ فەرمانبەرانیان‌و دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێ کردن‌و دادوەری گرنگیەکی زۆر بدەن بەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن ئەم دەستانەوە بەرز دەکرێنەوە بۆ لایان، سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ناکرێت ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن ئەم دەستانەوە دەردەچن لە لایەن دەسەڵاتە باڵاکانەوە هەڵبوەشێنرێنەوە تەنها لە چەند کاتێکی دیاریکراوی بەرتەسکدا نەبێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و دادوەری دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکارنەهێنن، بەڵکو دەکرێت لە کاتی دەرکردنی بڕیاری نادروستی ئەم دەستانەدا تانە لەو بڕیارانەیان بدرێت کە دەرفەتی تانە لێدانیان هەیە **(رسول، جواس حسن، 2019، ص1064)**. نموونەی ئەم دەستانەش لە دەوڵەتە یاساییەکاندا وەکو دەستەی دەستپاکی‌و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق‌و دەستەی باڵای سەربەخۆی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی جەزائیر. هەروەکو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق خاوەنی کەسایەتییەکی واتایی‌و سەربەخۆیی دارایی‌و کارگێڕییەو ملکەچە بۆچاودێڕی ئەنجومەنی نوێنەران **(قانون مفوضة العليا المستقلة للأنتخابات،رقم 31، 2019، المادة 1)**. وە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەبێت سەربەخۆ بێت لە ڕووی دارایی‌و کارگێڕیەوەو پەیوەست دەبێت بەپەرلەمانەوەو لە بەردەمیدا بەرپرس دەبێت **(یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە 4 ،2010، بڕگەی یەکەم، ماددەی2)**. هەروەها دەستەی دەستپاکی دەستەیەکی سەربەخۆیەو لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندایەو خاوەنی کەسایەتیەکی واتایی‌و سەربەخۆیی کارگێڕیی‌و داراییە، کە هەڵدەستێت بەڕێگیریکردن‌و نەهێشتنی گەندەڵی‌و پێشنیارکردنی یاسای پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی‌و پشتبەستن بە شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا **(قانون هيئة النزاهة، رقم ٣٠، 2011، المادة 2و3)**.

لێرەشەوە بە بۆچوونی ئێمە سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان جیاوازە لەو سەربەخۆیەی لەدەزگا گشتیەکاندا هەیە. زامنکردنی سەربەخۆیی کارگێڕی بە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی ئەم دەستانە لە جێبەجێکردن‌و بەرەو پێشچوونی کارەکانی، بۆ گرەنتیکردنی سەربەخۆیی ئەم دەستانە، دەبێت لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆبن‌و لە ڕووی سیاسیشەوە پێویستە سەرکردە سیاسیە باڵاکانی وڵات‌و حیزبە سیاسیەکان دەستوەرنەدەنە کاروباریان‌و بتوانن کاروباری کارگێڕی خۆیان بەڕێوەببەن بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی سیاسی، بەمەش دەتوانرێت گرەنتی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکرێت.

**لقی دووەم: سەربەخۆیی دارایی دەستە سەربەخۆکان:**

سەبارەت بە سەربەخۆیی دارایی چەندین پێناسە هەیە کە لەلایەن بیرمەندانەوە خراونەتەڕوو، مەبەست لەسەربەخۆیی دارایی ئەوەیە: "ئەم دەستە سەربەخۆیانە توانای بەدەستهێنانی سەرچاوەی داراییان هەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان ئەویش لە ڕێی ئەو دەسەڵاتە داراییەی کە پێیان بەخشراوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو نەك ڕووکەش" **(جمعة، ماهر، 2019، ص35)**. هەروەها بریتییە لە: "دانپێدانانی دامەزراوە گشتیەکان لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی‌و داراییەوە یان دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستە بۆیان، دەبێت ئەم دەستانە بودجەو ژمێریاری تایبەت بەخۆیان هەبێت، هەر بۆیە زۆرجار ئەم بودجەیە سەربەخۆیە کە دەستەکە ئەو زیادەیەی کە دەمێنێتەوە دەیهێڵێتەوەو دەیپارێزێت، هەروەها سەربەخۆیی دارایی وا دەخوازێت بودجەی ئەم دامەزراوە گشتیانە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان دراوە وەك بڕگەیەکی سەربەخۆ لەبودجەی گشتی دەوڵەتدا پیشان بدرێت" **(المصدر نفسه، ص ص37-38)** . سەربەخۆیی دارایی گرنگترین دیاردەی سەربەخۆییە کەدەستەکان دەتوانن ئەم سەربەخۆیەیان هەبێت هەرچەندە بەشێکیش نەبن لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن. وە هۆکاریکە بۆ ئازادی کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە بۆیان دروست دەبێت لە کاتی جێبەجێکردندا، لەبەر ئەوە زۆرترین پەستان لە سەر ئەم دەستانە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دروست دەبێت بەهۆی پەسەند نەکردنی بەشێك لە دەرخستە دارایەکانیان **(العجرش، فارس حامد عبالکریم (2008)، ص492)**. ئەگەر لەدەستە سەربەخۆکاندا دەستەی ڕێکخەر نەیتوانی داهات دابین بکات بۆ داپۆشینی تێچوونی کارگێڕی خۆیان، ئەوا ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن‌و ناچار دەبن سەرچاوە داراییەکانیان لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە هاوکاری ئەم دەستانە دەکەن دابین بکەن، بەمەش پشتدەبەستن بە دارایی ئەوان‌و لە بەرامبەردا بە پێی خواست‌و بۆچوونەکانیان کاردەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی مەیلی جیاکاری لە بڕیاردان‌و ناتوانرێت هیچ هاوسەنگییەك‌و گەشبینیەك بەرامبەر بە بێلایەنی ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن دەستەی ڕێکخەرەوە دەرکراون بەدی بکرێت **(New Zealand productivity Commission، 2014، pp. 215-222)** . لە لایەکی دیکەوە ئەم دەستانە سەرچاوە داراییەکانیان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەوڵەتەوە یان لەڕێگەی ئەو داهاتەی کە لە لایەن بازاڕەوە دەستیان دەکەوێت یاخود بە هەردوو ڕێگاکە دابین دەکەن، ئەگەر دەستەی ڕێکخەر لە ژێر باری دەوڵەتدا بێت یان بە تەواوەتی دەوڵەت خاوەنی بێت‌و لە پێکهاتەکانی دەوڵەتدا بێت، ڕاستەوخۆ خەرجەکانی خۆی لێ وەردەگرێت‌و لە ئەنجامدا ئەم دەستەیە بە تەواوەتی پشت بە دەوڵەت دەبەستێت، لە هەندێك وڵاتدا دەستە سەربەخۆکان سەرچاوەی داراییان دابین دەکەن لە بودجەی پەسەند کراوی ساڵانەی پەرلەمان **(Ibid، PP.217-222 )** .

بە بۆچوونی ئێمە سەربەخۆیی دارایی دیارترین‌و گرنگترین سیماکانی دەستە سەربەخۆکانە، چونکە بەبێ ئەم سەربەخۆییە ناتوانرێت باس لە بوونی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکرێت، نەبوونی سەربەخۆیی دارایش کاریگەری هەیە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم دەستانەو پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی باڵا دەبێت.

کەواتە ئەم دەستانە بەوە جیادەکرێتەوە لە دامەزراوەکانی دیکە کە خاوەنی

بودجەیەکی سەربەخۆن، لە کاتێکدا زۆربەی دامەزراوەکانی دیکە خاوەنی ئەو بودجە سەربەخۆییە نیین، هەروەها ئەم دەستانە سەرمایەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت، کە تیایدا سامانو دارایەکەیان بە بودجەی گشتی دەوڵەتەوە لکێنراوە **(راضي، مازن ليلو، 2011، ص144)**. هەر بۆیە جۆرج فیداڵ (vedal) یاساناسی فەڕەنسی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێت: "سەربەخۆیی دەزگا گشتیەکان کە بەشێکی زۆری لە بودجەو داهاتەکانیەوە لە ڕێی دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەبێت، هەر ئەمەش سەربەخۆیەکە دەکاتە بابەتێکی شێوەیی نەك کرداری، بە دەربڕینێکی دیکە ئەم سەربەخۆیە تەنها لە ڕووی یاساوەیە نەك لە ڕووی کرداریو بەرجەستەکردندا" **(نقلا عن: غيدان، اسماعيل صعصان و علي، صادق محمد، 2016، ص258)**. لە دەوڵەتە یاساییەکاندا، سەربەخۆیی دارایی ڕێگە بەم دەستانە دەدات کە بۆ خۆیان بودجەی خۆیان ئامادە بکەنو ڕاستەوخۆ لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا بیگونجێنن بە بێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو لایەنەکانی چاودێری لە سەر ئەم دەستانە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان پێداویستیەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن دوور لە لایەنەکانی دەرەوە **(أباخيل، يوسف، 2011، ص10)**. نموونەی ئەم سەربەخۆییە لە وڵاتاندا، وەکو سەربەخۆیی دارایی لە تونس کە بۆ ناوەندەکانی دەسەڵاتی داراییو ئابووریو ڕاگەیاندنو دەستەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو دەستەی گەشەپێدانو بەرەو پێشبردنو مافی نەوەکانی داهاتوو و دەستەی ڕێکخستنەوەی بەشەکانی بینینو بیستن ئەمانە هەموویان سەربەخۆنو ناکەونە ژێر هیچ کاریگەریەکی (لۆبیەکانەوە) لە دارایی گشتیدا، چونکە دەستە سەربەخۆکان نابێت لە ژێر کاریگەریو چاودێری دارایی هیچ لایەنێکدا بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن کە بۆ پاراستنو بەرەو پێشچوونی دیموکراسیەت پێویستن، چونکە بابەتی سەربەخۆیی پێویستە پەیوەندی بە بوونو چالاکی دەستە سەربەخۆکانەوە هەبێت **(صرصار، محمد شفيق، 2018، ص61)**. وە لە ڕێکخستنی دەستوری تونسدا ئاماژە کراوە بەوەی کە دەستە سەربەخۆکان بنەمای دامەزرازەی یاساییان هەیەو کەسایەتی واتاییو سەربەخۆی دارایان هەیە کە بەپێی دەقی یاساییو دەستوری پێیان بەخشراوەو توانای سەرپەرشتیاری خزمەتگوزاریە دیاریکراوەکانیان هەیە کەهەنێکجار لەلایەن کەسایەتیە سەربەخۆکانەوە یان پسپۆڕیو لێهاتووەکانەوە جێبەجێ دەکرێت **(غريب، هادية،بدون سنة، ص5)**. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بودجەی کۆمسیۆنی ڕێکخەری ووزەی فیدراڵی (FERC) لە لایەن ئەنجومەنی بیرانەوە پەسەند دەکرێتو بەشێکی دیکەی سەرمایەی دەستەکان لە ڕێگای تێچووی ساڵانەوە بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی ئەو قەوارانە بەدەست دێت کە لە بازاڕە ڕێکخراوەکاندا کار دەکەن، هەروەها دەستەی ڕێکخستنی کەرتی نەوت حکومینو لە ئەنجامدا کۆمەکی حکومەت بەکاردەهێنن، دەستە سەربەخۆکانو دەزگا ڕێکخەرەکانی دیکەی ووزەی ئەمریکا لە ڕێگای بودجەی دەوڵەتەوە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت **(أمين زادة، الهام و مقيمي، ليلى، 1396، ص361)**. هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا دستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانکراوی دەبێت **(یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە 3، 2011، ماددەکانی 1و21)**. وە لە عێراقدا لە ڕووی یاسایشەوە ئەم دەستانە سەربەخۆیی داراییو کارگێڕی تەواویان هەیەو خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیانن **(قانون المفوضية العليا لحقوق الانسان، رقم (53)، 2008، البند أولاً، المادة 2، أيضا قانون مجلس الخدمة العامة الاتحادية، رقم (4)، 2009، المادة 2)**. لە ڕووی ڕێکخستنی دەستورییەوە لەم وڵاتەدا دەستەیەکی گشتی لە شارەزایان بە یاسا دادەمەزرێت بۆ چاودێریو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵیو دڵنیابوون بۆ باشترین شێوەی بەکارهێنانی دەرامەتی داراییو دابەشکردنی بە دادپەروەرانە بە پێی یاساو دوور لە دەستێوەردانی سیاسی لە لایەن دەسەڵاتو لایەنەکانی دیکەوە **(برادۆست، کەریم بەحری، 2006، ل ل93-94)**. بەڵام لە وڵاتی ئێراندا، لەگەڵ پشتبەستنێکی تەواو بە دەستەی ڕێکخەری بازاڕی کارەبای ئێران بۆ وەزارەتی وزە، ئەو سەرچاوە دارایانەی کە پێویستی پێیەتی لە ڕێگەی بودجەی دەوڵەتەوە دابین دەکرێن. بەپێی ماڵپەڕی کۆمپانیای بەڕێوەبردنی تۆڕی کارەبای ئێران، هەموو پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە لە لایەن خودی کۆمپانیاکەوە خاوەندارێتی دەکرێتو لە ڕووی داراییەوە بە تەواوەتی سەربەخۆن. هەروەکو لە یاساکەیدا هاتووە کە: "کۆمپانیاکە کەسایەتییەکی یاساییو سەربەخۆی هەیەو وەك کۆمپانیایەکی هاوبەشی (تایبەتمەند) کاری پێدەکرێت، کۆمپانیاکە لە هەموو ساتێکدا سەربەخۆیی دارایی هەیەو بەپێی بڕگەکانی یاسا کاردەکات" **(اساسنامه شرکت سهامی مدیریت شبکه برق ایران، شماره32164/ت30572ه،30/6/1383، فصل أول، ماده 4)**.

به بۆچوونی ئێمە کاری دەستە سەربەخۆکان کاتێك ڕوونو شەفاف دەبێت کە دارایی سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت دوور لە دەستێوەردانو بڕیاردانو فشار خستنەسەریان، ئەگەر هاتوو لەڕووی داراییەوە ئازاد نەبوون لە هەڵسوکەوتەکانیانداو لە لایەنێکی دیکەی دەسەڵاتەوە بودجەو داراییان بۆ دابینکرا، ئەوا لە ڕووی سیاسیەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو لایەنە یان ئەو دەسەڵاتو پارتانەوەو بە پێی خواستو ویستی ئەوان کاردەکەن، بەمەش سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەنو دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، بۆیە باشتر وایە ئەم دەستانە خاوەنی بڕیاری خۆیان بن لە ڕووی داراییەوەو بڕیاری ئامادەکردنو دانانی بەرنامەکانیان بەپێی توانای دارایی ئەو بودجەیە بێت کە پێویستیانە لەکاتی جێبەجێکردندا، تاوەکو بتوانن گرەنتیەکی تەواو بەدەست بهێنن لە سەربەخۆیی داراییاندا، بەمەش لە ڕووی سیاسیو یاساییەوە سەربەخۆ دەبنو ناکەونە ژێر چاودێریو دەسەڵاتی هیچ هێزو دەسەڵاتێکەوە. واتە دەبێت سنوری گەرەنتی سەربەخۆی دارایی ئەم دەستانە زیاد بکرێتو خاوەنی سەربەخۆیی کردارین.

**لقی سێیەم: سەربەخۆیی ئەندامی دەستە سەربەخۆکان:**

لەگەڵ گرەنتی بوونی سەربەخۆیی داراییو کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان، بۆ سەرکەوتن لە کارو ئەرکەکانیاندا پێویستە سەربەخۆیی ئەندامیشیان هەبێت، سەربەخۆیی ئەندامی ملکەچ بوونو پابەند بوونی دەستە سەربەخۆکان دەگرێتەوە لەڕووی پێکهاتنیانەوە بۆ کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراو کە مەبەستیان بەرز ڕاگرتنو چەسپاندنی سەربەخۆیی ئەم دەستانەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەربۆیە بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆییە لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە، پێویستیان بەدەزگایەکی ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە، بەم شێوەیە ئەم دەستانە پێویستیان بەپاراستنی سەربەخۆیی خۆیانە بەرامبەر بەدەسەڵاتی سیاسی، هەروەها خۆیان بۆیان هەیە بڕیار بدەن لەسەر دامەزراندنی فەرمانبەرانی خۆیان **(سيف الهنائي، سليمان بن محمد، 2018، ص99)**. بۆیە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەم ڕوانگەیەوە خۆی لەچەند پێوەرێك دەبینێتەوە لەوانە: چۆنیەتی دروست بوونو پێکهێنانی ئەم دەستانە، شێوازی دامەزراندنی ئەندامەکانیان، ئاستو ئەندازەی دەسەڵاتی سیاسیان لەوڵات بۆ لابردنو نوێکردنەوەی ئەندامێتی فەرمانبەرانی ئەم دەستانە، هەروەها دەستەبەرکردنی جێبەجێ کردنی سەرجەم ڕێساو یاساکانی پەیوەست بەکاری فەرمانبەرێتیو گەرەنتیکردنی شێوازی دانانی سەرۆکی دەستە یان فەرمانبەرانی و پێشخستنو گواستنەوەو کۆتایی هێنان بەخزمەتەکانیان. وە پابەندبوون بە چوارچێوە دەستوریو یاساییەکانو هەر دۆخێکی دیکە کەپەیوەندی بەبێلایەنی ئازادیو پابەندبوونی ئەم دەستانەوە هەبێت لەئەنجامدانی ئەرکی چاودێری خۆیانو بابەتیو

سەربەخۆیی ئەم دەستانە **(رسول، جواس حسن، 2019، ص1064، أيضا أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص21)**. کەواتە پشت بە سیستەمێکی ناوخۆیی دەبەستێت بۆ دەستەکەی لەکاروباری فەرمانبەران و ئەو کەسانەی کە پەیوەنیان پێیانەوە هەیە. لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە ژمارەی ئەو لایەنانەی کە هاوکارن لە دامەزراندن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەستەکانداو لەدامەزراندنیاندا شێوازێکی شکلی وەرگرتووەو ئەمیش شێوازێکی فەرمی وەرگرتووە پێشتر **(أمير، عبو سعدي، 2018-2019، ص33)**. لەڕێکخستنی دەستوری و یاسایی دەوڵەتە یاساییەکاندا، دامەزراندن و دانانی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان، بەهەمان شێوازو میکانیزم نییە، بەڵکو لەدەستەیەکەوە بۆ دەستەیەکی دیکە دەگۆڕێت. هەروەکو لەهەندکیاندا دەکرێت دیاردەکانی سەربەخۆیی وێنا بکەین لەڕووی ئەندامییەوە بەڕێکخستنی یاسایی بۆ دامەزراندن و لادان و دیاریکردنی ماوەی کارکردنی سەرۆک و ئەندامانی باڵای دەستەکە پاشان لەبەخشینی سەربەخۆیی دارایی و ئابووری پێیان لەڕووی وەزیفییەوە، لەبەرامبەردا ملکەچبوون بۆ چاودێری و لێپرسینەوە چ وەك بەرپرسانی دەستە چ وەك کارو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. هەرچەندە ئەم بابەتانە لەڕووی یاساییەوە بەیەك شێوە هەنگاوی بۆ نەنراوە، هەر لەپاڵاوتن و دیاریکردنی سەرۆك و ئەندامانی باڵای بەڕێوەبردنی دەستەکان لەنێوان دەسەڵاتەکان لایەنی دیاریکارو دامەزرێنەریان جیاوازە بەجۆرێك هەندێکیان پاڵاوتن و پەسەندکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەوە بەدیاریکراوی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاریکراوە وەك دەستەی دەستپاکی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دیوانی چاودێری دارایی لەعێراق **(حسن، سۆران على،2021، ل ل325-326)**. هەروەکو لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژرادنەکاندا هاتووە کە ئەنجومەنی کۆمسیۆن لە (9) ئەندام پێکهاتووە، بەشێوەیەك کە(5) دادوەر لەکۆی پاڵێوراوەکان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری باڵاوە دادەنرێت بەتیروپشکی ڕاستەوخۆبەئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان **(قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، رقم 31، 2019، المادة 3)**. بۆ دیاریکردنی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لەیاساکەیدا هاتووە کە ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەکی (9) کەسی لەلیژنەی دەستپاکی پێکدەهێنێت بۆ دیاریکردنی (3) کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆن، کە ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی یەکێك لە کاندیدەکان پەسەند دەکات. لەهەمان کاتدا سەرۆکی دەستەکە دوو جێگری هەیە بە پلەی بریکاری وەزیر کە بەهەمان شێوەی سەرۆکی دەستەو بەهەمان مەرج، جێگری یەکەمی دەبێت هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لەیاساداو جێگری دووەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەبواری پەروەردە یان ڕاگەیاندا هەبێت **(قانون هيئة النزاهة، رقم 30، 2011، المادة 4و8)**. بەڵام لە فەڕەنسادا سەربەخۆیی ئەندامی دەستە سەربەخۆکان شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، هەروەکو لە دەستەی ڕێکخەری کارەبایدا، کۆمسیۆنی چاودێری و کۆنترۆڵی ووزە لە (5) ئەندام پێکهێنراوە، سەرۆکی کۆمسیۆنەکە لەگەڵ (2) ئەندامی دیکە بۆ ماوەی (6) ساڵ بەڕاوێژ لەگەڵ مەرسومی سەرۆك کۆمارو بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەکانی وزەی پەرلەمان دیاریدەکرێت، (2) ئەندامی دیکە بۆ ماوەی (4) ساڵ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانەوە دەستنیشان دەکرێت. وە ئەندامانی دەستەی کۆمسیۆن ناچارن بەتەواوی لەکۆمسیۆندا خزمەت بکەن، ناکرێت ئەندامانی کۆمسیۆن لەماوەی (6) ساڵی کارو چالاکیەکانیدا لەکار دووربخرێنەوە، تەنیا لەبارودۆخەکانی وەك خانەنشینی کەم ئەندامی و هەڵەی گەورە لەجێبەجێکردندا نەبێت و لەکاتی سەرپێچیکردن و سازش نەکردنی ئەو ئەندامە ناچار بکرێت. بڕیاری خانەنشینی دوای ڕاوێژی وەزیری ووزە لەگەڵ کۆمسیار بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی ووزە واژۆ دەکرێت **(مقيمي، ليلى وخاني، مهدي فرهاد، 1395، ص4)**. کەواتە یەکێکی دیکە لە پێداویستیە سەرەکییەکانی سەربەخۆیی ئەم دەستانە، سەربەخۆیی ئەندامانی دەستەکەیە لەحکومەت و ئەندامانی دامەزراوەو دەسەڵاتەکانی دیکە. پێویستە بۆ دیاریکردن و دانانی ئەندامانی ئەم دەستانە پشت بە شارەزایی و لێهاتوویی ئەندامان ببەسترێت و بەپێی یاسا کاریان بۆ بکرێت. وە دەکرێت ئەندامان بۆ یەك خول یان زیاتر لەیەك خولی یەك لەدوای یەك هەڵبژێردرێن، بێگومان ئەگەر دیاریکردن و دانانی سەرۆك و ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان لەلایەن دامەزراوەو پارتە سیاسییەکانەوە بێت بەشێوەی پشکپشکێنە، ئەوا ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی ئەندامانی دەستەکە دەبێت، بەمەش بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەکاریان دێنێت و سەربەخۆیی ئەندامانی دەستەکە لەناو دەبات بەهۆی دەستێوەردانەوە **( New Zealand productivity Commission، 2014، pp. 215-222 )**. لە ڕێکخستنی یاسایی دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا تیشك خراوەتە سەر چەند بابەتێك لەوانە ڕێکارەکانی دامەزراندن و دیاریکردن و لێخۆشبوونی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان، بۆ نموونە بە پێی یاسای دەستەی دەستپاکی سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر دادەنرێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ماوەی (5) ساڵ" **(قانون رقم 30، 2019، التعديل الأول لقانون هيئة النزاهة، رقم 30، 2011، المادة 4)**. سەبارەت بەم سەربەخۆیەش لە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقدا بەم جۆرە جەختی لەسەر کراوەتەوە: "مەبەست لەو سەربەخۆیەی کە لە بەندی (١٠٢) ی دەستووردا هاتووە ئەوەیە کە فەرمانبەرانی دەستەی دەستپاکی، سەربەخۆن لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لە یاسای دەستەکەدا هاتووەو جگە لە یاسا کەس سەروەر نییە لە سەریان لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەو هیچ لایەنێك بۆی نییە دەستوەردان یان کاریگەریی هەبێت لە سەر دەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەڵام دەستە ملکەچە بۆ چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیداو ئەگەر سنووری بەزاند یان سەرپێچیی کرد، ئەوا تەنیا ئەنجومەن دەتوانیت لێی بپێچێتەوەو ڕێکاری پێویست لەم بارەیەوە بگرێتە بەر، بەڵام لە ڕووی پەیوەندیی دەستەوە، ئەوا دەستوور هیج لایەنێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەم پەیوەندیەو ئەمیش واتای ئەوەیە کە دەستە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات بە گوێرەی یاساکەی و لەم بارەیەوە هاوشانی بانکی ناوەندییە کە خاوەنی سەربەخۆییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە بێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی دیکە" **(قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد 228/ت/2006، 2006)**.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە گەڵ بوونی سەربەخۆیی ئەندامی لەم دەستانەدا، بەڵام ئەم سەربەخۆییە ڕێژەییە نەك ڕەهایی، ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان ناتوانن بە تەواوەتی ئامانجە خواستراوەکانی ئەم دەستانە بەدیبێنن. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی ئێمە لە زۆربەی دەوڵەتە یاساییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی دۆخی سیاسی و ناکۆکی ناوخۆیی و سیستەمی سیاسی و حکومڕانی وڵاتانەوە، نەتوانراوە سەربەخۆیی ئەم دەستانە بپارێزرێت و دەستێوەردان کراوە لەکاروباریاندا، هەروەکو لە عێراقدا لە ڕووی دەستورییەوە دەستەکان سەربەخۆن، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە هەوڵ هەبووە بۆ جڵەوکردنی ئەم دەستانە، بە تایبەتی لە سەردەمی حکومڕانی (نوری مالیکی)، تەنانەت لەو سەردەمەدا دەستێوەردانی دەکرد لە دامەزراندنی کارمەندانی ئەو دەستانە، بە تایبەتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان.

## داخوازی دووەم

## سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان و هۆکارەکانی پێکهێنانیان

لە گەڵ ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی کە یاسادانەری دەستوری گەرەنتی‌و مانەوەی دەستە سەربەخۆکانیان لە پێگەی ئەم دەستانەدا دەبینییەوە لە ڕووی سەربەخۆییەوە. لە هەمان کاتدا دیاری کردنی سروشتی یاسایی ئەم دەستانە هەنگاوێکی گرنگی لە ڕێکخستنی دەستوری‌و یاساییدا تۆمار کردووە. بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر سروشتی یاسایی‌و هۆکارەکانی پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان:

زانایانی یاسایی دەربارەی دیاریکردنی سروشتی دەستە سەربەخۆکان چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان پێیان وایە، کە ئەم دەستانە خاوەن سروشتێکی کارگێڕین، بەڵام بۆچوونێکی دیکە دەڵێت ئەم دەستانە خاوەن سروشتێکی دەستوورین، هەر بۆیە دەستور گەرەنتی چارەسەرکردنی یاساکانی کردووە لەناو دەقی دەستوردا. ئەمەش وای کردووە کە بڵێین ئەم دەستانە کۆمەڵێك دامەزراوەن کە بەپێی دەقی دەستوور دامەزراون‌و پشتی پێ دەبەستن **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص6)**. هە ربۆیە لێرەدا سروشتی دەستە سەربەخۆکان ڕوون دەکەینەوە بەسێ خاڵ، ئەوانیش دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتی کارگێڕی‌و دەستە سەربەخۆکان وەکو دەسەڵاتی چوارەم‌و ئەم دەستانە وەکو خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەری، بەپێی بۆچوونی یاساناسان‌و توێژەران بەم شێوەیە:

### یەکەم: دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کارگێڕین:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بۆ نموونە (یاسر باسم زنون السبعاوي وهشام جميل كمال أرحيم) پێیان وایە کە دەستە سەربەخۆکان دەستەیەکی کارگێڕی سەربەخۆن نەك دەستوری چونکە دەزگاکانی دەستوری خۆیان لە سێ دەستەڵاتە گشتییەکە دەبیننەوە، بەڵام ئەم دەستانە ئامانجیان چارەسەرکردن‌و چاودێری کردنی بارودۆخێکە لە دەوڵەت بۆ پارێزگاری کردن لەماف‌و ئازادییەکان‌و دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرو نوێکان لە ڕێگەی دامودەزگا کارگێڕییە کلاسیکیەکان ناتوانرێت بە تەواوی دەستەبەر بکرێن لەبەر ئەوەی دامودەزگا کارگێڕیەکان دەسەڵاتەکانیان بەشێوەیەکە کە هەڵقوڵاوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە لایەکی دیکەوە ئەم دەستانە ئامڕازێکی پەیوەندی سەرەکین لە نێوان دەسەڵاتی جێبەحێکردن‌و هاوڵاتی لە ڕێگەی هێنانەکایەی جۆرێك لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم دەستانە بە تەواوکەری دامودەزگاکانی دەوڵەت دادەنرێن‌و جیاکراونین لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەت‌و ئامانجیان هەمان ئەو ئامانجەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێردن هەیەتی **(السبعاوي، ياسر باسم زنون، 2016، ص218)**. لە گەڵ ئەوەی کە ئەزموونی هونەری‌و تایبەتمەندیە بە دەست هاتووە دیاریکراوەکان بۆ داخوازیە سروشتیەکان‌و ڕاسپاردەی لایەنە جیاوازەکانی کاری دەوڵەت‌و خزمەتگوزاریە گشتییەکان دەیخوازێت، ئەتوانین بڵێین ئەم دەستە سەربەخۆو دەسەڵاتە سەربەخۆیانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان بە پێی بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی یان ئاینی بەپێی بۆچوونی یاساناسان‌و داخوازیەکانی دەوڵەتە نوێیەکان، ئەم دەستانە تەنها جۆرێکی نوێن کەتایبەتمەندی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەیخوایێت، بۆیە ناتوانن بە کارەکانیان هەستن بە سەربەخۆیانەو بەبێ کارکردن لە گەڵ حکومەتدا، هەروەکو ئامانجە سیاسیەکانی حکومەتیان پێ جێبەجێ ناکرێت لە گەڵ ئەوەی توانا‌و تایبەتمەندی هەندێك دەسەڵاتی دیکەیان هەیە، ڕێگەی گەرەنتی‌و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ سەرۆکی ئەم دەستانەو تاکڕەوی کردنی لە دانانی بنەماکانی ڕێکخستنی دەسەڵات‌و ئەوانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد لەم بۆچوونانە دەبینین کە دەسەڵاتە سەربەخۆیەکان خاوەنی سروشتێکی کارگێڕین‌و پابەندن بە دەستە ئاسایەکانی دەوڵەتەوە هەروەك دەتوانن سەربەخۆیەکی تایبەتیان هەبێت لەو ئەرکە تایبەتیەی کە پێیان سپێردراوە بۆ خزمەتی دەوڵەت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر چاودێری چاودێری دادوەریدان ئەم سیستەمە لە فەڕەنسا کاری پێکراوە لە ژێر ناونیشانی دەسەڵاتە سەربەخۆکانی خاوەن سروشتە کارگێڕیەکان **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص34)**. هەروەها لە عێراقدا ناتوانین ناوی دەسەڵاتی گشتی بنێین لە دەستە سەربەخۆکان وەك بنەمایەکی بنەڕەتی کە بتوانێت فەرمانڕەوایی دەستەکان بکات‌و نوێنەرایەتی دەزگایەکی فەرمی سەربەخۆو جیاواز بێت لە دەسەڵاتەکانی دیکە، هەر بۆیە سەربەخۆیی تەواو بەم دەستانە ئەوە ناگەیەنێت کە توانای مانەوەیان هەبێت لە دەرەوەی سێ دەسەڵاتە کلاسیکییەکە، بۆیە هیچ ڕێگریەکی دەستوری نابینرێت لە مانەوەی پەیوەندی ئەم دەستانە بە هەر یەکێك لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان یان جێبەجێکردنەوە بە شێوەی هاوکاریکردن‌و پێکەوەبوون یان ملکەچ بوونی بۆ چاودێری ئەوان **(طالب، مصدق عادل، 2018، ص159)**. لە کاتێکدا لەڕێکخستنی دەستوری عێراق‌و بەپێی دەقە دەستورییەکان ئاماژەکردن بەسەربەخۆیی دارایی‌و کارگێڕی بۆ هەریەکێك لە بانکی ناوەندی‌و دیوانی چاودێری دارایی‌و دەستەی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندییەکان‌و وەقفە ئاینییەکان، ئەوەمان پیشان دەدات کە دەستەی کارگێڕین، ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە باس لە سەربەخۆیی کارگێڕییان نەدەکراو بەتایبەتی کارگێڕیش بەشێکە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، سەرەڕای بەستنەوەی هەندێك لەم دەستانە وەك دیوانی وەقفە ئاینییەکان‌و دەزگای شەهیدان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق 2005، ماددەکانی 103و 104)**. بەڵام لە سەر بنەمای سروشتی یاسایی کارکردنی ئەم دەستانە شێوازی دیکە هەیە، لە گەڵ ئەوەی کە دەستور ئەم دەستانەی بە سروشتی خۆیان وەك دەستەیەکی جێبەجێکار یان دادوەری یان چاودێری لە گەڵ ئەو دەقەی کە پەیوەندی بەم دەستانەوە هەیە سروشتێکی جێبەجێکاری بە ئەنجومەنی نوێنەران‌و پەیوەندی دەستەکە بە سروشتی دادوەرییەوە دەبەستێتەوە بە ئەنجومەنی نوێنەران‌و وەزارەتەوە وە پەیوەندی ئەو دەستانەی سروشتی چاودێریان هەیە بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی تێکەڵکردنی کاری ئەم دەستانەو سەرچاوەکانیان، هەر بۆیە بنەمای سەربەخۆیی درزێکی گەورە دروست دەکات ئەگەر دەستەیەك هەبێت سروشتی دادوەری هەبێت دەستەیەکیش هەبێت دەستەی دەستپاکی بێت، کە لێرەدا لێکۆڵەر توانای لێکۆڵینەوەی هەیەو دەبێتە بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە ئەگەر وابێت ئەم بنەمای سەربەخۆیە پێشێلکاری مافی دادگاکان دەکات، کە ئەمەش ڕاستییەکەی لە فەرمانی ژمارە 55ی ساڵی 2004 دیاریکراوە کە بە پێی ئەم بڕیارە دەستەی دەستپاکی دروستکراوە، هەروەها بنەمایەکە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان‌و بنەمایەکی سەربەخۆی دادوەریی زیادکراوە بۆ بانکی ناوەندی وەك دەزگایەك بۆ پارێزگاری کردنی تەواو لەداهاتە داراییەکانی دەوڵەت‌و دوورخستنەوەیان لە سەرپەرشتیکردن‌و دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن **(الموسوي، ناصر عمران، 2015)**.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جیاوازییە دروست بووە لەکاتێکدا دەستە سەربەخۆکان سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن ئەگەر وابەستە بن بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سروشتێکی دادوەری یان جێبەجێکاریان پێ بەخشراوە، جا بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە یەکلا

بکرێتەوە، وا باشترە یاسادانەران کاتێك کە دەقێك دادەنێن پەیوەندی بەم دەستانەوە هەبێت دەقێکی دەستوری دیکەش دابنێن بۆ هەر یەکێك لەم دەستانەو سەربەخۆیی تەواویان پێ ببەخشێت نەك هەموویان لە ژێر یەك دەقدا کۆ بکاتەوەو بیان بەستێتەوە بە یەك لایەنەوە بەبێ ڕەچاوکردنی دەسەڵاتەکانیان. وە هەرچەندە بەڕای هەندێك لەلایەنگرانی ئەم بۆچوونە، دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کارگێڕین، بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، بەبۆچوونی من ئەم دەستانە لەڕووی سروشتی یاساییەوە دەسەڵاتی کارگێڕی نین چونکە لە دەستوری بەرکاری عێراقدا باس لەم دەستانە کراوە وەك دەستەیەکی سەربەخۆو جیا لە دەسەڵاتە گشتییەکان، هەرچەندە هەندێك لەدروستییان تێدا بەدیدەکرێت، وەکو ئەوەی کە لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا باس لەسەربەخۆیی کارگێڕی هەندێك لەم دەستانە کراوە. لەکۆتاییدا پێویستە ئەم دەستانە خاوەنی گرەنتییەکی تەواو بن لەڕووی سروشتی یاساییەوەو لەڕووی سیاسیشەوە دەستێوەردان نەکرێت لەکاروباری کارگێڕییان.

**دووەم: دەستە سەربەخۆکان خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەرین:**

بەپێی تێڕوانینی هەندێك لە توێژەران و یاساناسانی ئەم بوارە بۆنموونە (علي عبدالعباس نعيم) لە شیکردنەوەی سروشتی دەستە سەربەخۆکانو ئەو تایبەتکاریانەی بۆیان دیاریکراوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دەستانە سروشتێکی دادوەری یاخود نیمچە دادوەرییان هەیە، ئەویش بەهۆی سروشتی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا، هەروەها ئەم دەستانە دەکرێت پلەی دادوەرییان هەبێتو بە دادوەری هەژماربکرێن بە پێی بەڵگەکانیانو ئەو دەسەڵاتانەی پێیان دراوە بۆ دەرکردنی بڕیار، وەکو لیژنەی بانکی لەفەرەنساو دەستەی دەستپاکی لە عێراقدا، هەروەها ئەو دەسەڵاتانەی کە کاریان پێ دەکرێت لە لایەن ئەم دەستانەوە هاوشێوەی دەسەڵاتی دادوەری کارپێکراون، وەکو لێکۆڵینەوەو سکاڵاو پشتبەستن بە پارێزەر لە سەر بنەمای ئاشکراو جۆرەکانی دیکە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص32)**. ئەم بۆچوونو تێڕوانینەش پشتگیری دەکرێت بە ڕاڤەکارییەکانی دەستوری لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە لە میانەی هەژمارکردنی وەکو بەشێك لە دەسەڵاتە پێکهێنەرەکانی پەیکەربەندی پێکهێنەری کۆماری عێراقی فیدراڵ نەك خودی دەستەکان دەسەڵاتێکی نوێ بەرجەستە بکەن وەکو لەمیانەی بڕیارێکی پەیوەندیدار بەو بابەتە ئاماژەی پێکردووە **(قرار محكمة اتحادية العليا، العدد 88/اتحادية/2010، 2011/1/18)**. نموونەی ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سروشتێکی نیمچە دادوەرییان هەیە، وەکو بانکی ناوەندی عێراقی کەدادگایەکی تایبەتمەند بەکاروباری بانکی هەیەو تەمیز بەرامبەر بە بڕیارو ڕێ وشوێنەکانی بانکی ناوەندی عێراق وەردەگرێت. دەستوریش باری سەربەخۆیی بەم دەستانە بەخشیوە تاوەکو کاروبارەکانیان بەبێ لایەنەو شەفافانە جێبەجێ بکەن. بەمەش پارێزگارییەکی گەورە لەم دەستانە دەکرێت تاوەکو سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەرییان هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ناتوانرێت دیوانی چاودێری دارایی بە دەسەڵاتی دادوەری تەواوو تایبەتمەند لە دەوڵەتەکانی ئەنگلۆساکسۆنی یان سیستەمی لاتینیدا دابنرێت **(نعيم، علي عبدالعباس، 2016، ص ص102-103)**. بەڵام لە فەرەنسا بە پێی بڕیاری ژمارە (82-155) لە (30دیسەمبەری1982) ی ئەنجومەنی دەستوری جەختی لەسەر کراوەتەوە بۆ پێدانی مافی سەپاندنی سزاکان، بۆ نموونە لەبواری باجدا، بەڵام تەنها لەو بوارەدا سنوردار نەکراوە، درێژکرایەوە بۆ سزاکانی سروشتی کارگێڕی، بەپێی ئەم ڕوانگەیە ئەم دەستانە وەك دەسەڵاتی دادوەری مافی ئەوەیان هەیە سزا دەربکەن بۆ بەربەستکردن لە سەرپێچیکەرانی یاساو ڕێنماییەکان. ئەنجومەنی دەستوری فەرەنساش مافی سەپاندنی سزاکانی داوە بە ئەنجومەنی باڵای دەنگو بینراوەکان (CSA)، بە مەرجێك بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێشێل نەکرێت، ئەویش بە ڕەچاوکردنی تەکنەلۆژیای باڵا، کە پێویستە بە ووردی تایبەتمەند بێت بە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردنو چەند ڕەچاویەکی گرنگی دیکە لە ناو دەسەڵاتی دادوەری خۆیدا لە چوارچێوەی مۆڵەتپێدان **(عيساوي، عزالدين، 2018، ص211)**.

بەمەش لە سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانەوە دەردەکەوێت، ئەگەر ئەم دەستانە بە خاوەن سروشتێکی دەستووری دابنرێت، هەندێ ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە بریتین لە **(وەلەد بەگی، ئازاد، 2019)**:

یەکەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەم دەستانە دەبێ پابەند بن بەو چوارچێوە دەستوورییەی کەلە دەقی دەستووردا بۆیان داڕێژراوەو ئەگەر بەپێچەوانەوە بجوولێنەوە ئەوا بەوە دادەنرێت کە سەرپێچی دەستووریان کردووە .

دووەم: سێ دەسەڵاتە کلاسیکیەکە، ناتوانن پێشێلی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکەن.

سێیەم: بەپێی باڵا دەستی دەقی دەستور لەسەر یاسا ئاساییەکان، ئەوا لە ئەگەری هەمووارکردنی بنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی ئەم دەستانەدا دەبێ هەمواری دەقی دەستوری بکرێت.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەرچەندە بەبۆچوونی هەندێك لە توێژەران، لەسروشتی دادوەری یان نیمچە دادوەری دەستە سەربەخۆکاندا، هەندێ لە بڕیارەکانی ئەم دەستانە بڕیاری یەکلاکەرەوەنو شیاوی تانەلێدان نین کەئەمەش تەنها بۆ بڕیارەکانی هەندێ لە دادگاکان شیاوە. هەروەها هەندێ لەم دەستانە جۆرێ لە دەستەڵات پیادە دەکەن لێکچووە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتانەی لەلایەن دادگاکانەوە پیادە دەکرێت، بۆیە ئەم دەستانە بەسروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەری دادەنێن. بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەم تێڕوانینو بۆچوونەدا نیم، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە نابێت سزا سەپێندراوەکان لەلایەن ئەم دەستانەوە ئازاد بن، چونکە ئەم سزایانە تەنها لە دەسەڵاتی دادوەریدان، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو سزایانەی کە لەلایەن دەستەکانەوە سەپێنراون، گەرەنتی یاساییان هەیەو لەژێر چاودێری یاسادانانداندن، لەم بوارەشدا لەبنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جیادەبێتەوە، هەروەك ئەوەی کەلە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیەو ئەمەش پێچەوانەی کارو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە. کەواتە بەبۆچوونی ئێمە دەستە سەربەخۆکان خاوەن سروشتێکی دادوەری نین.

**سێیەم: دەستە سەربەخۆکان وەك دەستەڵاتی چوارەم:**

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بۆ نموونە (حدري سمير و فارس عبدالرحيم حاتم) پێیان وایە کە دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی چوارەمن، هەروەکو بە پێی بۆچوونی یاساناسان کە زیاتر بۆچوونی یاساناسانی فەڕەنسییە، فەڕەنساش بە سەرچاوەی دەرکەوتنو دامەزراندنی ئەم دەستانە دادەنرێتو لە ڕووی شوێنییەوە وای بۆ دەچن کە دەستە سەربەخۆکان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی چوارەم وەك دەستەڵاتێکی سەربەخۆو جیا لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری)، بۆیە ئەم دەستانە بە دەسەڵاتێکی نوێ دادەنرێنو بیرۆکەی دەسەڵاتی چوارەمیش دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکاتەوە **(سمير، حدري، 2006، ص27)**. وە لە ڕێکخستنی دەستوری دەوڵەتە یاساییەکاندا ئاماژە بەم دەستانە کراوە بەجۆرێك، کە زۆرێك لە دەستورەکان وشەی سەربەخۆ بۆ ئەم دەستانە بەکاردەهێنن، بۆ نوونە لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا پێیان دەوترێت دەستە سەربەخۆکان، لە فەڕنسا دەسەڵاتە سەربەخۆکانو لە بەریتانیاش پێیان دەوترێت دەستە نیمچە سەربەخۆکان، ئەمەش مەبەستی سەربەخۆیی ئەو دەستانەیە کە وەك دەستە یان دەسەڵاتی نوێو جیاواز لە سێ دەسەڵاتە گشتییەکە پێکهێنراون، لەکاتێکدا

که یاساناسان وەڵامی ئەم ناوەیان کە لە دەستوردا هاتووە وا داوەتەوە کە خۆیان سەربەخۆن لە دەسەڵاتەکانی دیکە پاڵپشت بەو ناوەی کە دارێژراوەتەوە لە ڕێکخستنی دەستوردا بۆ ئەم جۆرانەو دانانو ئەژمارکردنو ناونانیان تێکەڵییەك دروست دەکات لەگەڵ جۆرە نوێیەکانی دیکەدا کە هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە بە پێی پلەبەندیان لە گەڵ جۆرەکانی دیکەی پێش خۆیاندا، کە نابێت لە ڕووی لۆژیکییەوە ئەم دەسەڵاتە سەربەخۆیانە پلەبەند بکرێن لە ڕیزی دەسەڵاتە ئاسایەکانی دەوڵەتدا تەنها لەبەر ئەوەی شەرعیەتی ناوی دەسەڵاتیان پێوەیە، هەروەها دارشتنەوەی دەسەڵات پێویستی بە دەرکردنی زیاتر لە دەقێکی یاسایی ئاسایيو تەنانەت دەقی دەستوریش هەیە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص ص31-32)**.

بە بۆچوونی ئێمە دەستە سەربەخۆکان ئەبێت خاوەنی گرەنتیەکی تەواو بن لە ڕووی سیاسیو یاساییەوەو سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی دیکەو ئامانج لە دەسەڵاتەکانیان ئەوە بێت کە تایبەتمەندی خۆیانیان هەبێت لە هەستانو ئەنجامدانی کارە تایبەتەکانیان، هەریەك لەو دەستانە بە پێی تایبەتمەندی خۆیانو جیاواز لە دەستتێوەردانی حکومەتو لایەنە سیاسیەکان کار بکەن.

لە هەمان کاتدا هەندێ لە زانایان وا دادەنێن ئەم دەستانە کاتێك دەکەونە چوارچێوەی دەقە دەستووریەکان بە دەسەڵاتێکی گشتیو سەربەخۆ دادەنێنو بۆ پشتگیری بۆچوونەکانیان پشت دەبەستن بە چەند دەقێکی دەستووری، بۆ نموونە کاتێك دانەرانی دەستور لەڕێکخستنی دەستوری عێراقدا باس لە دەسەڵاتە گشتییەکان دەکات لە بابی سێیەم لە ژێر ناونیشانی (دەستەڵاتە فیدراڵییکان) کاتێ نوسیویەتی: "دەستەڵاتی فیدراڵی لە دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوری پێکدێت، ئەرکەکانی خۆی لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە دەکات" **(دەستوری کۆماری عێراق 2005، ماددەی 47)**. وە باسی هەریەکێك لەم دەستەڵاتانە دەکات لە بەشێکی سەربەخۆ، لە هەمان بابدا لەبەشی چوارەم باس لە دەستە سەربەخۆکان دەکات لە ژێر ناونیشانی (دەستە سەربەخۆکان). لێرەدا دەستوردانەری عێراقی شێوازێکی نوێی پیادە کردووە بۆ ناساندنی سروشتی دەستە سەربەخۆکان، لە ڕێگەی جیاکردنەوەیان لە دەسەڵاتە گشتییەکانی دیکە، ڕاستە وەك دەسەڵاتە گشتییەکانی دیکە درێژەی بە ئەرکو دەسەڵاتەکانیان نەدراوەو هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئەو دەستانە لە دەستووری هەمیشەیي عێراق لە ڕووی تیۆریەوە لە هەمان کاتدا بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەزموونێکی تەواو دەوڵەمەندمان نەبووە بەر لەساڵی 2005 لە عێراقدا، تەنانەت ئەزموونی دەستە سەربەخۆکان لە وولاتانی جیهانیشدا ئەزموونێکی نوێیە **(حاتم، فارس عبدالرحيم، 2013، ص118)**. لە سەر ئەم بنەمایانەی پێشەوە کە ئاماژەمان پێدا وەك دەسەڵاتی چوارەم ئەژمار بکرێت لە پاڵ هەرسێ دەسەڵاتەکەی دیکەدا لە ژێر ناوی بنەمای جیاکاری نێوان دەسەڵاتەکان، چونکە ئەو سەربەخۆییەی ئەم دەستانە هەیانە نابێت ئەوە بگەیەنێت لە پرۆژەی دەستوردا ئەمانیش وەك سێ دەسەڵاتە کلاسیکییەکە یان دەسەڵاتی چوارەمنو دروست کراون بەڵکو مەبەست لە سەربەخۆیي ئەم دەستانە ئەوەیە کە گرەنتی سەربەخۆکردنیان هەبێت لە جێبەجێکردنی کارەکانیانداو بێلایەنی بپارێزن بەبێ هیچ جۆرە کاریگەریەك لە لایەن دەسەڵاتە گشتییەکانەوە **(طالب، مصدق عادل، 2018، ص159)**.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستە سەربەخۆکان لە ڕێکخستنی دەستوری دەوڵەتە یاساییەکانداو لە ڕووی سروشتی یاساییەوە وەك دەسەڵاتی چوارەمن، هەرچەندە لە عێراقدا ئەگەر دانەرانی دەستوری بەرکار مەبەستیان بوایە دەکرا بە دەسەڵاتی چوارەم بیانناساندایە، بەڵام بە دەستەی سەربەخۆ ناوزەندییان کردووە. بەتەواوەتی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەم کە دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتی چوارەمن، لەبەر ئەوەی لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا ڕاستە بە ووردەکاری ئاماژە بە دەسەڵاتو ئەرکو فەرمانیان نەدراوە جێی هێشتووە بۆ یاسا، بەڵام ئەمە لەوە کەم ناکاتەوە کە دەسەڵاتی سەربەخۆن لە پاڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکە. بۆ نموونە ئەنجومەنی فیدراڵی لە ژووری دووەمی پەرلەمانەو بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی یاسادانانە، ئەویش باسی لە ووردەکاری نەکردووەو جێی هێشتووە بۆ یاسا، ناشکرێت بڵێی ژووری دووەم لە پەرلەمان لەبەر ئەوەی ئاماژە بە ووردەکاری دروست بوونو دەسەڵاتەکانی نەداوە دەسەڵات نییە. بەڵکو لە بەر هەندێك ڕەچاوکردن جێی هێشتوون بۆ یاسا، یەکێك لەو ڕەچاوکردنانە ئەوەیە کە ئەم ژوورەش تازەیە چونکە عێراق یەکەم جار بوو دەبێت بە فیدراڵی، دیارە دەستە سەربەخۆکانیش تازە بوون بۆیە جێهێڵراوە بۆ یاسا. بەڵام سەبارەت بە سروشتی یاسایي ئەم دەستانە بە ڕەهایي لە گەڵ هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە نیم کە باس لە دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتێکی (کارگێڕیو خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەری) دەکات کەپێشتر باسمان کرد، هەرچەندە بەشێك لەدروستییان تێدا بەدی دەکرێت.

## لقی دووەم: هۆکارەکانی پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان:

چەندێن هۆکاری یاسایيو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو کارگێڕی هەن لەدەوڵەتە یاسایيو دەستوریەکاندا، کە گرنتیەکی بەهێزن بۆ پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان. هەرچەندە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازن، بەهۆی جۆراو جۆری سیستەمی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کارگێڕی ئەم دەوڵەتانە. هەروەها ڕێکخراوە کارگێڕیەکان ڕووبەڕووی کۆسپی زۆر بوونەتەوە، کە کاریگەریان کردووەتە سەر ڕێژەی کارەکانیو چالاکیە کارگێڕیەکانی، بەشێوەیەك کە بووەنەتە پێویستیەك بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی چارەسەرکردنی سیستەمی کارگێڕی، لێرەدا چەند بەربەستو هۆکارێك ئاماژە پێ دەکەین لە سەرهەڵدانو پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکاندا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە:

### یەکەم: لایەنگیری کردنی دەسەڵاتە گشتییەکان:

لاواز بوونی متمانەی هاوڵاتیان بە هەندێك لە دەسەڵاتە گشتیەکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان. بۆیە دەبێت دەسەڵاتە کلاسیکیەکان گرەنتیەکی تەواویان هەبێت لە جێبەجێکردنی کاروچالاکیەکانیاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆو بێ لایانانە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەستە سەربەخۆکان سەریان هەڵدا وەك هەوڵدانێك بۆ گەرەنتی فەراهەم بوونی بێ لایەنی دەسەڵاتە گشتییەکانو گرەنتی بێ لایەنی کاری دەزگاکانی ڕێکخستنو بێ لایەنی بەڕێوەبردنی هەندێك لە دامەزراوەی تایبەت کە دەوڵەت پێی هەڵدەستێت لە ڕێگەی دەستە سەربەخۆکانەوە بۆ دەستەبەرکردنی بێ لایەنی لە کارەکانیداو دوور خستنەویان لە فشاری سیاسی کە لە لایەن دەسەڵاتەکانی دیکەی دەوڵەتەوە بەکاردێن **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص3)**. ئەمەش بەهۆی ململانێ بەردەوامەکانی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانو جێبەجێکردن لە پێناوی دەست بەسەراگرتنو هەوڵی کارکردن لەو چوارچێوەیەداو سود وەرگرتن لە بوونیو بڕیارەکانی لە سەر بنەمای دەسەڵاتە جیاوازەکانی دیکە، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ دەستوری عێراق لەسەر دەقی سەربەخۆبوونی ئەم دەستانە کە بتوانن پارێزگاری لە بێ لایەنیو

ڕاستگۆیی خۆیان بکەن بە ئامانجی هەستان لە ڕێگەی ئەم دەستانەوە بەکارەکانیانو دوورخستنەوەیان لە گۆڕانکارییە سیاسیەکان کە توشی کۆمەڵگا دیموکراسیەکان دەبێت بە تێپەڕبوونی کات، هەر ئەمەش پاڵنەرێك بووە لە دەوڵەتانی جیهان لە پێکهێنانی ئەم دەستە سەربەخۆیانە **(رشید، صدام عبدالستار، 2016، ص252)**. هەروەها ئەم دەستانە سەریان هەڵدا تاوەکو ڕێکارییە دادوەرییەکان بە شێوەیەکی بێ لایەنانەو دوور لە دەستێوەردان کارەکانیان ڕاپەڕێنن، واتە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەدواخستنی دەرەنجامی ویستراوی هاوڵاتیان لە بە دەست گەیشتنیان بە مافەکانیان بە هۆی وابەستەیی بە ڕۆتینو ڕێکارییە دادوەرییەکان کە لە حاڵەتی ئاساییدا بە خاو هەنگاونان ناسراوەو دەرەنجام دەبێتە هۆکارێك بۆ بە دواداچوونی مافەکان لە لایەن هاوڵاتیانەوە، بۆیە بوونی ئەم دەستانە کاریگەری دەبێت لە سەریان **(حسن، سۆران علی، (2021)، ل287)**. وە بێ لایەنی لە کارەکانی ئەم دەستانەدا مەرجێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی ئارامیو سەرکەوتنی کارو چالاکیەکانیان چونکە سەربەخۆیان دووریان دەخاتەوە لە کاریگەری گۆڕانکاریە سیاسیەکان کە توشی کاری سیاسی دەوڵەت دەبێتو پارێزگاری دەکات لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆچوونە حیزبیەکان **(أرحيم، هشام جميل كمال، (2012، ص18)**

بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان گرەنتییەکی بەهێزن بۆ ڕێگریکردن لە لایەنگیریکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ هەر کارێکی یاساییو سیاسی و دەستوری، چونکە زۆرجار ڕێگا لە حکومەت دەگرێت کە لابدات بە لای قازانجە تایبەتەکانیدا.

### دووەم: گەرەنتی پیادەکردنی بنەمای ڕەوایەتی:

ئەم بنەمایە خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاریکردنی تەواوی تاکەکان بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ئەبێتە دژ بە هەموو یاسا شکێنیو ستەمکاریەك، هەر لێرەوە گرنگیو کاریگەری ئەم بنەمایە دەردەکەوێتو ڕەنگدانەوەو گەشەکردوو دەبێت.

کەواتە بنەمای ڕەوایەتی گەرەنتییەکی باشە بۆ هەندێك لە تایبەتکارییە هەستیارەکان کە پێویستیان بە جۆرێك لە چاودێری تایبەت هەیە تاوەکو گەرەنتییەکی دروستی گەیشتن بە ئامانجی ویستراوی لێ بکەوێتەوە. جگە لەوەی کە پسپۆڕیو تایبەتمەندکردنی دەزگایەك بە پیادەکردنی جۆرێك لە تایبەتکاری وەك بوارێکی چاودێری کردن دەرەنجامێکی کاریگەرتری لێ دەکەوێتەوە لەوەی کە ڕاسپێردارێت بە دەزگایەك کە تەرخان کراو نەبێت بۆ ئەو مەبەستە **(حسن، سۆران علی، 2021، ل287)** .

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بنەمایە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان چونکە هۆکارێکی پارێزەرن بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش لە کاتی دەست تێوەردانی دەستە سەربەخۆکان دەبێت لە کاتی چارەسەر کردنی سەرهەڵدانی کێشەیەك لە نێوان تاکەکانو کارگێڕیەکاندا یان لە کاتی لادانی کارگێڕیەکان لە بنەمای یاسایی خۆیان لە دەرکردن یاخود دەست تێوەردانی بڕیارێکدا کە دژ بێت بەم بنەمایانە، بۆ نموونە لە عێراقدا کاتێك دەستەی دەستپاکی دروست بوو بۆ پێداچوونەوەی سکاڵاکان، جا ئەمە لە ڕێگای تاکەکانەوە بێت یان لە ڕێگای دامەزراوەکانەوە لەکاتی لادانە کارگێڕیەکان لە بنەما یاساییەکان.

### سێیەم: نەهێشتنی بیرۆکراسی:

چەمکی زمانەوانی ووشەی بیرۆکراسی Bureaucracy لە دوو ووشە پێکهاتووە، bureauبەواتای نوسینگە، لەگەڵ cracy بەواتای حوکم، هێز یان دەسەڵات، بەمەش مانا زمانەوانیەکەی بیرۆکراسی بەواتای (هێزی نوسینگە یان دەسەڵاتی نوسینگە) دێت **(دهام، عبدالستار ابراهيم، 2008، ص5)**. کەواتە بیرۆکراسی پلەبەندیەکی درێژخایەنە لە بەرپرسیاریەتیو زنجیرەیەکی کارگێری کە ئەژمارکردنیان لە قازانجی لایەنێك یان کەسێکدایەو وابەستەبوونی بە یەك سەرۆکەوە کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دەستێوەردانی فەرمانبەران لە فەرمانگەکەیاندا بە شێوەیەك کە گەندەڵی سەرهەڵدەدات لە جیاتی ڕێڕەوی خزمەتکردنی قازانجی گشتی. هەروەها جێبەجێکردنی یاساکان بە توندی، لە ڕێگەی نوسینگە کارگێڕیەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی حکومەتو بەڕێوەبرنی بەرژەوەندییەکانی ل سەر بنەمای پلەبەندی سەرۆکایەتیو تایبەتمەندیەکانە بۆ دابەشکردنی کارەکانیان لە ناو دەزگا کارگێڕیەکاندا بە پێی جێبەجێکردنی یاساکان بووەنەتە بەڵایەك بەسەر یەکە کارگێڕیەکانەوەو بووەتە مایەی سەرهەڵدانی شێوەیەك لە گێچەڵی کارگێری کە لایەنە کارگێڕیەکان بە توندی وابەستەی بنەماکانی کارکردنن کە بووەتە مایەی ڕۆتیناتیکی بکوژ، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە هەندێکیان پەیوەندیان بە فەرمانبەرانەوە هەیەو ترسیان هەیە بەرامبەر بەرپرسیاریەتی، هەندێکی دیکەشیان پەیوەندیان بەشێوازی دابەشکردنی بەشە کارگێڕیەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی وشكو توند **(ئیکو، قیصر صاحب، 2019-2020، ص58)**.

### چوارەم: کۆتایی هاتنی ململانێی ناوخۆییو دروستبوونی دەوڵەتی نوێ:

لێرەدا هۆکاری دروست بوونی ئەم دەستانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك ئەو دەوڵەتانە کۆتاییان هێنابێت بەناکۆکی چەکداریو ململانێی ناوخۆیی، کە ئەمانیش ناسراون بەدەوڵەتانی پاش ناکۆکی، کە بریتین لەو دەوڵەتو کۆمەڵگایانەی کە بەناکۆکیەکی سەختی ناوخۆییدا تێپەڕبوونو کۆتاییان هێناوە بەو ناکۆکیانە، ئەویش لەڕێگای سەرکەوتنی لایەنێکی ململانیەکە بێت یان سەرکەوتنی دانوستانو بەرپابوونی ئاشتی لەدەرەنجامی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەوە. دەکرێت بۆ ناساندنیان چەند ڕەگەزێکی هاوبەشیان لێ پێکبهێنرێت لەبوونی ناکۆکی ناوخۆیی، بوونی چەند لایەنێکی بەشدار لەناکۆکی، بوونی دانستانو کۆتایهێنان بە ناکۆکی لەڕێگای هەوڵی ناوخۆییو دەرەکی لەڕێگای ڕێکەوتنی ئاشتی، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئاشتی لەلایەن لایەنە ناکۆکەکان. بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەکاریگەربوونی لێکەوتەی ناکۆکییەکان بەسەر هەندێك تایبەتکاری هەستیاردا وەك هەڵبژاردنو پاراستنی مافی مرۆڤو کەمینەکان پەنایان بۆ پێکهێنانی ئەم جۆرە دەستانە بردووە. هەربۆیە هەندێك پێیان وایە ئەمە بووەتە جۆرێك لە مۆدێلی پەیڕەوکراو لەدەستوری دەوڵەتانی تازە دەرچوو لە جەنگو ناکۆکی ململانێی ناوخۆیی **(حسن، سۆران علی، 2021، ل285)**. بەمەش گەڕانەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدەوڵەتو سیاسەتە گشتییەکانی پاڵنەرێك بوون بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکانو نیمچە سەربەخۆکان لە ڕێگەی بەهێزکردنی کاری دەوڵەتەوە، کە پێویستی بەدانانی ئەم سیاسەتە هەبوو بۆ جێبەجێکردنیان، بەتایبەتی لەو دەوڵەتە نوێیانەی کە پاش ناکۆکی دروست بوون **(رشید، صدام عبدالستار، 2016، ص252)**.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەیەکێك لەگرەنتییەکانی دوستبوونیان، نەمانی ناکۆکی ناوخۆیی وڵاتو دروستبوونی دەوڵەتی نوێو سیستەمی سیاسی نوێی حکومڕانییە لەوڵاتدا، هەروەکو لەعێراقدا لەپاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس چەند دەستەیەکی سەربەخۆ دامەزران بەپێی دەستوری ڕاگوزەری عێراق لەساڵی 2004و دەستوری هەمیشەیی عێراق لەساڵی 2005دا.

**پێنجەم: سستی دەزگا کارگێڕییەکان بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی:**

گەندڵی بریتیی لە: "خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی لەپێناو ئامانجی کەسیو تایبەتیدا. وە هەر هەڵسوکەوتێك لە دەرەوەی چوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتیو یاساییو مرۆییو بەرپرسیاریەتیو ویژدانیدا ئەنجام بدرێتو مەبەست لێی تەنها بەرژەوەندی خودی بێت، ئەوا دەچێتە قاڵبی گەندەڵییەوە " **(عەباس، گەیلان و ڕەفیق، هاوکار، 2017، ل272).** کەواتە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە گرەنتیەکی بەهێزن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەکاتێکدا دەسلاتو هۆکارە کارگێڕیو داراییەکانی دیکە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی باش بەم کارە هەستنو بەشێوەیەکی نەرێنی شکاوەتەوە بەسەر ئابووری وولاتداو تواناکانی لاوازکردووە، بۆیە زۆرێك لە وڵاتان هەستاون بە دروستکردنی ئەم دەستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو چاودێریکردنو چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی دروست. کەواتە سەربەخۆیی دەزگا سەربەخۆکان ئەبێتە مایەی بەهێزکردنی تواناکانیانو جێبەجێکردنی کارەکانیان، چونکە دەستور سەربەخۆییەکی گەورەی بەخشیوە بەم دەستە سەربەخۆیانەلە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانیاندا، تاوەکو بتوانن ئەو کارانە جێبەجێ بکەن کە لە سەرووی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەیە چونکە دانانی دەزگاکانی ڕێکخستنو سەربەخۆیی پێویستیان بەیەکسانیو دادوەری بێلایەنی هەیە، کە ئەمانەش پێویستە وەك بنەمایەك ڕێزیان لێ بگیرێتو جێبەجێ بکرێن لەلایەن ئەم دەزگایانەوە لە ڕێگەی کارەکانی خۆیان بێت یان لە ڕێی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، کە گرنگترینیان بواری داراییو بنبڕکردنی گەندەڵی کارگێڕییە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص18).** هەرچەندە ئەم دەستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەووڵاتانی جیهاندا هەمەجۆرو جیاوازن لەڕووی یاساییو سیاسیو دەسەڵاتەکانیانەوە، بەڵام کۆمەڵێك بنەمای گشتی هەن کەهاوبەشن لەنێوان ئەم دەستانەدا، وەکو سەربەخۆییو دەسەڵاتەکانی دەستەو فەراهەمکردنی توانای داراییو مرۆیی پێویست بۆ کارەکانی ئەم دەستانە. بۆیە لەگەڵ سەربەخۆبوونی ئەم دەستانەدا فەراهەمکردنی توانای داراییو مرۆیی بۆیان گرەنتییەکی سەرەکین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کەبۆی دامەزراوە. هەربۆیە پێویستە ئەم دەستانە بودجەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەبێ دەست تێوەردانی دەسەڵاتە گشتییەکانی وولات بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە هەوڵ دەدات لەم بودجەیە کەم بکاتەوە تاوەکو تواناکانی ئەم دەستانە کەم بکاتەوە. وە توانای مرۆیی ئەم دەستانە هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، کە ئەمەش پێویستی بەهەڵبژاردنی کادیری بەتواناو ڕاهێندراو هەیە کە بەم کارە هەستێتو ئەم پیشەیە بێلایەنانەو بە ئەمووونێکی بەرهەم دارەوە جێبەجێ بکات، ئەمەش لە ڕێگای کردنەوەی دەوراتو کاری بەردەوامەوە بەدەست دێت **(حمد، مەریوان صابر، 16مارس2013).**

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کەبوونی گەندەڵی لە دەوڵەتاندا هۆکارێکی دیکەیە بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان، چونکە هەندێك لە دەسەڵاتەکانو دامەزراوەکانی دیکە هەوڵ دەدەن لە سروشتی ئاسایی خۆیان دەربچنو سەربکێشن بۆ گەندەڵیو کاری نایاسایی. هەربۆیە ئەم دەستانە سەریان هەڵدا وەکو فشارێكو دژە فشارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گەندەڵکاریانە، تاوەکو ببنە چاودێرێك بۆیان. هەروەکو لەعێراقدا چەندین دەستەی سەربەخۆ سەریان هەڵداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی وەك دەستەی دەستپاکیو دیوانی چاودێری دارایی.

**شەشەم/ پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ:**

دیارترین هۆکار بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان پارێزگاریکردن بووە لە مافەکانی مرۆڤ لە بە دەمەوچوونی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرۆژەی پارێزگاری کردنی لە مافەکانی مرۆڤو ئازادیەکانی کردووەتە ئەرکی خۆی لە کاتی پێشێلکردن یان پشتگوێ خستنی ئەو مافانەو بەرەنگاربوونەوەیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی کە ئەمەش سەری هەڵدا بۆ بیرکردنەوە لە پابەندبوونێکی گشتی لە جیهاندا کە تاکەکان ئازاد بن لە گوفتارو لە بیروباوەڕەکاندا. هەروەها دان بنرێت بە هەموو مافە یەکسانەکانیان کە ئەمەش ڕاگەیەندرا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1948 دەرچوو **(الأمم المتحدة، 2012، ص4).** لە دەرهاویشتەکانی ئەم ڕاگەیاندنە بانگکردنی هەموو وولاتانی جیهان بوو بۆ ڕێزگرتن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیو کارکردنی زۆرێك لە وڵاتان بۆ دروستکردنی دەستەو دەزگا سەربەخۆکان، هەروەك یاسا دارێژەرە عێراقیەکان هەستان بە دانانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ئەم کۆمسیۆنەش ئامانجی بریتی بوو لە: " پارێزگاریکرد لە مافەکانی مرۆڤ لە عێراقداو پارێزگاریکردن لە ئازادیەکان بەو دەقانەی کە لە دەستوردا دیارکراوانو لە یاساو بەڵێننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکاندا دانیان پێدا نراوە لەل ایەن عێراقەوە. وە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤو گەشەپێدانو بەرەوپێش بردنیەتی" **(قانون مفوضية العليا للحقوق الانسان، رقم53، 2008، المادة3).** هەروەها ئەم دەستانە وەکو وەڵام دانەوەیەك دروست بوو بۆ دۆخی ناسەقامگیرو ناجێگیر لەوڵاتانداو لە بوارێکی دیاریکراودا، وەك ڕەوشی مافی مرۆڤو تەشەنەکردنی دەستدرێژی کردنە سەر مافو ئازادییە گشتییەکان یاخود وەك پەیوست بوون بە پاندییەکی نێودەوڵەتی کەلە میانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا وابەستەی بووە، وەکو ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێکهێنانی دەستەی مافی مرۆڤ لە عێراقو چەندین دەوڵەتی یاسایی دیکە **(حسن، سۆران علی، 2021، ل286).**

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان، تاوەکو ئەم دەستانە بتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، تاوەکو لەلایەن دەسەڵاتو دامەزراوەکانی دیکەوە دەست درێژی نەکرێتە سەر مافیان.

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، پاڵپشت بەو هۆکارانەی کەلە پێشەوە باسمان کرد دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە دەستە سەربەخۆکان هۆکارێکی گرنگن بۆ چاودێری لەسەر دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، ئەمیش بەو شێوەیەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەکارەکانی خۆی هەستێت بەشێوەیەکی دروست، بەبێ ئەوەی لابدات لەو ڕێڕەوەی کەبۆی دیاریکراوە بۆ دەستەبەرکردنی بنەمایەکی گرنگ بۆ تاکەکانو پارێزگاریکردنیان لەدەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەڕێگەی چاودێرییەوە دەبێت، کە نەتوانێت سوکایەتی بە داخوازییەکانی گەل بکاتو جێبەجێیان نەکات. وە ئەو بێلایەنیەی کە ئەم دەستە سەربەخۆیانە بەدەستی دێنن پارێزەرێکی دیارو تەواو دەبن بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەڕووی شەفافیەتەوە. هەروەها هۆکارەکانی هونەریو تەکەنەلۆژیاو بوونی گەندەڵی سیاسیو ناکۆیەکانی دەوڵەتو دروست بوونی دەوڵەتی نوێو ...هتد گرەنتیەکی بەهێزن بۆ پێکهێنانی دەسەتە سەربەخۆکان لە دەوڵەتە یاساییو دەستوریەکاندا.

## کۆتایی

پاش گەیشتنمان بەکۆتایی توێژینەوەکە، گرنگترین دەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوەو ئاماژەی پێدەدەین، لەگەڵ خستنەڕووی پێشنیارەکان کەهەڵێنجراوی ڕاوبۆچوونمانە لەچوارچێوەی توێژینەوەکەماندا:

**یەکەم: دەرئەنجام:**

لە کۆتاییدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوەو دەیخەینە ڕوو:

1- دەستە سەربەخۆکان لە ڕووی دەستوریو یاساییەوە خاوەنی جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆیانن، وەکو سەربەخۆیی کارگێڕیو دارایی و ئەندامی.

2- سەربەخۆیی کارگێڕی واتە دەسەڵاتی تایبەتی خۆیانیان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان. سەربەخۆیی داراییش واتە دەستەکان خاوەنی دارایی و بودجەی سەربەخۆی خۆیان بن. بەڵام سەربەخۆیی ئەندامی بریتییە لەسەربەخۆبوونی ئەندامانی دەستەکە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و ملکەچ نەبوونیان بۆ دەسەڵاتەکانی دیکە، تاوەکو دەستێوەردان نەکرێت لە کاروبارییاندا.

3- سەربەخۆیی ئەم دەستانە لە ڕووی کارگێڕیو داراییەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم بابەتە بقۆزرێتەوە بۆ گەشەسەندنی گەندەڵیو بەفیڕۆدانی سامانی گشتیو دژایەتیکردنی هەرجۆرە بنەمایەکی یاسایی کەسەربەخۆیی ئەم دەستانە سنوردار بکات، ئەمەش پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەم دەستانەو بونیادنانەوەی دەوڵەتی یاسایە.

4- ئاستی سەربەخۆیی دەستەکان پێویستە لەپێگەیەکی هاوسەنگدا ڕابگیرێت بەجۆرێك لەدەرەوەی قەوارەی دامەزراوەکانی پێکهێنەری دەوڵەتدا بێتو پاشکۆیەتی بۆ هیچ یەکێك لەدەسەڵاتە کلاسیکیەکانیشی بۆ ساغ نەبێتەوە.

5- ئەم دەستانە هەندێکیان دەستەی سەربەخۆی کاتینو لەدوای تەواوبوونی کاتەکانیان، ئەمنیش کۆتاییان دێت، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەستەی سەربەخۆی هەمیشەیین .

6- گەرەنتی بوونی ئەم دەستانە بەستراوەتەوە بەئاستی سەربەخۆییانو ئاستی سەربەخۆییان بەستراوەتەوە بەو میکانیزمەی بەردەستیان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، سەرەڕای پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی دیکە بەدەقە دەستوریەکانو دەستوەرنەدان لەکاروبارییان لەدەرەوەی ڕێکخستنی دەستوریو یاسایی.

7- پێکهێنانی ئەم دەستانە بەپێی جیاوازی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو پێکهاتەو جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتدا دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە دەکرێت فەلسەفەی بوونیانو ئاستی سەربەخۆییو سروشتی یاساییان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازبێت، لەهەمان کاتدا لە دەوڵەتە دیکتاتۆو تۆتالیتارییەکاندا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ هەیە لەم دەستانەدا.

**دووەم: پێشنیارەکان:**

لەپاش ئاماژەکردنمان بەو دەرئەنجامانەی خستمانەڕوو، چەند ڕاسپاردەیەکیش دەخەینەڕوو:

1- پێویستە دەستور هەموار بکرێتەوەو لە دەستوردا بە ووردەکارییەوە باس لە سەربەخۆیی ئەم دەستانەو گرەنتی سەربەخۆییانو شێوازی پێکهاتنو دەسەڵاتیان بکاتو بەجێی نەهێڵێ بۆ یاسای دەستە سەربەخۆکان.

2- لە ڕێکخستنی یاسایی دەستە سەربەخۆکاندا، نابێت ئەو یاسایانەی بۆ ئەو دەستانە دادەنرێت لەلایەن یاساناسانەوە، پێچەوانە بێت لەگەڵ ڕێکخستنی دەستوریی تایبەت بە دەستە سەربەخۆکانەوە.

3- پێویستە دەستەکان تەواو سەربەخۆ بن، نەوەك تەنها بەناوی دەستەی سەربەخۆوە دابمەزرێنو لەڕووی واقعیو کردارییەوە جیاواز بن، واتە نابێت لەڕووی سیاسییەوە دەست بخرێتە کاروبارییانەوەو لەلایەن پارتو پێکهاتەو لایەنەکانی دیکەوە سەرۆكو ئەندامانی دەستەکان دابنرێن.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

- **کتێبەکان:**

برادۆست، کەریم بەحری. (2006)، چەند وێستگەیەك لە نوسینەوەی دەستوری فیدراڵی بۆ عێراق، هەولێر، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، بڵاوکراوەکانی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان.

حسن، سۆران علی. (2021)، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵدا عێراق بە نموونە، سۆران، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.

عەباس، گەیلان و ڕەفیق، هاوکار. (2017)، فەرهەنگی زانستیو ڕامیاری، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئاسیا، ل ل141-142.

- **دەستورەکان:**

١- دەستوری عێراقی فیدراڵ 2005.

- **یاساکان:**

١- هەرێمی کوردستان- عێراق، یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی، ژمارە (3)ی ساڵی 2011، بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (129)، (2011/6/30).

٢- هەرێمی کوردستان- عێراق، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ژمارە (4) ی ساڵی 2010، بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری مرۆڤ، هەولێر، ژمارە (0)، (تشرینی دووەم 2013).

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- **کتێبەکان:**

جمعة، ماهر حسين. (2019)، الاستقلال المالي ودوره في فعالية الهيئة المستقلة للانتخابات في التشريعين الأردني والعراقي، بغداد، مكتبة القانون المقارن.

راضي، مازن ليلو. (2001)، القانون الأداري، أربيل، منظمة نشر الثقافة القانونية مؤسسة O.P.L.C للطباعة والنشر المطبعة رۆژهەلات.

صرصار، محمد شفيق. (مارس2014)، الهيئات الدستورية لمستقلة، تونس، بحث منشور في جمعية البحوث والجمعية التونسية، للعلوم الادارية أعمال الملتقى العلمي حول الهيئات الدستورية بمساهمة المنظمةالدولية للطقرير عن الديمقراطية.

نعيم، علي عبدالعباس. (2016)، الدور الرقابي لهيئة الرقابة المالية المستقلة، بغداد، مكتب الهاشمي للكتاب الجامعي.

- **رسالة ماجستير والبحوث:**

أرحيم، هشام جميل كمال. (2012)، "الهيئات المستقلة وعلاقتها بالسلطة التشريعية في العراق (دراسة مقارنة)"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة تكريت، كلية القانون، صلاح الدين.

أمير، عبو سعدي. (2018-2019)، "السلطات الادارية المستقلة في القطاع المالي بالجزائر"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية.

سمير، حدري. (2006)، "السلطات الادارية المستقلة الفاصلة في المواد الاقتصادية والمالية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد بوقرة بومرداس، كلية الحقوق والعلوم التجارية، الجزائر .

سيف الهنائي، سليمان بن محمد. (ايار2018)، "الاستقلال الاداري والمالي للهيئة العامة للتأمينات الاجتماعية في سلطنة عمان (دراسة مقارنة)"، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق،قسم القانون العام.

كيكو، قيصر صاحب. (2019-2020)،" سلطة ومسؤلية الهيئات المستقلة في العراق – دراسة مقارنة"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، الجامعة الاسلامية في لبنان، كلية حقوق، قسم القانون العام.

- **القوانين والقرارات:**

سلطة الائتلاف المؤقتة، الهيئة العراقية العامة لخدمات البث والأرسال، الأمر رقم (66)، (20مارس/أذار2004).

قانون المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم (11) لسنة 2007، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4037)، (السنة الثامنة والأربعون 2007/3/14).

قانون المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم (31) لسنة 2019، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4569)، (السنة الحادية والستون 2019/12/30).

قانون المفوضية العليا لحقوق الانسان، رقم (53) لسنة 2008، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4103)، (السنة الخمسون2008/12/30).

قانون رقم (30) لسنة 2019 (التعديل الأول لقانون هيئة النزاهة رقم (30) لسنة 2011)، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4568)، (السنة الحادية والستون2019/12/23).

قانون مجلس الخدمة العامة الأتحادية، رقم (4) لسنة 2009.

قانون هيئة النزاهة رقم (30) لسنة2011 منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4217)، (السنة الثالثة والخمسون 2011/11/14).

قرار محكمة الأتحادية العليا، العدد 88/اتحادية/2010، في 2011/1/18.

قرار محكمة الأتحادية العليا، العدد 228/ت/2006، في 2006/10/9.

- **المجلات:**

أباخيل، يوسف، "ديوان المراقبة العامة والمتطالبة بالاستقلال"، مقال بجريدة الرياض، العدد (15678)، سعودية، (سبت28مايو2011).

الأمم المتحدة، "نظام معاهدات حقوق الانسان"، صحيفة وقائع، رقم (30)، الأمم المتحدة، حقوق الانسان، مكتب المفوض السامي، نيورك وجنيف، 2012.

السبعاوي، ياسر باسم ذنون، "السلطات الادارية المستقلة ودورها في حسم المنازعات مجلس المنافسة أنموذجاً (دراسة مقارن)"، مجلد كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، كلية القانون والعلوم السياسية، العراق، المجلد (5)، العدد (19)، الجزء الثاني، 2016.

القيسي، حنان محمد، "مفهوم الاستقلال والهيئات المستقلة في دستور 2005"، مجلد الحقوق، كلية القانون، جامعة المستنصرية، بغداد، المجلة (5)، العدد (23-24)، 2014.

حاتم، فارس عبالرحيم، "طبيعة الهيئات المستقلة في ظل الدستور العراقي لسنة 2005"، مجلد كلية الدراسات الانسانية الجامعة، النجف الأشرف، العراق، العدد (3)، 2013.

دهام، عبدالستار ابراهيم، "التنظيم البيوقراطي إزاء الفكر الداري المعاصر: إطار نظري"، مجلة جامعة الأنبار للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة الأنبار، كلية الادارية والاقتصاد، الرومادي، العدد الثاني، 2008.

رسول، جواس حسن، "الهيئات المستقلة المتخصصة بضمان مبدأ المشاركة في النظام الفدرالي دراسة في اطار الدستور العراقي الدائم لسنة 2005"، بحث منشور في مجلة قەلای زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، كلية القانون والعلاقات الدولية، أربيل، المجلد (4)، العدد (1)، (شتاء2019).

رشيد، صدام عبدالستار، "الهيئات الحكومية المستقلة في العراق/ هيئة نزاهة نموذجاً، بحث منشور في مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد52، السنة الثالثة العشرون، (تموز2016).

طالب، مصدق عادل، "الرقابة على الهيئات المستقلة في التشريع العراقي"، بحث منشور في مجلد العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون، المجلد السابع، العدد الثاني، جامعة بغداد، 2018.

عيساوي، عزالدين، "المكانة الدستورية للهيئات الادارية المستقلة مأل مبدأ فصل بين السلطات"، مجلد الأجتهاد القضائي، جامعة محمد خيضر بسكر، كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، العدد (4)، (2018/3/13).

غيدان، اسماعي صعصاع و علي، صادق محمد، "مظاهر استقلال الهيئات المستقلة"، مجلد المحقق الحلي للعلوم القانونية واسياسية، جامعة بابل، كلية القانون، العراق، المجلد (8)، العدد الأول، (2016/3/31).

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

أمين زاده، الهام و مقيمى، ليلى. (پاييز و زمستان 1396)، "بررسى تطبيقي ميزان اثر گزارى دولت در استقلال نهادهای تنظيم مقررات انرژى در بخش هاى برق، نفت و گاز"، فصلنامه مطالعات حقوق انرژى، دوره (3)، شماره(2).

جمهوريه اسلامي ايران، هيئت وزريان، وزارت نيرو، اساسنامه شركت سهامي مديريت شبكه برق ايران، شماره32164/ت30572هـ، تأريخ1383/6/30.

مقيمى، ليلى و فرهادخانى، محدى، ارزيابى قابليت هاى ساختارى هيات تنظيم بازار برق ايران، (پژوهگاه نيرو گره اقتصاد برق و انرژى، سى و يكمين كنفرانس بين المللى برق، 3- 5 آباه 1395).

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

New Zealand productivity Commission. (Jun. 2014, Regulatory institutions and practices, New Zealand.

United Nations Global Program Against Corruption (GPAC). (November 2002), Anti-Corruption Tool Kit, (Centre for International Crime Prevention, Office of Drug Control and Crime Prevention, United Nations Office at Vienna, November 2002).

**پێنجەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:**

العجرش، فارس حامد عبدالكريم، (2008/11/25)، استقلال السلطة القضائية وتوازن السلطات داخل الدولة، متاح عن الرابط الأتي: https://www.sotaliraq.com/25112008.pdf)، التأريخ (2021/6/28).

العكيلي، رحيم حسن (الأثنين28مايو2012)، الهيئات المستقلة بين (الاستقلال التام أو الاستقلال المالي والاداري)، متاح عن الرابط الأتي: http://rahimaqeeli.blogspot.com/2012/05/2003.html )، التأريخ (2021/7/5).

المسوي، ناصر عمران (2015/7/1)، الهيئات المستقلة والأشكالية الدستور، متاح عن الرابطالأتي:
(https://www.almothaqaf.com/qadayaama/qadayama-15/895091-2015-07-01-00-56-55 )، التأريخ (2021/6/26).

حمد، مەریوان صابر، بەدامەزراوی کردنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وەکو بنەمایەك بۆ دەوڵەتبوون، بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی: (http://mariwansabirhamad.blogspot.com/2013/03/ )، بەروار (2021/12/2).

غريب، هادية، الدستور والهيئات المستقلة، متاح عن الرابط الأتي: (https://platform.almanhal.com/reader/2/67023 )، التأريخ (2021/2/5).

وەڵەد بەگی، ئازاد (2019/6/23)، ئەرکی دەستە سەربەخۆکان لە عێراق لەنێوان تیۆریو کردار، بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی: (http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1635-2019-06-23-10-39-04 )، بەروار (2021/1/5)

# کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان/عێراق

**أنور محمد فرج[1]، چالاك معتصم خورشيد[2]**

[1] بەشی دیپلۆماسی و پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
[2] بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق

**پوختە:-** پێگەی هەرێمی کوردستان مەبەست لێی ئەو سەنگە سیاسی و ئابوری و جۆگرافیەی هەرێمی کوردستانە لە ئاستی نێوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیەتی.

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەرییەکانی فرە ڕەهەندە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان، فاکتەری نەوت و گاز لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەیە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ دەستخستنی داهات بۆ موچە و پڕکردنەوەی پێداویستییە داراییەکانی پشتی بە فرۆشتنی نەوت و ئەو بڕە پارەیە بەستووە کە بەشێوەی کاش لە حکومەتی فیدراڵی وەریدەگرێت دوای مامەڵەکردنی ئازادانەی حکومەتی هەرێم بە نەوت و گازەوە کێشەیەکی نوێ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ سەری هەڵدا ئەمەش داواتر کاریگەری لەسەر کۆی سیستمی سیاسی هەرێم هەبوو.

لەسەر ئاستی هەرێمی، هەرێمی کوردستان هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە (تورکیا، ئێران و سوریا ) بەشێوەی فەرمی لەڕێگەی خاکی تورکیاوە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێت و دەفرۆشرێت، بۆیە دەوڵەتی تورکیا زۆرترین پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەمەش کاریگەریی فاکتەری نەوت و گازە کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی لە پەیوەندی سیاسی و ئابوریدایە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوسیا دوو دەوڵەتی گەورەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتین کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، چەند کۆمپانیای وزەی ئەمریکی و ڕوسی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن بۆیە هەرێمی کوردستان بۆتە جێگەی گرنگی ئەم دوو دەوڵەتە جیهانییە. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فاکتەری نەوت و گازەوە توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە گەورە جیهانیەدا هەبێت، بەڵام پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ڕوسیا دێت بەرامبەر بە وڵاتانی تری وەک( تورکیا و ئێران و سوریا ) .

**کلیلە وشەکان:-** فاکتەری نەوت و گاز، کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز، پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان، پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

نەوت و گاز دوو سامانی سروشتی گرنگن، کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابووری دەوڵەتان، لەڕووی سیاسیەوە دەبنە هێز و دەسەڵات بۆ دەوڵەت، لە ڕووی ئابوریشەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووری بەهێز. بەپێی ئامارەکان عێراق خاوەنی یەدەکێکی گەورەی نەوتە، بڕێك لەم یەدەکە گەورەیە دەکەوێتە سنوری جوگرافیای هەرێمی کوردستانەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری عێراقەوە.

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری گەورەیان لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکان هەیە، لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێتە هۆی ئاسایشی ئابووری و سیاسی هاوڵاتیان. لەسەر ئاستی ناوچەیی کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان چونکە هەرێمی کوردستان هاوسنورە لەگەڵ دوو دەوڵەتی بەهێزی هەرێمی (تورکیا و ئێران) ، هەروەها لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەك چەکێکی کاریگەری گۆڕەپانی پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان بەکاردەهندریت.

ئەم دوو سەرچاوە سروشتییە پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی ڕاست و دروست و یاسایی هەیە تا ببێتە هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ گەشەسەندنی وڵات و بەهێزبوونی پێگە سیاسی وئابووریەکەی، چونکە نەوت و گاز دوو چەکی دوولایەنەن یان ئەوەتا دەبێتە مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ وڵات، یان دەبێتە مایەی نەهامەتی و دەردەسەری، دەرکەوتنی هەریەك لەو دوولایەنەش پەیوەستە بەو سیاسەتەی کەپەیڕەو دەکرێت لەو بوارەدا. لەگەڵ زیاتر برەودان بە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کاریگەری سیاسی و ئابوری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەو کاریگەرییانەی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستە جیاوازەکان دەکاتە بابەتی سەرەکی لێ توێژینەوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 2(2022) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n2y2022.pp15-27
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 14 كانون الأول 2021؛ قُبل في 12 كانون الثاني 2022؛ نُشرت في 24 نيسان 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف : chalak1989@gmail.com, anwar.faraj@uhd.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2022 أنور محمد فرج، چالاك معتصم خورشيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### کێشەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی سێ پرسیاری سەرەکی بداتەوە:

1. کاریگەرییەکانی فا کتەری نەوت و گاز چیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناخۆی؟
2. کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز چیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوچەیی بە تایبەت تورکیا ؟
3. کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز چیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی؟بە تایبەت کاریگەری لەسەر پەیوەندی نیوان هەریەکە لە ئەمریکا و ڕوسیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

### گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان هەیە. نەوت و گاز سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتە بۆ هەرێمی کوردستان بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆ نەوت و گاز کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر داهات و بژێوی گەلی کوردستان، بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بە نێو خاکی تورکیادا نەوتی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێتە بەندەری جەیهانی تورکی بۆ فرۆشتن بە وڵاتانی بیانی، کاریگەری گەورەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی. هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لەلایەک و ڕوسیا و هەرێمی کوردستان لە لایەکی تر،ئەم دوو دەوڵەتەش دوو دەوڵەتی گەورەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتین. دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین نەوت و گاز کاریگەرییە ئەرێنییەکانی زیاترە لە کاریگەرییە نەرییەکانی لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستە جیاوەزەکان.

### ئامانجی توێژینەوە

نەوت و گاز دوو سەرچاوەی سروشتی گرنگن، کاریگەری ئەم دوو سەرچاوە گرنگەش فرە ڕەهەندە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە هەرسێ ئاستی ناخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بخاتە ڕوو.

### گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئەکادیمی، بەو پێیەش بە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دادەنرێت لەم بوارەدا، بۆیە گرنگی ئەم بابەتە لەوڕووەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ خستنەڕووی کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکاندا.

### توێژینەوەکانی پێشوو

بە تێڕوانین لە بەشێك لە توێژینەوەکانی پێشووتری ئەم بوارە دەبینین کۆمەڵێك کار لەم بوارەدا کراوە، بەڵام هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە لە بابەتەکەیان ڕوانیوە و بەو شێوە فراوان و گشتگیرەی ئەم توێژینەوەیە کاریان نەکردووە، بۆ نموونە :

- زیندین مولود خدر ،کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق، 2016.
- سکالا حسين محمد أمين، تأثير الاستقرار السياسي في إقليم كوردستان العراق على السياسات النفطيه 2005-2009، 2012.
- یوسف محمد بەرزنجی، چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیجی ـــ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ئابووری سیاسی دەربارەی کورد و پترۆڵ ،2013.

## باسی یەکەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی پێش (2000) کە هێز و لایەنە کوردیەکان بەشێوەیەکی لۆکاڵی هەوڵیانداوە سوود لە نەوت و گاز وەربگرن، لەڕێگەی ئەو دوو ئیدارە جیاوازەی کە لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی بەشێوەیەکی جیا حوکمڕانی سیاسی و ئابووریان دەکرد کە بە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یان هەردوو زۆنی سەوز و زەرد ناسرابوو، بەمەبەستی گەڕان و دۆزینەوە و پەرەپێدانی نەوت لەچەند کێڵگەیەکی نەوتی لە ئاستێکی سنووردادا (فەتاح، 2012، ل18).

گەشەی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەپاش ڕاپەرین و لە ساڵانی نەوەدەکاندا تەنیا بریتی بووە لە دەرهێنانی نەوت لەدوو بیری نەوت لە کێڵگەی تەقتەق و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان بەرفراوان نەبووە(ڕسوڵ، 2019، ل6) . هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2003) وە کەوتۆتە خۆی بۆ هەڵکەندن و لێدانی بیری نەوت و هاندانی کۆمپانیا نەوتیە بیانیە جیهانیەکان بۆ ئەوەی لە هەرێمدا سەرمایەگوزاری بکەن بەمەبەستی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری هەرێم، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (2003) ەوە، لەلایەکەوە بازاڕێکی تازەی ووزەیە لەبەر ئەوەی کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێودەوڵەتیەکان (Multinational Corporation ) بە لێشاو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە،کۆمپانیای فرەڕەگەز ئەوەیە کۆمپانیایەکە خاوەن و بەڕێوەبەری چەند یەکەیەکی ئابوریە لە دوو وڵات یان زیاتر. لە زۆربەی کاتەکاندا پێویستی بە وەبەرهێنانێکی بیانی ڕاستەوخۆ هەیە کە ئەمەش کۆمپانیایەك پێهەڵدەستێت و پێویستی بە خاوەندارێتی چەند یەکەیەکی ئابوری هەیە وەك خزمەتگوزاریەکان، پیشەسازی دەرهێنان، یان دابینکردنی پیشەسازی لە چەند وڵاتێك. بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ئابوری و سیاسەتی نێودەوڵەتی(غیلبین، 2004،ص287) . لەلایەکی تریشەوە بە پێی دەستورساڵی (2005 عێراق) دەوڵەتێکی فیدراڵییەو هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی ئەم دەوڵەتە فیدراڵیەیە، بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بە پێی ماددەکانی (111 ، 112، 115 و 121) ی دەستوری عێراق کەوتۆتە دەستی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم. پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان بەشێوەیەکی خێرا کاری تێدا دەکرا هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان ( یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2007 ی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان) ی دەرکرد و بەخێرایی

گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی و کەنەدی و نەرویجی و فەرەنسی و تورکی و بەریتانی و رووسی و ئیماراتی واژووکرد (موهندس، 2010) . ئەمەش هانی هەرێمی کوردستانی دا بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی بەم سەرچاوە گرنگەی وزەوە بکات.

کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لەئاستی ناوخۆ تەنها ڕەهەندێك ناگرێتەوە بەڵکو فرە ڕەهەندە، ڕەهەندی ئابوری و سیاسی تەنانەت ڕەهەندی سەربازیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستە و دەبێت بە بابەتی سەرەکی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گازە لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق.

## تەوەری یەکەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا

هەرێمی کوردستان کاتێك بڕیاری سەربەخۆ کارکردنی لە کەرتی نەوت و گازی دا لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر لاواز بوو، ئەزموونێکی کەمی لە چۆنێتی بەستنی گرێبەست و هاوردنی کۆمپانیە بیانییەکان هەبوو، چونکە پێشتر تەنها چەند گرێبەستێکی بچوکی لەگەڵ کۆمپانیە نەوتییەکان کردبوو، کاتێك یاسای تایبەت بە نەوت و گازی دەرکرد و بڕیاری سەربەخۆ گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتن نەوتی دا،مەبەستی ئەوەبووەگ لایەنی ئابوری هەرێم سەربەخۆبێت و سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەبێت،لەم ڕێگایەوە کار بۆ بە هێزکردنی پێگەی هەرێمی کورستان لەسەر ئاستە جیاوازەکان بکات، بەتایبەت ئاستی ناوخۆ، بە تایبەتی تریش بەهێز بونی پێگەی هەرێم لە تەواوی ڕووەکانەوە بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان دەستیکرد بە وەبەرهێنان لە کێلگە نەوتی و گازییەکانیدا و لەماوەیەکی پێوانەیی کورتدا توانی نەوتەکەی بگەیەنێتە بازاڕە جیهانیەکان و بە گازەکەشی بەشێکی زۆری پێداویستییە ناوخۆییەکانی لە وزەی کارەبا دابینبکات، ئەم سەرکەوتنەی هەرێم لە بونیادنانی کەرتی نەوت و گازدا کاریگەری سیاسی ئەرێنی هەبووە لە بەهێزبونی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا کە هەرێم بەشێکە لەم دەوڵەتە (محمد، تشرینی یەکەمی 2019، ل7) . بەڵام کۆمەڵێك هۆکار هەن وایان کردووە کە فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوویان نەبێت. یەکێك لەو هۆکارنە، لاوازی لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازادا، نزمی ئاستی زانست و تەکنەلۆژیایی هەرێم لە ڕووی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سامانە لە گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و فرۆشتن و تا گەڕانەوەی پارەکەش.

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەموو کارەکانی فرۆشتن و هەناردەکردن و بەبازاڕکردن و مامەڵە داراییەکانی کەرتی نەوت و گازی هەرێم دەکات تەنها هەندێك داتا لەسەر هەناردەکردن و داهاتەکان بڵاودەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز هەیە، کە سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی دەکات کە لەیاسای نەوت و گازی کوردستان پێداگیری لەسەر کراوە و بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێم ئەنجوومەنەکە گەورەترین دەسەڵاتی هەیە، ستراتیژییەتی نەوت و گازی کوردستان دادەڕێژێت و ڕادەی هەناردەی نەوت بەپێی پێویستیەکانی ناوخۆی کوردستان دیاری دەکات. ئەم پاوانخوازییەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بێمتمانەییەکی زۆری لە ناو خەڵك و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دروستکردوە، تەنانەت ئەو لیژنەیەی لەپەرلەمانی کوردستان هەیە( لیژنەی وزە و سامانەسروشتیەکان) بێ متانەیی خۆی ڕاگەیاندووە بەرامبەر بە ناشەفافی داهاتی نەوت و گاز و هەموو ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردوییەتی (ڕەفیق، 2016).

بۆ زیاترکردنی شەفافیەت و وردبینی لەپرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گازدا، حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت(Deloitte) کردووە، بەپێی گرێبەستەکە ئەو وردبینییەی کەلەلایەن کۆمپانیای وردبینی دیلۆیتەوە ئەنجام دەدرێت، سەرجەم پرۆسەکانی نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر لە ( بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی ) نەوتەوە، چ لەرێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە بێت، یان لە بازاری ناوخۆ و یان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ، تا پاڵاوگەکان و بەرهەمە نەوتی و گازییەکان و سەرجەم ئەو بڕە پارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون . ئەمەش هەنگاوێکی باش و بەرەوپێش چوونێکی گرنگ بوو لە پرۆسەکە لەچاو ئەوەی پێشتر کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆی داتاکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەمەش هەموو پێویستیەکان نیە بۆ دروستکردنی شەفافیەت چونکە داتاکانی دیلۆیت بەگوێرەی پێوەرەکانی خۆی و حکومەت نەك ئەنجومەنی خاوەن بەرژەوەندیەکان ئامادەکراوە (جەودەت، 2018).

هۆکارەکانی دروستبوونی ناشەفافیەت لەکەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا زۆرن، یەکێك لەو هۆکارانە ململانێی سیاسی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدایە، هەروەها ئەو دابەشبوونی سیاسی و کارگێری هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لەلایەك و نەبوونی دامەزراوە و توانای مادی و مرۆی لەلایەکی تر، کەوایکرد کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك ئاسایی و تەندروست بەرەو پێش نەچێت، بەڵکو کۆمەڵێك کەم و کوڕی ناشەفافیەتی تیادا دەربکەوێت (حمە کەریم، 2013، ل165) .

سەرەرای ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لەئاستی بەرهەم و هەناردەکردن و دامەزراندنی پاڵاوگە بەخۆیەوە بینیووە، نەبوونی شەفافیەت و دامەزراوەی پێویست بەمەبەستی هەنگاونان بەرەو چاکسازی بوونی ململانێی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان. لەلایەکیترەوە فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری نەرێنی هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان بەوەی کە بابەتێکی نوێ یان کێشەیەکی نوێ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا دروست بێت چونکە ئەگەر لەرابردودا بەشی گەورەی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کێشەی ( خاك) بوویێت ، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان، پرسی نەوت و گاز بووەتە یەکێك لە کێشە گەورەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ (فتح الله، 2015، ل149) .کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان چونکە دۆسیەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر سەرچاوەیەکی ئابووری نێوخۆی نەماوە و بۆتە شەڕێکی سیاسی کاریگەر بە هاوکێشە ناوچەی و نێودەوڵەتییەکان.

### تەوەری دووەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا

نەوت و گاز ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەگەشەسەندنی ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستاندا، چونکە لە فرۆشتنی نەوت و گاز دارایی پێویستیان دەستدەکەوێت بۆ تەمویلکردنی پرۆژەکان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوخۆی وڵات. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگی ناوە لە بەرەوپێشچونی کەرتی نەوت و گاز، بەشێکی گرنگیش لەم هەنگاوە بە ئاڕاستەی بە هێزکرنی ئابوری هەرێم بووە.

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی، لە بەشی پێنجەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمدا هاتووە، کە حکومەت چوار کۆمپانیای نیشتمانی کوردستان تایبەت بە نەوت و گاز وەك دامەزراوەی نەوتی نیشتیمانی دادەمەزرێنێت (یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی،2007، ماددەکانی 11،12،13) ، ئەوەش کۆمپانیاکانی:

**یەکەم:** Kurdistan Exploration and Production ) (KEPCO ( Company) (کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت) .

**دووەم:** (Kurdistan National Oil Company) ( KNOC) (کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت ) .

**سێیەم:** (Kurdistan Oil Marketing Organization) (KOMO) (کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت) .

**چوارەم:** Kurdistan Organization for Downstream ) (KODO) Operations) (کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشەکۆکانی).

هەروەها (Kurdistan Oil Trust Organization) (KOTO ) (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان) دادەمەزرێنێت(ماددەی (15) ، یاسای نەوت و طازی هەرێمی کوردستانی - عێراق ،2007 ) بەڵام هیچ کام لەم خاڵانەی یاسای نەوت و گاز جێبەجێنەکران، هەریەکە لەم کۆمپانیا خۆماڵیانە گرنگیەکی بەرچاویان دەبوو لە بەرەوپێشچونی ئابوری هەرێم ئەگەر دابمەزرێندرایە، چونکە بڕێکی زۆر قازانج بۆ هەرێم دەگەڕایەوە کە ئەمەش لە ڕووی ئابورییەوە پێگەی هەرێمی کوردستانی بەهێزتر دەکرد، بە تایبەتی دامەزراندنی(KODO) کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتن و پاشکۆکانی و دامەزراندنی کۆمپانیای (KOMO) بۆ بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان، لە ئێستادا دامەزراوەیەکی تایبەتی فەرمیان نییە کە سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکات، وەك چۆن لە عێراق کۆمپانیای (سۆمۆ) ئەم کارە دەکات.

زۆرینەی گرێبەستەکانی هەرێم و کۆمپانیاکان لە جۆری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان ( عقود المشاركه في الانتاج) (Producting Sharing Contract)، بەپێی ئەمجۆرە گرێبەستە حکومەت زەوی و موڵکی خۆی نادات بە کۆمپانیا (بەڵێندەر- مقاول) بەڵام کۆمپانیا مافی دەرهێنان و فرشتنی هەیەو، بڕێکی دیاریکراو لە قازانج ئەدات بە حکومەت (خاوەن ماڵ) . کۆمپانیاکانی نەوت لێرەدا هێنانەدەرەوەی نەوت و بەگەڕخستنی تەکنیك و سەرمایەی خۆیان ئەگرنە ئەستۆ، پاشان قازانجی ساڵانەی خۆیان هەڵئەگرن، ئەوجا چی مایەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی ڕێککەوتون لەگەڵ حکومەتدا دابەشی ئەکەن، ئەمەش بەشێکی زۆری دەڕوات بۆ کۆمپانیاکان لەڕوی هەقدەست و شایستە داراییەکانیان و خەرجیەکانی تر، یەکێکە لەو شێوازەی گرێبەستانەی کە ناوبانگێکی خراپی هەیە، چونکە حکومەت ئەبێت بەرپرسیارێتی: تەکنیکی، ژینگەیی، دارایی، بازرگانی، شارەزایی یاسایی، لە ئەستۆ بگرێت بەرانبەر ئەو پرۆسیسانەی کۆمپانیای فرەڕەگەز ئەنجامی ئەدات (جەعفەر، 2017) .

گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان بۆ دەوڵەتێك ئەبێت کە حکومەتێکی دەوڵەمەندو، بە ئەزموون و، ستراتیجیەتێکی ئابوریی بەهێزی هەبێت، هەروەها بەبێ ئەوەی شەفافانە ناوەڕۆکی گرێبەستەکانیان بڵاوکردبێتەوە (گزالی، 2012، ل 5) . ئەمەش بەشێکی تری لاوازی بەڕێوەبردنە، کە زیانی بە پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان گەیاندووە لەسەر ئاستی ناوخۆ.

کەم ئەزمونییەکی تری هەرێم لە بواری گرێبەست ئەوەیە، وەك مەرجێکی بە یاسایی بونی گرێبەستەکان کاتێك وڵاتێك گرێبەستی نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانییەکی بیانی واژۆدەکات دەبێت ناوبژیوانی (التحكيم) (Arbitration) دیاری بکەن بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك کە لەنێوانیان ڕوودەدات، هەروەها کاتێك یەکێك لە لایەنەکانی ئەم گرێبەستە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت، لایەنەکەی تر سکاڵا دەکات، هانا بۆ لایەنی ناوبژیوان دەبات، ئەم ناوبژیوانە وەك لایەنی سێیەم بڕیار لەسەر کێشەکانی نێوانیان دەدات و بۆیان یەکلا دەکاتەوە، لە زۆربەی گرێبەستە گەورەکانی بازرگانی دادگا بەناوبانگەکانی وڵاتان وەك ناوبژیوان دیاری دەکرێن، ئەم دادگایەنەش سیستەمی ئەندام بونیان هەیە زۆربەی وڵاتان تێدا ئەندامن(جەعفەر، 2017)

زۆر جار هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی خاوەن پشکی کەرتی نەوت و گاز هەبووە یان حکومەتی فیدراڵ سکاڵای لێکراوە لەو دادگایی کە وەك ناوبژیوان دیاری کراوە لە گرێبەستەکانی هەرێم و کۆمپانیاکان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەزمونی پێشینەی نییە،کە ئەمەش دواجار لێدان بووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان چی لە ڕووی سیاسی یان ئابوری بێت. لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەزمونێکی کەمی هەیە لە بواری نەوت و گازدا بەتایبەتی لە بەستنی گرێبەستەکان، بۆیە زۆربەی گرێبەستەکانی هەرێم کردویەتی لەگەڵ کۆمپانیاکان ناوەڕۆکی گرێبەستەکان بەشێوەیەك بووە لە ئەگەری ڕوودانی کێشەیەك ئەوەندە ماف بە کۆمپانیا دراوە ئەوەندە مافی بە هەرێم نەداوە، وەك لایەنێکی گرێبەستەکە، بۆیە کاتێك کێشەیەك دروست دەبێت لەوکاتەی پەنا بۆ دادگای وڵاتی ناوبژیوان دەبرێت دەبینین کەیسەکە لە بەر ژەوەندی کۆمپانیا کۆتای دێت و هەرێم کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی دارای دەکەوێتە (محمد، 2021) . ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزمونی هەرێم دواجار ئەمەش کاریگەری لە پێگەی هەرێم کردووە بە بڕێك زۆر دارای هەرێم سزا دراوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەو ئەنجامەی لە هەرێمی کورستان وەك ئەوەی لە سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاوکراوەتەوە هەرێمی کوردستان خاوەنی (45) ملیار بەرمیلی خەمڵێنراو لە نەوتی یەدەگ و بڕی (200) تریلیۆن پێ سێجا (5.7 ترلیۆن مەتر سێجا) یەدەگی گازی سروشتی خەمڵێندراوە لە ژێر خاکەکەیدا، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ پێگەی هەرێم، هەرێمی کورستان لە دەوڵەتی فیدراڵی بە پێی دەستوری فیدراڵ مامەڵە دەکات بۆیە بە پاڵ پشت بە مادده دەستورییەکان خۆی بەخاوەنی ئەم سەرچاوە گرنگە دەزانێت و مافی بە خۆی داوە زۆر ئازادانە مامەڵەی پێوە بکات، ئەمەش وایکردووە فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری هەبێت لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان، چونکە کاریگەری نەوت و گاز فرە ڕەهەندە.

## باسی دووەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی

لە سەرەتای سەرهەڵدانی پیشەسازی نەوت تاکو ئێستا نەوت وەك مادەیەکی خاوی ئۆرگانی رووە سیاسیەکانی گرنگی پتری هەبووە لە رووە ئابوورییەکانی، بڕ و نرخی نەوت پەیوەندی بە بڕیاری سیاسیەوە هەیە زیاتر لەوەی پەیوەندی بەمیکانزمی یاساکانی بازاڕی باو و کلاسیکییدا هەبێت، بڕو نرخی نەوت تەنها پەیوەستداری بە ( عرض وطلب) نیە، بەڵکو هۆکاری سیاسیش پەیوەنداره لەم نێوانەدا (نادر، 2008، ل 429) . بڕ و نرخ ئێستا لەململانێیەکدایە لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و وڵاتانی خوازیاری نەوت، نەوت کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەقەد ئەوەی سیاسەت کاریگەری کردۆتە سەر پیشەسازی نەوت و گاز، ئەوەندەش نەوت بزوێنەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە، گرنگیەکی ئابوری و جیهانی هەیە و کاری کردۆتە سەر پەیوەندی نێوان گەلان و وڵاتی جیهان، دەتوانرێت نەوت وەك چەك بەکار بهێنرێت بۆ فشار و هێنانەدی بەرژەوەندییەکان، بوونی نەوت لەو وڵاتانەداو پیشەسازی سەرمایەداری و جیهانی بۆ ئەو مادە ستراتیژییە، ئەوە دەبەخشێ کە هێز و توانایەکی دبلۆماسی و سیاسیشی هەیەو دەتواندرێ بۆ هەندێ مەبەستی پەیوەندی سیاسی و دۆستایەتی گەلانی جیهان و هەرێمی بەکاربهێنرێ (نادر، 2008، ل 429) . یاخود بەرژەوەندیە ئۆرگانیەکانی وڵاتانی سەربەخۆ و گەلانی ئاشتیخوازی دونیا بە ئاشتیانە بەرجەستە بکەن، پیشەسازی سەرمایەداری جیهانی بەبێ ئەو ماددەیە هەڵسوڕاندنی ئاستەمە، بۆیە ئەو وڵاتانەی خاوەن هێزی سەربازی و سیاسین دەتوانن لەو مادە ستراتیژییە خۆیان سودمەندبن و پێگەی بەهێزی ئابوری بۆ خۆیان دابین بکەن.

فاکتەری نەوت و گاز ڕۆڵێکی گرنگی بەرچاوییان هەبووە لە دارشتنی ئەو نەخشە سیاسیەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئارادایە، هاوکات کاریگەری هەبووە لە دیارکردنی ئەو پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیانەی لە ناوچەکەدا هەیە، ناکرێت فاکتەری نەوت و بازرگانی نەوت لەکۆی ئەو پرۆسەیەدا فەرامۆش بکەین، وەك دەردەکەوێت بازرگانی نەوت و گاز هەمدیس ڕۆڵی گەورەی خۆی دەگێرێت لە دارشتنەوەی ئەو پەیوەندیە هەرێمایەتیانەدا(مەنتك، 2017، ل 29) . بۆ وێنە لە عێراق پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازرگانی نەوت لە دەست حکومەتی ناوەند بوو، بەڵام دۆخەکە خەریکە بە شێوەیەکی تر وەرچەرخێت، ئێستا هەرێمی کوردستان بە بێگەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ راستەوخۆ بە هاوکاری دەوڵەتە هەرێمییەکان نەوت دەنێرێتە دەرەوە.

لە هەندێك بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگە بە هەرێمە فیدراڵییەکان دراوە پەیوەندی دەرەکی و دیبلۆماسییان هەبێت بەپێی دۆخی باو (ئەمری واقیع) (de facto) (ئەم جۆرە قەوارەیە بریتییە لە قەوارەیەکی جوداخواز کەلەلایەن خەڵکانێکەوە لەهەناوی سنووری وڵاتێکدا، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ئەندامانیەوە پشتگیری لێدەکرێت، لەئەنجامدا جۆرێك لەخۆبەرێوەبردن دێتە ئاراوە، لەهەمانکاتدا توانای ئەم خۆبەرێوەبردنە و گەیشتۆتە ئاستێك کە خزمەت و حکومرانی بەخەڵکانی نێو چوارچێوەکەی پێشکەش دەکات ،کەدەسەڵاتی کارای بەسەریدا هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر(عزیز، 2013، ل 23) نەك بە پێی یاسا (de jure) واتە زۆر جار ئەم هەرێمانە وەك دۆخێکی سەپێندراو (دیفاکتۆیەك) دەبن بەخاوەنی پەیوەندی دیبلۆماسی و لەگەڵ وڵاتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا مامەڵە دەکەن و پەیوەندی دەگرن. لە ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر لە هەرێم و ویلایەتەکانی وەڵاتانی دونیا چالاکانە بەشدارن لە بەرێوەبرنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەندێك شارەزا باس لە (360) هەرێم و ویلایەت دەکەن ئەمە بەبێ ناوهێنانی شارە گەورەکان کە لەم بوارەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوانیش ڕۆڵ دەگێڕن(نجار، 2015) .

کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی نییە، هەرێمێکە لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، بەڵام لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی دەوڵەتی عێراق گۆڕانکاری تێدا ڕووبدات ئەکتەرێك بووە ئامادەیی هەبووە، لە زۆر بابەتەدا زیاد لە هەرێمێك مامەڵەی کردووە بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان، چی لە ئاستی ناوچەیی و چی لە ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە لە دوای پرۆسەی ئازادیی و نوسینەوەی دەستور فیدراڵی لە ساڵی (2005) دا، هەرێمی کوردستان بەو پێگەیەی کە پێشتر هەیبووە لە نێو دەستوردا جێگەی کراوەتەوە، هەر بۆیە دەستوری فیدراڵ دانیناوە بە بەردەوامبوونی کارکردن بەو یاسایانەی کە لە ساڵی (1992) ەوە دەرچوون، ئەو بڕیارانەیش کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون (بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان) جێبەجێدەکرێن، ئەگەر هەموار نەکرابێتنەوە، یاخوود هەڵنەوەشێندرابێتنەوە، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یاخوود پێچەوانەی دەستووری فیدراڵ نەبن بۆیە نەبوونی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان بەو واتایە نایەت کە ئەم هەرێمە ناتوانێت بە هیچ جۆرێك پەیوەندی دەرەکی هەبێت و لەم ڕووەوە کۆت و بەند بکرێت، بەڵکوو لە هەندێك بواردا هەرێم دەتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا هەبێت، بەتایبەتی لە بواری ئابوری و فەرهەنگیدا یان لەبواری کردنەوەی نوسینگەی نوێنەرایەتی لە وڵاتانی تردا(عبدالله،2011 ، ل ل275-295) .

پێگەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەوێتە بەشی باکوری عێراقەوە، هەرێم هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە (تورکیا، ئێران و سوریا) بۆیە ئەم سێ دەوڵەتە دراوسێی هەرێمی کوردستانن، بۆباسکردنی مێژووی پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت دەگەرێینەوە بۆ مێژووی دانپێدانانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە پاشان ڕێکەوتنە فرە چەشنەکانی نێوانیان و هەوڵی هەرلایەك بۆ ڕێزگرتن یان لادان لەو ڕێکەوتنانە باس دەکرێت، بەڵام کاتێك باس لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ وەك (تورکیا، ئێران و سوریا) دەکرێت، دەبینین هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دانپێدانراو نەبووە، چونکە سیفەتی یاسایی نێودەوڵەتی نەبووە و سنورەکانی دانپێدانراو نەبووە، بەڵام هەریەك لەو دەوڵەتانە بەشێوازی تایبەتی خۆی گرنگی پێداوە و پەیوەندیی لەگەڵ بەستووە، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان بوو بە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ململانێیی و پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك پێگەیەکی جوگرافی و گۆڕانکاریی و پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی بەشێوازێك کاریگەربووە لە ناوچەکەدا (حمە کەریم، 2013، ل12) .

(تورکیا، ئێران و سوریا) ئەم سێ دەوڵەتە لە دەوڵەتە هەرێمییەکانی ناوچەکەن، هەر لە سەرەتای دروست بونی ئەم قەوارەیەوە هەریەکە بە شێوە و ڕادەی جیاواز پەیوەندیان لەگەڵ هەرێم هەبووە، بەڵام ئەم پەیوەندییە کارتێکەری کۆمەڵێك فاکتەر بوو کە دیارترینیان فاکتەری نەوت و گاز بووە، لە پۆلێنکردنی ئەم سێ دەوڵەتە دەبینین لەم ساڵانەی دوایدا تورکیا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبووە لە بواری نەوت و گازدا، لێرەوە پرسیارێکی سەرەکیمان بۆ دێتە پێشەوە ئەویش کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێم لە سەر ئاستی پەیوەندی نێوان هەرێم و دەوڵەتە ناوچەییەکان چییە؟ دیارترین تورکیایە، ئەگەر لێرەوە پرسێکی تر بێتە پێشەوە بۆچی هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوت و گازدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەیە

نەك ئێران و سوریا؟ دیارە ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە کە پەیوەندی بە هەڵکەوتەی جوگرافیا و باردۆخی ئابوری و سیاسی دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە، لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

## تەوەری یەکەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی

خاڵی سەرەتاو وەر چەرخانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی (1991) دەگەڕێتەوە، پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) گەلی کوردستان و گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی عێراق بۆ ناوچەکە، لە پێناو پاراستنی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان و لەسەر پێشنیاری (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و تورکیا) ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە(1991/4/5) دا بڕیاری ژمارە (688) ی دەرکرد و هێڵی (36) ی وەك جیاکەرەوەیەك لە نێوان کوردستان و بەشەکانی دیەکەی عێراقدا دیاری کرد. بەم جۆرە ناوچەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (1992)، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا (قادر، ئایاری 2021، ل79) .

ئەوەی پەیوەندی بە تورکیا وە هەبێت، لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە نەوت بوو بەبەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، هۆکاری ئەم بایەخەی تورکیا بە وزە لەلایەکەوە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە تورکیا وڵاتێکی بەکاربەری وزەیە و لە لایەکی ترەوە تورکیا ئەیەوێت لە ڕێگەی بەیەکگەیاندنی فرۆشیارو کڕیارەکانی وزەوە پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەهێز بکات(علی ، شوباتی 2018، ل11) .

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە بواری نەوت و گازدا گرنگی تایبەتی هەبووە بۆ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆرە لە نەوت و گازی سروشتی خەملێنەدراوە، بەهۆی ئەوەی تورکیا ئێستا پردی گەیاندنی وزەی ئەوروپایە و پێشتر ژێرخانی گواستنەوەی نەوت و گازی داناوە، هەروەها باشترین بژاردەی هەرێمی کوردستانە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت و گازی سروشتی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان، تورکیا تاکە دەروازەیە بۆ گەیاندنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان چەند ساڵێك بەر لە ئێستا تورکیا دژی ناوی کورد و کوردستان بوو، هەر ئەوەندەی کە تورکیا لە دژایەتی ڕاستەوخۆ وازیهێناوە و وەك دۆستی کوردستان خۆی نیشان دەدات، ئەمەش مانەی ئەوەیە کە فاکتەری نەوت و گاز تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری سیاسی هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوچەییدا، چونکە وایکردووە بیروبۆچونی دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەی وەك تورکیا بگۆڕێت لە دوژمن سەیرکردنی کوردستان بیکات بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی(حاجی، شوباتی 2015، ل30).

دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەکانی وزەی وەك نەوت و گازی سروشتی و کاریگەری لەسەر ئاسایش و ئابووری تورکیا هەیە، بەردەوامیی جموجۆڵ و چالاکیەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێندای سیاسی دەرەوەیدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر بەم ناوچەیە بدات، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی وزەوە ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ دەوڵەتی تورکیا، بەتایبەتی لە سۆنگەی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی دەرەکی و پرکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی لە بورای وزەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەنرخێکی کەم، بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەڕێگەی گواستنەوەی وزەی ناوچەکە و دۆزینەوەی بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی، تورکیا ویستی لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کار بۆ کۆمپانیا نەوتیەکانی بدۆزێتەوە، بە تێچوویەکی کەم بەشێکی زۆر لە پێداویستیەکان وزە پڕ بکاتەوەو هەرێمی کوردستان بکات بە جێگرەوەیەك بۆ (ڕوسیا و ئێران)کە دابینکەری وزەی تورکیان(علی، شوباتی 2018، ل12) .

لە پەیوەندی نێوان هەرێمی کورستان و تورکیا فاکتەری نەوت و گاز تەنها ڕەهەندی ئابوری نییە، بەڵکو ڕەهەندی سیاسی و سەربازیشی هەیە، هەریەکە لە (تورکیا و ئێران) دوو دەوڵەتی گەورەی هەرێمین و هەریەکە دەیەوێت هەژموون هەبێت لەسەر ئاستی ناوچەییدا، هەرێمی کوردستان زیاتر کەوتۆتە نێوان بەرداشی تورکیا و ئێرانەوە ئەمەش بەهۆی زیاتر پەیوەندی بە نزیکی ئەم دوو دەوڵەتە هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە هەرێمێك دەرگای بەسەر ئەم دوو دەوڵەتە ناوچەییەدا کردۆتەوە، تورکیا بە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم قورسایی سیاسی و کارتەکانی دەستی لە پەیوەندییە دەرەکیەکاندا زیاتر دەکات کە ئەمەش وادەکات مەیدانی دەستڕۆشتوویی سیاسی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە عێراق زیاد بکات، هەروەها لە ڕووی ململانێیە جیۆپۆلەتیکییەکان کاریگەرییەکانی حکومەتی تاران لەسەر باشووری عێراق و دەستڕۆشتوویی وڵاتانی سونە لە ناوچەی ناوەڕاستی عێراق شتێکی ئاشکرایە، بەڵام تورکیا مەیدانێکی کاریگەری ئەوتۆی لە عێراقدا نییە تەنها تورکمان نەبێت، تورکمانیش لە ڕووی سیاسیەوە ناتوانێت ببێتە کارتێکی بەهێزی تورکیا، بۆیە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ کورد لە داهاتووی عێراقدا یان لە گۆڕانکارییە درێژخایەنەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی نابێ (قادر و صالح، 2010، ل 149) .

تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم دەیەوێت ڕێگا لەوە بگرێت کە ئێران ببێتە تاکە ئەکتەری بەهێز لە مەیدانی سیاسی عێراقدا و ڕۆژئاواش بەتایبەتی ئەمەریکا پشتیوانی ئەوە دەکات کە دەستڕۆشتوی ئێران لە ناوچەکە کەم ببێتەوە، لە لایەکی تریشەوە تورکیا بە مەرجی ڕێکەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ویستگەی گەیاندنی وزە بۆ ئەوروپا کە بەم جۆرەش قورسایە سیاسیەکەی لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە زیاتر دەبێت کە پێویستیەکی زۆری بە وزە هەیە(صدیق، 2021) . هەروەها تورکیا لە ڕێگەی فاکتەری نەوت و گازەوە لەگەڵ هەرێم دەیەوێت ئاسایشی سنوری پارێزراوبێت، فرۆشتنی نەوت و گاز لە ڕێگەی تورکیا بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ هەرێم، بۆیە بەتێکچونی ئاسایشی سنوری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کێشە بۆ سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەمەش بە تایبەتی جۆرێك لە دەستکرانەوەی (پ ك ك ) کەمدەکاتەوە(پارك، ٢٠١٠، ل ل 99-106). چونکە ئەگەر ئاسایشی سنور تێکبچێت، ئەوە نەوتی هەرێم ناگات بە بەندەری جیهان بۆ فرۆشتن، ئەوکات سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەرێم دەوەستێت، هەرێم ناچار دەکات بێتە سەرخەت و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، ئەمەش لە بەرژەوندی ئاسایشی تورکیا کۆتایی دێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە دەوڵەتێکی فیدراڵدا مافی هەیە پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ وڵاتان و هەرێم و ڕێکخراوە جیهانیەکان ببەستێت بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کە لە دەستوری عێراق دا دەستنیشان کراوە، ئەو مافەی لە دەستوری عیراقدا بە حکومەتی هەرێم بەخشراوە لە بواری پەیوەندی دەرەکی دەتوانێت تەنها لە چوارچێوەی دیبلۆماسیی هاوتەریب ( پارا دیپلۆماسی) ( para diplomacy) خۆی ببینێتەوە. (پارادیپلۆماسیی لە وشەی پارا (Para) وە هاتووە،

که یەکەم بڕگەی وشەی (Parallel) ە واتە تەریب و هاوبەش، بریتییە لە دیپلۆماسییەتی هەرێمەکان کە هاوتەریب لەگەڵ دیپلۆماسییەتی حوکوومەتی ناوەند بەڕێوەدەچێت لە ستراتیژ و بەرنامەی کاریاندا. بە گشتیی هەرێمە فیدراڵییەکان و حوکوومەتی ناوەند کۆك و هاوکارن و پێوەندییە دەرەکییەکانیان تەواوکەری یەکترن و هەموو چالاکییەکان، بۆ بەرژەوەندیی هەردوولایە, ئەڵبەتە هەندێك جار دەکرێت دژ بەیەك بووەستن یان نەگونجاێك لە بۆچووندا ڕووبداتپارادیپلۆماسیی یانی دیپلۆماسیی خوار دیپلۆماسیی ئاسایی، کە دەوڵەت تێیدا ئەکتەری سەرەکییە و قۆرخی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کردووە، بۆ خۆی. هەروەها، بە بۆچوونی هەر دوو پرۆفیسۆران (دۆشاجیك و سۆڵداتۆس) پارادیپلۆماسیی، وەك کۆنسێپت (چەمك)، بریتییە لەجموجووڵ و چالاکییە نێودەڵەتییەکانی قەوارەیەکی ئیداریی, لەخوارەوەی دەوڵەت، بۆ نموونە (هەرێمێك، کانتۆنێك، ولایەتێك یان پارێزگەیەك. (تاوگۆزی، 2015) .ئەمەش شانبەشانی دیبلۆماسیی فەرمی و دەوڵەتی فیدراڵ بڕوات(کەریم، ئایاری 2021، ل20) . هەر بۆیە لەهەموو بارودۆخێکدا هەرێم لە ژێر کاریگەری هاوکێشە سیاسییەکانی حکومەتی فیدراڵدایە، بەتایبەتی لە بڕیاردان لەسەر کاروباری دەرەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ تورکیا لە بواری نەوت و گاز هەوڵیداوە ئەو ڕێکخستنەی پێشووی کە بۆ بازرگانی نەوت و گاز هەیبووە لە عێراقدا تێکی بشکێنێت، ئەمەش لەرووی ستراتیژیەوە گرنگی زۆری بۆ کورد هەیە، لەلایەکی تر قەوارە سیاسیەکەی هەرێم زیاتر دەسەپێنێت، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت پارێزگاری لە مانەوەی ئەو جۆرە بازرگانیە بکرێت چونکە جۆریك لە دەستکراوەیی بۆ کورد بەدیهێناوە هەر بۆیە ئەو پەیوەندی و مامەڵانەی لە گەڵ تورکیا هەیەتی دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵا ئەنجامی داوە.

لەبەر ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی خاکی تورکیا دەفرۆشرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا نەوتییە تورکییەکان لە کوردستان خەریکی وەبەرهێنانن، بۆیە ئەوەندەی فاکتەری نەوت و گاز لە ڕێگەی تورکیاوە کاریگەری لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبووە دەوڵەتانی تری دراوسێی وەك ( ئێران و سوریا) نەیان بووە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە کە ئەم دوو دەوڵەتە نەیان توانیوە وەك تورکیا لە بواری وزەدا پەیوەندییان هەبێت، دیارترین هۆکار بۆ ئێران سزا ئابورییە نێوەدەولەتییەکانی سەر ئێرانە کە وایان کردووە نەتوانێت وەك پێویست نەوت وگازەکەی خۆشی هەناردەی بازاڕی جیهان بکات نەخوازە نەوت و گازی هەرێم، هەرچەندە بە شێوەی تەنکەر بڕێك لە نەوت و گازی سروشتی هەناردەی ئێران دەکرێت بەڵام بە بڕێکی کەمە کە نەیتوانیوە کاریگەری دروست بکات، بۆیە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران سەرەرای بوونی هەمان رەهەند و سروشتی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بۆیە ئەم پەیوەندییە ئەوەندەی کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی هەرێم دەبێت ئەوەندە گرنگی و کاریگەری نابێت لەسەر کرانەوە و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەییدا (حمە غریب، 2014، ل 157).

## تەوەری دووەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی

لایەنی ئابوری یەکێکە لەو خاڵانەی کە لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە عێراق بەگشتی و بەتایبەت هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە، تورکیا هەموو کاتێك وەکو کارتێکی گوشار بەکارهێناوە، تورکیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراقەو بە ڕێژەی ( 2,5) ملیار دۆلار هەناردە بۆ عێراق دەکات و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی عێراق (قاد و صاڵح، 2010، ل 146) . ئابوری کوردستانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو وابەستەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانە لەگەڵ تورکیا، لەو نێوەندەشدا فاکتەری نەوت و گاز لە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕەهەندێکی ئابوری گرنگی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها بەنیسبەت وڵاتی تورکیاشەوە ڕەهەندی ئابوری فاکتەری نەوت گاز یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکان، چونکە داخوازی و پێداویستیەکانی لە بواری وزەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە، سەرباری بەردەوامیی تورکیا لەکاری هەڵکەندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، بەڵام لە ئێستادا ئەو وڵاتە تەنها لە (25%) ئەو وزەیەی کە پێویستی پێیەتی لە ناوخۆی وەڵاتەکەیدا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، تورکیا ساڵانە پێویستی بە نزیکە (45 بۆ 50) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە، بۆیە ناچارە لە (75%) ی پێداویستیەکانی لە ڕێگەی وڵاتانی دەرەوە هاوردە بکات، لەو ڕێژەیەش (9%) پشت بە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەستێت، تورکیا دوای هەریەك لە (چین و ئەڵمانیا) بە سێیەم وڵاتی هاوردەکاری گازی سروشتی دادەنرێت، هەر ئەمەش وایکردووە دەوڵەتی تورکیا کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بازرگانی بونیادبنێت(عزیز، 2013،ل 163) .

بەردەوامیی جموجۆڵ و چالاکیەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێندای سیاسی دەرەوەیدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگارزۆر بەم ناوچەیە بدات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی وزەوە ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ دەوڵەتی تورکیا، بەتایبەتی لە سۆنگەی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی دەرەکی و پڕکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی لە بواری وزەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەنرخێکی کەم، بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەڕێگەی گواستنەوەی وزەی ناوچەکە و دۆزینەوەی بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی(قادر، ئایاری 2021، ل78) .

لە لایەکی ترەوە نەوت و گازی کوردستان دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە خەونەکانی تورکیا سەبارەت بەوەی کە ببێتە ویستگەیەکی گەورەی وزە لە جیهان بێتەدی، تورکیا لە حاڵی حازردا سەبارەت بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی خۆی لە ستراتیژی وزەی خۆیدا زیاتر کار لەسەر تەوەری قەفقاس – ئاسیای ناوەڕاست دەکات و هەوڵدەدات سەرچاوەکانی ئەو ناوچانە بگەیەنێتە ئەوروپا، دەتوانین بڵێین کە بە مەرجی ڕێکەوتنی سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکانی هەردوولا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ تورکیا (قادرو صاڵح، 2010، ل ل 149-150) .

تورکیا وەك یەکێك لەدەوڵەتە هەرێمییە بەهێزەکانی ناوچەکە، خاوەنی پێگەیەکی ئێجگار ستراتیجی و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، لە ڕووی ئابوورییەوە بە یەکێك لە گرنگترین دەروازەکانی هەرێم دادەنرێت لە بواری هاوردەکردنی کاڵاو هەناردەکردن و گواستنەوەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا و جیهان، لەم سۆنگەیەوە تورکیا وەك تاکە دەروازەی هەرێم کاریگەری هەیە لەسەر پڕۆسەی ئابوری سەربەخۆ و بەهێزکردنی پێگەی هەرێم بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ. هەرێمی کوردستان بووە بە بەشێکی گرنگ لە ئابوری تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەشێکی زۆری هاوردەی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی بوارەکان پشت دەبەستێت بە تورکیا، دیپلۆماتەکانی تورکیا دەڵێن ئەوان لە هەوڵی " تێکەڵکردنی تەواوی ئابوریی " ناوچەی کوردنشینی عێراق و تورکیان(گروپی

قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، 19نیسانی 2012، ل٢) . ئەمەش بەو مانەیە دێت تورکیا هەرێمی کوردستانی وەك بەشێکی گرنگ لە ئابورییەکەی بینیوە، هەر ئەمەش وایکردووە سەرباری هەموو کۆسپە یاسایی و سیاسی و نەتەوەییەکان هێشتاش پەیوەندی لەگەڵ ببەستێت و ڕێگای بۆ خۆش بکات سەربەخۆیانە سەرچاوە سروشتییەکانی بگەیەنێتە جیهانی دەرەوە.

فاکتەری نەوت و گاز لە پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان هەرێمی کودستان و تورکیا گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، لە کەرتی نەوت گازدا چەند یاریکەرێکی سەرەکیمان هەیە کە ڕۆڵیان لە پرۆسەی دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی سەرچاوە نەوتی و گازییەکاندا هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە نەخشاندنی سیاسەتی هەناردەکردن و بەبازاڕکردن هەیە، لێرەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر یاریکەری سەرەکی کە ئەویش کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهانن (صالح،2012، ص5) .

خاڵێکی تری گرنگ بۆ دەوڵەتی تورکیا لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم دۆزینەوەی گۆڕەپانی کارکردنی کۆمپانییە تورکییەکانی بواری نەوت و گازە، کۆمپانیای گەنەڵ ئینرجی ( GENEL ENERGY)تورکی یەکەم کۆمپانیای جیهانی نەوت بوو کە ڕووی کردە کوردستان، ئەو کۆمپانیایە بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی (2002) ی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق و دەرهێنانی نەوت(ڕسوڵ، 2019 ، ل6) .

هەرێمی کوردستان لەسەر دووڕیانی وزە لەنێوان خۆرهەڵاتی ناوەراست و یەکێتی ئەورووپا هەڵکەوتووە، لەم ڕووەوە پێگەیەکی نایابی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشی گرنگ لەدابینکردنی پێویستی وزەی جیهان، بنیادنانی بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت تاکە ڕێگای کاریگەرە بۆ بەردەوامبوون لەسەر گەیاندنی نەوتی هەرێم بۆ سەر دەریا ، چونکە چەند ئەم نەوتە زووبگاتە بازاڕ و نێوەندەکانی بەکاربردنەوە ئەوەندە زیاتر بایەخی نەوتی هەرێم زیاتر دەبێت لەلایەکی ترەوە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کەبری تێچووی گواستنەوەی بەبۆری زۆر کەمترە و گومرگێکی کەمتری دەوێت.

لە دۆسیەی نەوتدا تورکیا ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی ڕەزامەندی دەربڕیوو بۆ کارکردن لە هێڵی بۆڕیی نەوتی (هەرێم_تورکیا) بە مەبەستی گواستنەوی نەوت و گازی هەرێم لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەیەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، حکومەتی هەرێم لە (2010/5/20) دا لە گەڵ کۆمپانیا تورکیەکاندا ڕێککەوتنی ئەنجامدا بەمەبەستی کارکردن لە پڕۆژەکەدا، کەدرێژییەکەی (281) کیلۆمەترە و بڕی (200) ملیۆن دۆلار تێچووە (قادر، ئایاری 2021، ل84).

تورکیا و هەرێمی کوردستان بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ گرێبەستێکی (٥٠) ساڵەی نەوت و گازیان واژۆکرد کە ئەمەش لە سەروبەندی بنیادنانی بۆری گواستنەوەی نەوتی کوردستان بوو بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، ئەم گرێبەسەتە ناڕەزای حکومەتی فیدراڵ و بەشێك لە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی لێ کەوتەوە چونکە ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستە بۆ ڕای گشتی نەخرایە ڕوو تەنها چەند کەسێك لێی ئاگادار بوون، لەم ماوانەی پێشوو وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێم لە کابینەی نۆ (جوتیار عادل) وتی "گرێبەستی (50) ساڵەی نەوت لەگەڵ تورکیا بۆ فرۆشتنی نەوت نییە و پێشەکی نەوت نەفرۆشراوە، بەڵکو بۆ تێپەڕینی نەوتی هەرێمی کوردستانە بەناو خاکی تورکیادا (سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١) .

تورکیا پەیوەندییەکی مێژووی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هەیە، سەرباری ئەوەی ئەم دوو دەوڵەتە چەندین ڕێکەوتن لەبواری ئاسایش و بازرگانی و ئابوری لەنێوانیاندا هەیە، لە ساڵی (2014) حکومەتی عێراق سکاڵای لە دژی دەوڵەتی تورکیا کردووە لە دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ کاروبارە بازرگانیەکان لە پاریس یاخود (ژووری بازرگانی پاریس) لەسەر ئەوەی کە تورکیا گرێبەست یان ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە لەچوارچێوەی هێڵی بۆڕی (کەرکوك- جەیهان) بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لەو ڕێگەیەوە، ئەم هێڵە ساڵی (1977) بونیادنراوە (Iraq-Turkey Pipeline)(ITP) ناسراوە، بەڵام تورکیا ڕێکەوتنەکەی پێشێلکردووە، بەوەی سەروەری عێراقی پێشێلکردووەو، بێ گوێدانە حکومەتی فیدراڵ، مامەڵەیەکی تری هاوشێوەی لەناو هەمان وڵاتدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا دەستپێکردووەو، هێڵی بۆڕی کوردستان-تورکیا ی کردۆتەوە(جەعفەر، ٢٠٢١) .

حکومەتی فیدراڵیش خاوەنی سەرچاوەی نەوتە، هەر لە حەفتاکانەوە هێڵی بۆری ستراتیجی بۆ تورکیا هەیە، بەڵام بۆچی تورکیا هەرێمی کوردستانی هەڵبژاردووە؟ ئەمەش پەیوەندی بە قازانجی زیاتری تورکیاوە لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم لە چاو پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هەرێمی کوردستان زیاتر دەرگای خۆی بۆ دەوڵەتی تورکیا واڵا کردووە ئەمەش لە پێناو گەیشتنی نەوتی هەرێم بووە بە بەندەری جەیهانی تورکی و فرۆشتنی، چونکە تورکیا تاکە دەروازەی جێگیر و سەلامەتی هەرێمە بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازەکەی، هەر بۆیە کۆمپانیا تورکیەکان لە یەکەم کۆمپانییەکانی نەوتن کە لە هەرێم کارییان کردووە.

تورکیا زۆرترین قازانجی لە نەوتی هەرێمدا کردووە، (١٥ ٪) پارەی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا بووە.بۆ نمونە: بەغدا و تورکیا ڕێکەوتنیان هەیە بۆ گواستنەوەی نەوت بەرمیلی بە ($1.90) دۆلارێك و نەوەت سەنت، بەڵام هەرێم لەساڵی (2019) دا بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆریت بەتێکڕا بەرمیلی ($3,80) سێ دۆلار هەشتە سەنتی داوە بە گواستنەوە لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی (2020) دا کرێکە کەمیکردووە، بەڵام هێشتا بە تێکڕا ($2,11) دوو دۆلار و یانزا سەنت بووە واتە بۆ هەر بەرمیلێك ($1,20) یەك دۆلار و بیست سەنت زیاترە(صدیق، 2021) .

تورکیا لەسەر ئەو باوەڕەیە کەهاوبەشبوون لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بۆ ئەو وڵاتە سوودی ستراتیژیکی زۆری هەیە و پێداویستیەکانی تورکیا لەبواری وزە ئاسانتر و هەرزانتر لە حکومەتی فیدراڵی عێراق دابین دەبێت(هەڵەبجەیی، 2015، ل ل 120-125) . هەروەها هۆکارێکی تری تورکیا بۆ هەڵبژاردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم، ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان جگە لە نەوت مەیدانێکی گەورەی گازی سروشتی بوونی هەیە، کە بڕەکەی زیاترە لە (200) تریلیۆن مەترسێجا (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان) ، لێرەدا گرنگیی و گەورەیی فاکتەری گازی هەرێمی کوردستان نەتەنیا لە پێگەی هەرێم، تەنانەت بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپاش دەردەکەوێت.

لەکۆتایی ئەم باسەدا، گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە فاکتەری نەوت و گاز کاریگەرییەکی بەرچاوی سیاسی و ئابوری هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی، هەرێمی کوردستان دوای ساڵی (1991) بوە بە بارێکی سەپێندراو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەش وایکردووە دەوڵەتانی دراوسێ ( تورکیا، ئێران، سوریا ) لەسەر ئاستی سەرکردەکان پەیوەندی ناڕەسمیان هەبێت لەگەڵ هەرێم، بەڵام دوای دامەزراندی قەوارەی هەرێم ئەم پەیوەندیانە چونەتە قۆناغێکی ترەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی ، بەڵام دوای ڕوخانی حکومەتی ڕژێمی بەعس و دووبارەبونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق و نوسینەوەی دەستور تواندراوە ئەم قەوارەیە زیاتر لە هەرێمێك جێگەی لە دەستوردا بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە پێش دامەزرادنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ قەوارەیەکی کارگێڕی و واقعی بووە، پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لە باری سەپێندراوەوە چووەتە باری یاسایی، وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی هەژمار کراوە، ئەمەش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە دەستور بۆی

دیاری کردووە لە پەیوەندیەکانی دەرەوەیدا، هەرێمی کوردستان هەوڵیدا برەو بە کەرتی نەوت و گاز بدات، لەو چوارچێوەیەدا بانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت و گازی کرد تا لە کوردستان لە بواری نەوت و گاز وەبەرهێنان بکەن.

## باسی سێیەم

## کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی

بابەتی وزە بابەتێکی گرنگ و هەستیارە بۆ پیشەسازیەکان، لەهەمان کاتدا فاکتەرێکی گرنگی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و بزوێنەرێکی سەرەکی ململانێ جیهانیەکانە، هەموو ئەو دەوڵەتە گەورانەی دەگەنە ئاستێکی دیاریکراوی پێشکەوتن و سەرچاوەکانی وزەیان نیە، یاخود هەیانە و پێویستەکانیان پڕناکاتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبنە یاریزانێکی نوێی گۆڕەپانی ململانێ لەسەر وزە و لەهاوکێشە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تێوەدەگلێن(شێرۆکی، 2017، ل351) . کەوابوو، ئەو نەوتەی کە وڵاتە بەرهەمهێنەکان هەناردەی دەکەن بۆ وڵاتە پیشەسازیە هاوردەکارەکان یەکێك لە پایەکانی ئابوری جیهانی پێکدێنێت، زۆرینەی سەرچاوەکانی سامانی نەوت و گاز دەکەوێتە وڵات گەلێکی بچووك و تازە پێگەیشتوو کە دەناڵێنن بە دەست کەمی ئامراز و تەکنیکی باڵا بۆ قۆستنەوە و بە کارهێنانی ئەو سامانە گرنگە، لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکان بە تەواوەتی بێبەشن لەم سامانە گرنگە، بۆیە ناچاربوون هەوڵبدەن ئەم سامانە پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت بەدەست بهێنن(الرمیحی، ص176) .

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچە پڕ بایەخانەی نەوت کە پتر لە 60% هەناردەی نەوتی دونیا پێکدەهێنێت (نادر، 2008، ل 473) . لەبەر ئەم هۆیەش لە مێژوودا بەردەوام جێگای ململانێ بووە، ئەگەر لە مێژووی جیهانیدا ئاشتی دیاردەیەکی دەگمەن بووبێت، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگمەنترە، ئەگەر بەخێرایی کەمێك لەڕەوش و بارودۆخی ناوچەکە بڕوانیین، دەبینین ململانێی بەردەوامی نێوان هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان لەسەر ناوچەکە بەبێ پچڕان تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لە داهاتوشدا بەردەوام بێت، لەم ڕوانگەیەوە ململانێی هێزە ناوچەییەکان لەگەڵ یەکتردا، ململانێی زلهێزەکان لەگەڵ یەکتردا بوونەتە هۆی شەڕ و شۆڕ و پێکددانی بەردەوام و خولْقاندنی ناسەقامگیری و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا، ئەوەی زیاتر کێشەکانی قووڵتر کردۆتەوە، ئەوەیە کەهەریەك لە هێزە ناوچەییەکان لەهەوڵی ئەوەدایە چۆن پشتیوانی و پشتگیری زلهێزەکان بەدەست بهێنێت (شێرۆکی، 2017، ل351).

فاکتەری نەوت و گاز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر ئەچێتە ناو چوارچێوەی زانستێکەوە کە پێی ئەوترێ ئابوری سیاسی نێودەوڵەتی ( International Political Economy) ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بێت بۆ تاوتوێکردنی جۆر و ڕێبازی پەیوەندییەکان لەنێوان "فاعل-ئەکتەر" ە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەوە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان بریتی یە لە پەیوەندی نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا. لەبەر ئەوەی دەوڵەت یەکەیەکی سەرەکی و گرنگە لە سیاسەتی جیهانی و خاڵی چەقە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، هەرێمی کوردستان یەکەیەکی نا دەوڵەتییە، بۆیە ناتوانین بە ئاسانی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ئاستی ناوچەی و جیهاندا دەستنیشان بکەین پێویستە لە روانگەی پەیوەندییە نا فەرمی و تاکتیکیەکانی وڵاتانی ناوچەکەو و جیهان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وێنای پێگەی هەرێمی کوردستان بکەین، چونکە ئەوە تەنها دەوڵەتە زلهێزەکانە ئەگەری ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ یاخود نیمچە سەربەخۆ ڕۆڵێکی بەرچاو و زۆر هەست پێکراو بگێڕن لە سیستمی جیهانیدا.

### تەوەری یەکەم

### کاریگەرییە فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان ئاستی نێودەوڵەتیدا (پەیوەندی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوردستان)

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گەورەترین بەکارهێنەری سەرچاوەکانی وزەیە لە بواری پیشەسازیدا، گەورەترین ڕۆڵیشی هەیە لە داڕشتنەوەی سیماکانی جیۆسیاسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا پشتگیری بەردەوامی هاوپەیمانەکانی بواری نەوتی کردوە ، هانیداون بۆ دانانی داهات و دەسکەوتەکانی نەوت بە دۆلاری ئەمریکی، بەمەش وڵاتانی هەناردەکەری نەوت بەشداری گەورەیان کردوە لە بوژانەوەی ئابووری ئەمریکی و هەژموونکردنی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەسەر ئابووری جیهانیدا (جەمال، ،2017) . ئەمرکیا هەوڵیدا ئەم سامانە پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت بەدەست بهێنێن لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزەی وڵاتەکەیەوە. ئەمریکا ئەوەندەی پێی بکرێت پلانی پێویست دادەنێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، بە هەموو ڕێگەیەك بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر گۆڕەپانەکەدا بە بەکارهێنانی دەست ڕۆیشتنیان و باڵا دەستیان لە بواری تەکنەلۆجیا و کارگێری لە لایەك، و بە بەکارهێنانی ستراتیجیەت لەلایەکی دیکەوە، تەنانەت ئەگەر کارەکە وا بخوازێت سیاسەتی ڕووخاندنی حوکمەتەکانیش بە کاربهێنن هەروەك چۆن ئەمەیان بەرامبەر بە دکتۆر موسەدق لە ئێران لە ساڵی(1952) بەکارهێنا، یان بە بەکارهێنانی دەستێوەردانی سەربازی لە کوێت لە کاتی جەنگی کەنداوی دووەم لە (1991)و ڕووخاندنی سەدام حوسێن و داگیرکردنی عێراق ساڵی (2003) (خیتاوی،2010، ص143) .

هەرێمی کوردستان بە شێکە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، عێراقیش بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و لە عێراق بە تایبەت ڕوودەدات بمانەوێت و نەمانەوێت ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کوردستان هەیە، لە دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی بیڵ کلنتۆن، بەردەوامبوو لە پشتیوانی کردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و یەکخستنەوەی هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی حکومەتی عێراقدا. هۆکاری سەرەکی ئەم پشتیوانیەی کلنتۆن دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیجی دەورەدانی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. لەساڵی(2001) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری ڕووخانی ڕژێمی عێراقیدا (حەسەن، تشرینی یەکەم2020، ل8) .

ڕووخانی ڕژێمی عێراق و گۆڕینی سیستەمی عێراق بۆ سیستەمی فیدراڵی دیموکراسی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، دەکرێت بە دەسکەوت و بەرەوپێشچوونی گەورەی پرسی کورد لە عێراق هەژمار بکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەلایەك پرسی کورد چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت، پرسی کورد بوو بەپرسێکی دانپێدانراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەلایەکی ترەوە، پێگەی کورد لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا گۆڕا بۆ هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا (حەسەن، تشرینی یەکەم2020، ل8) . ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دیاریکردنی سیستمی فیدراڵی

بۆ عێراق، هەرێمی کوردستان بوو بە تاکە هەرێمێکی ئەم دەوڵەتە فیدراڵە، دەستور فیدراڵی تا ڕادەیەکی باش دۆخی هەرێمی کوردستانی لەبەر چاو گرتووە، کە پێش ئەم دەوڵەتە فیدراڵە بوونی هەبووە، ئەمەش وایکردووە تا ڕادەیەك زیاتر لە هەرێمێك دەسەڵاتی پێبدرێت لە دەستوری فیدراڵی، ئەمەش هانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکات لە پڕۆسەی نەوت و گازدا، ئەمریکاش لەم بڕیارەی هەرێم لایەنگری بۆ دەربڕی چونکە وەك دەردەکەوێت ئیدارەی ئەمریکی خوازیاری بە نا- ناوەندکردنی ( de-centralization)پڕۆسەی نەوت و گاز بووە، هەر لەم ڕۆشنایەیشدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە لایەنگرانی نا- ناوەندکردنی پڕۆسەی نەوتی عێراق بووە. تەنانەت جۆری گرێبەستی هەرێم پێشنیارێکی ئەمریکیە(یاسین،2017، ل 90) .

هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە دەستوری فیدراڵ و یاسای نەوت و گازی هەرێم دەستیکرد بە فرۆشتنی نەوت و گازی خۆی، دوای ئەوەش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان خاوەنی (45) بیلیۆن بەرمیل مەزندەکراوە(وەزارەتی سامانە سروشتییەکان) . ئەمەش سەرنجی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەموو جیهانی بەگشتی بۆخۆی ڕاکێشاوە، وایکرد چەند کۆمپانیای گەورەی جیهانی ڕوویکەنە کوردستان بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز، هەرێمی کوردستانیش هەوڵیدا لە ڕێگەی گرێبەستەکانی نەوت و گاز ئیمتیازاتی زیاتر بدات بە کۆمپانیا بیانییەکان، مەبەست لەمەش هاندانی زیاتری کۆمپانیە گەورەکان بووە بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازدا ئامانج لەمەش بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بووە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیری سیاسی و ئابوری وڵاتانی کۆمپانیا بیانییەکان بووە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهانە کە زۆرترین کاریگەری هەبوو لە سەر هەرێمی کوردستان، هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ بەهێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە لە بوارە جیاوازەکان، هەروەها لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بووە بەهێزترین دەوڵەتی جیهان، سیستەمی جوت جەمسەریش بوو بە تاك جەمسەری و بەسەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆتایی هات، دەستێوەردانە سەربازییەکانی ساڵی (1991) و (2003) ، لە عێراق، بۆیە ئەمەش وایکرد زۆرترین مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەبێت، لەواقعیدا مامەڵەکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەك بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو وولاتانی دیکەی دونیا هەروا ئاسان نییە، چونکە جگە لەوەی ئەمریکا وولاتێکی زلهێزی جیهانییە و لەهەموو شوێنێکدا ئامادەبوونی هەیە و سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی دادەڕێژێت، (هینری کیسەنجەر) بەراشکاوانەوە بە ڕوونی لەم بارەیەوە گووتویەتی "تاکە شتێك لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگیر و نەگۆڕ بێت، بەرژەوەندییەکانە (شێرۆکی، 2017، ل358) " . وەك زۆربەی وولاتە گەورەکانی تر.

سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد بەگشتی و کوردانی عێراق بەتایبەتی ئەچێتە چوار چێوەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئاکتەرە نادەوڵەتیەکان یان ئەچێتە چوار چێوەی سیاسەتی بەرامبەر بە دەوڵەتانی (عێراق، تورکیا،ئێران و سوریا )ەوە، بەوپێیەی نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆی نیە، بەم هۆیەوە پەیوەندییەکانی کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەت لەسەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکی نافەرمی و تاکتیکی بوون زیاتر لەوەی پەیوەندییەکی ستراتیجی جێگیرو و فەرمی بووبێتن، پەیوەندییەکان بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و گۆڕاوە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاون، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان بە پێی مەبەست بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکانی خۆیان لە کاتی جیاوازی و لەسەر بنەمای بارودۆخە نوێیەکان، گۆڕانکاری و پێداچوونەوەیان لە پەیوەندیەکانی خۆیاندا کردووە لە بەرامبەر کوردا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کورد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر ئامرازێك بووە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیجیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (حەسەن، تشرینی یەکەم2020، ل8) . نەك هاوپەیمان و دۆستێکی هەمیشەی بوبێت، ئەمەش لای هەرێمی کوردستان ڕوون بووە کە ئەمریکا وەك هێزێکی کاریگەر و جیهانی لەهەموو پەیوەندی و مامەڵەکانی بەرژەندییەکانی وڵاتەکەی لەبەرچاو بگرێت نەك بەرژەوەندی بەرامبەر.

حکومەتی هەرێم بەشێوەیەك مامەڵەی کردووە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری نەوت و گازدا لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاتربێت لە بەژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری نەوت و گاز لە حکومەتی فیدراڵ، (موئمین زەڵمی) دەڵێت " لە ئێستادا ئەوەی ئەمەریکاییەکانی پەلکێشی هەرێمی کوردستان کردوە، بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەمەریکا و پرسە بازرگانەکانییەتی لەگەڵ نەوتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئایا ئەم بەرژەوەندییە ئابورییە چەندە ئەمەریکا وابەستەی بەڵێنی فەرمی و کرداری دەکات لە پشتگیریکردنی بۆ کوردستان؟ ئەوە پرسیارێکی گرنگە کە کورد بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێت (زەڵمی، 2019)". بۆیە پرسی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا توانیویەتی پشگیری ئەمریکا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و ئابورییەوە پێگەی هەرێم بەهێز بکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؟ ئایا هەرێمی کوردستان لەم شێوازە مامەڵە کردنەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بەگشتی و ئەمریکییەکان بەتایبەتی ئەو هیوا سیاسیانەی هەبیووە بەدیهاتووە؟

سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر مەسەلەی کورد، بەشێکە لەو سیاسەتە گشتییەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەرامبەر ( عێراق ، ئێران ، تورکیا و سوریا) و ناوچەکە هەیەتی و سیاسەتی فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەتا ئێستا بریتی بووە لە جەختکردنەوە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق، هەروەها ئەمریکا هەمیشە لە گۆشەنیگای خۆیەوە لەگەڵ تورکیا و عێراق روانیویانەتە پرسی کورد لەو وڵاتانە و گومانیان لەسەر ئەوە بوو کە پرسی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆییە (کاکەی، 2019) . ئەمەش هیچ لە بەرژەوەندی گەلی کورد نییە چونکە ئەمە پشتکردنە لە مافی سەربەخۆی کووردستان جۆرێك لە دەستکراوەی تێدایە بۆ دەوڵەتی عێراق بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە کورد لە هەبونی هەر جوڵەیەکی سیاسی کە پێچەوانەی حکومەتی فیدراڵ بێت، ئەمەشیان چەندینجار دووپاتکردۆتەوە کە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هەرێم لە چوارچێوەی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایە بەرامبەر بە عێراق، هەروەها کەپاڵپشتی سەرەکین بۆ جێگیربوونی بارودۆخی عێراق.

### تەوەری دووەم

## کاریگەرییە فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (پەیوەندی ڕوسیا و هەرێمی کوردستان)

ڕوسیا وێڕای ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و لە کۆمەڵێك بابەت و فایلی نێودەوڵەتیدا بۆتە ژمارەیەکی ئێجگار قورسی هاوکێشەکان، ڕوسیا هەتابێت کاریگەرتر دەبێت لە ڕۆڵگێڕان لە ناوچەکەدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست دراوسێی ئاسیای ناوەند و قەوقازە و ڕوسیا چ لەسەردەمی قەیسەر چ لە سەردەمی یەکێتی سوڤیەت و چی لەسەردەمی پوتیندا هەموو ئەو پانتاییەی بەقوڵایی جیۆپۆلەتیکی خۆی زانیوە و دەیزانێت، بەم پێیە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگیەکی جیپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنومیکی زۆری بۆ ڕوسیا هەیە، ئەوەی ئەم گرنگییەی زیاتر کردووە ئەوەیە کە ڕوسیا هاوبەشییەکی گرنگی  هەیە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەبریتیە لە بوونی سامانێکی سروشتی زۆری نەوت و گاز، ئەم هاوبەشییە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر سیاسەتی ڕوسیا بەرامبەر ئەم ناوچەیە (شێرۆکی، 2017، ل360) .

جێگیربوونی هەرێمی کوردستان لە دوای (2003) وەك کیانێکی فەرمی و هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراق، وە جێگیربوونی مافە دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان لەدەستوری ساڵی (2005) عێراق، پێگەیەکی دەستوری و سیاسی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست کرد لە عێراقی فیدراڵدا. لە ڕاستیدا گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ناوچەکەو جیهانیش دوای (2007) دەستپێکرد واتا ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان دەستی بەفرۆشتنی نەوت کرد، هەر لەوساتەوە هەرێمی کوردستان بووە جێی پەیوەندی بەشێکی زۆر لەوڵاتان لە نێوانیشیاندا وڵاتێکی وەك ڕوسیا  قۆنسولگەری خۆی لەهەولێر کردەوە(شێرۆکی، 2017، ل360) .

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پەیوەندییەکی مێژووی درێژی هەیە لەگەڵ ڕوسیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان لە سنورێکی تەسکی تاکتیکی و بەرژەوەندی کورتخایەندا تێنەپەریوە، واتا ڕوسیا هەمیشە پرسی کوردی وەك کارتێکی گوشار لە دژی نەیارەکانی بەکارهێناوە بۆ مەبەستێکی تایبەت، وێستگە سیاسیەکانی مێژووی پەیوەندیەکانی کورد و ڕوسیا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە مۆسکۆ هەرگیز تاسەر لەگەڵ کورد بەردەوام نەبووە، وە فاکتەرێکی تریش کەلە دوایی (2007) هاتۆتە نێو پەیوەندییەکانی هەردولاوە بریتیە لە فاکتەری وزە، بونی کۆمپانیا ڕوسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا (ئەحمەد، کانونی 2020، ل131) .

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی(2) ی (2017) لەگەڵ کۆمپانیای رووسنەفت  (Ros Neft ) ە ڕێککەوتن کە، ڕووسیا نەوتی هەرێم ئەکرێت بۆ ماوەی (3) ساڵ لە (2017-2019) . دواتر لە (2 ی حوزەیرانی 2017) لەمیانەی بەشداریکردنی وەفدی هەرێم لە کۆڕبەندی سان پیتەر سبۆرگ ( Petersburg . (International Economic Forum) کە کۆڕبەندێکی ساڵانەی ئابوریی نێودەوڵەتیە، هەردوولا ڕێککەوتن. کۆمپانیاکانی ڕوسییەکانی وەك ڕۆزنەفت و گازپرۆمی روسی لە ئێستادا لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن(جەعفەر،  2019) .

پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هێزێکی گەورەی وەك ڕوسیا گرنگی زۆری هەیە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەو هەنگاوانەی ڕوسیا لە ڕاستیدا بازێکی گەورە بوو لە ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕوسیا ، گرنگیەکەشی ئەوەبوو کەتەنیا یەك حەفتە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە (9/18/ 2017) دەستی پێکرد، لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا سەرەڕای دژایەتی (تورکیا، عێراق، ئێران و تا ئاستێك ئەمریکاش) بەڵام ڕوسیا بە پێچەوانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژایەتی ڕیفراندۆمی نەکرد. دوومانگ پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم( سێرگی لاڤرۆڤ) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا ووتی" کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تری جیهان مافی خۆیانە کە گوزارشت لە هیواو ئامانجەکانیان بکەن (ئەحمەد، کانونی 2020، ل131) . ئەمەش بووە خاڵێکی گرنگ لە کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت گاز لە پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە ڕوسیا بنیاد لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی ئابوری لە بواری وزدا دژایەتی هەرێمی نەکرد. ئەم هەڵوێستەی جۆرێك بوو لە دانپێدان بۆ هەرێمی کوردستان، ڕوسیا نەکەوتە ژێر کاریگەریی تورکیا تا دژی ئەم جوڵە سیاسیەی هەرێم بێت.

پیشەسازی نەوت لە دیدی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆی بەسەر بازاڕی جیهانیەوە هەیە، هەمیشە هەڕەشە هەیە لەسەر نرخی نەوت، چونکە کاریگەرە بە گۆڕنکارییە ئابوری و سیاسیەکانی جیهان، بەرهەمهێنەرە گەورەکانی نەوت و بازرگانەکانی نەوت دەتوانن کاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر دانانی نرخی نەوت. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە دەتوانن نرخی نەوت بگۆڕن، وەك هێزێکی نەرم بەکاری دەهێنن بۆ کاریگەری دانان  لەسەر کێبڕکێکارەکانیان، ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە لە زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە یاریپێکردن (تلاعب- (Manipulationناوزەند ئەکرێت گەمەیەکە لە بازاری بازرگانی دا دەوڵتان پێی هەڵدەستن(جەعفەر، 2020 ) . ئەمریکا لە  مانگەکانی سەرەتای ساڵی (2021) پاڵ پشت بە سعودیە نرخی نەوتی دابەزاند بەزۆر خستنە بازاڕی نەوت، ئەمەش بە مەبەستی زیان گەیاندن بە دەوڵەتی ڕوسیا کە ئەویش فرۆشیارێکی نەوت و گازی سروشتییە، بەم یارییەی ئەمریکا و سعودییە کردیان، روسیا زیانێکی زۆر بەرکەوت، هەروەها زۆرێك لە دەوڵەتانی تر کە نەوت، سەرچاوەی یەکەمی داهاتیانە زیانی زۆرییان بەرکەوت، عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم زیانە بێ بەش نەبوون.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە فاکتەری نەوت و گاز  لەسەر ئاستی جیهانی گرنگییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر، هەرێمی کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆرە لە نەوت و گازی سروشتییە، ئەمریکا و ڕوسیا دوو دەوڵەتی بەهێزی جیهانین کە ئامادەیەکی بەرچاوییان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان دەبەستن. کۆمپانیا گەورەکانی ئەم دوو وڵاتە خەریکی وەبەرهێنانن لە بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئامانجی یەکەمیان لەم کارە دەستکەوتنی قازانج و فراوانکردنی مەودای بەرژەوەندیکانیانن، بەڵام ئامانجی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی (ئەمریکا و ڕوسیا) جگە لە وەدەستکەوتنی قازانج و بەهێزبونی پێگەی ئابوریی بەهێزکردنی پێگەی سیاسیشە، هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە هیوای سیاسی گەورەی هەبووە، باشترین تاقی کردنەوەش بڕیاری ڕیفراندۆم بوو، ئایا (ئەمریکا و ڕوسیا) پشتگری هەرێم دەکەن یان دژی دەبن؟ کاتێك هەرێمی کورستان بڕیاری ڕیفراندۆمی دا هەڵوێستی فەرمی ئەمریکا زۆر نەرێنی بوو بەراورد بەو پەیوەندیە ئابورییەی کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی لە بواری نەوت و گازدا، هەڵوێستی ڕوسیا جۆرێك لە بێلایەنی بوو، واتا نە پشتگیر بوو نە دژی ڕیفراندمیش بوو. بۆیە لێرەوە ئەوە ڕوون بۆیەوە فاکتەری نەوت و گاز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوەندەی کاریگەری ئابوری  هەبووە لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێم ئەوەندە کاریگەری سیاسی نەبووە لە پێگەی هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتی.

## دەرئەنجام

1. فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆری یەدەکی نەوت و گازی سروشتییە، ئەمەش پێگەیەکی بەهێزی پێبەخشیوە، لە لایەکی ترەوە سەربەخۆ مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان بە نەوت و گازەوە کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بوو لەسەر کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.

2. دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی شکستی هێنا لە دەرکردنی یاسای تایبەت بە نەوت و گاز ، هەرێمی کوردستان لەساڵی 2007 لە پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی پەسەند کرد، ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی دەستکراوە کرد، هەموو مافێکی دایە حکومەت کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت و وەك وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات بە بەسەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ، مافی دا بە هەرێم نەوت و گاز بەکاربهێنێت بۆ گەشەپێدانی ناوخۆ و یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، دوای ئەوە پێویستی بازاڕ وایکردوەبەرهێنەران رووبکەنە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانێکی زۆری تێدا بکەن، ئەمەش بوو بە سەرەتای دەرکەوتنی کاریگەری فاکتەری نەوت و گازی هەرێم لە سەر ئاستی ناخۆ.
وفكرة الضرورة تقوم على أساس الموازنة بين المصالح المتعارضة، أي الموازنة بين مصلحة صاحب الجسد في أن يبقى جسده في تكامله ومصلحة المعتدي الذي يهدف من خلال عمله هذا حماية نفسه أو الغير من خطر محدق(الحديثي،فخري،الزعبي، خالد،2010،ص284) ، وتختلف طرق الموازنة بين هذين المصلحتين المتعارضتين فبحسب المنهج الذي تتم من خلاله الموازنة، فعلى وفق المنهج المادي تتم التضحية بالمصلحة الأقل قيمة من الناحية الإجتماعية، وصيانة المصلحة الأكثر قيمة وذلك للوقاية من ضرر جسيم عن طريق الجواز بوقوع ضرر أخف(الحديثي،فخري،الزعبي، خالد،2010،ص290). أما في المنهج الشخصي فلايتم النظر إلى قيمة المصلحة بل إلى إرادة الشخص المضطر ومدى إضطراره للتعدي على حق شخص آخر(عبيد،رؤوف1966،،ص530).

وإذا نظرنا إلى مسألة التلقيح الإلزامي للمواطنين على وفق المنهج المادي يتبين لنا أن الدولة ومن خلال إلزام المواطنين بأخذ اللقاح حافظت على مصلحتها بعدها المصلحة الأكثر قيمة من الناحية الإجتماعية، وهنا يجب أن نسأل هل حق الدولة في إلزام المواطنين باللقاح يستند إلى حالة الضرورة؟

ونص المشرع العراقي في المادة(63) من قانون العقوبات العراقي أن الضرورة مانع من موانع المسؤولية للأشخاص الطبيعية وفيها" لا يسأل جزائياً من ارتكب جريمة ألجأته إليها ضرورة وقاية نفسه أو غيره أو ماله أو مال غيره من خطر جسيم محدق لم يتسبب هو فيه عمداً ولم يكن في قدرته منعه بوسيلة أخرى وبشرط أن يكون الفعل المكون للجريمة متناسباً والخطر المراد اتقاؤه ولا يعتبر في حال ضرورة من اوجب القانون عليه مواجهة ذلك الخطر." ولما كان الشخص المعنوي العام المتمثل في الدولة لا يسأل جزائياً(المادة 80) من القانون العقوبات العراقي) فأن حالة الضرورة تقتصر على الجانب المدني وإعفاء الدولة من مسؤولية المساس بسلامة الجسد، وتتطلب الضرورة لكي تكون سبباً في منع المسؤولية أن يتوفر عدة شروط منها:

أ. وجود خطر جسيم : يشترط لتحقيق حالة الضرورة ان يكون صاحب هذه الحالة قد حل به خطر جسيم وبسببه ارتكب الفعل المخالف للقانون. ولم يعرف القانون الخطر الجسيم إنما ترك ذلك للقضاء الذي يحدد كل قضية ضمن نطاق ظروفها مراعيا في ذلك سن الفاعل وحالته الصحية والعقلية. ويعرفه رجال الفقه بانه الخطر الذي من شانه ان يحدث ضررا لا يمكن جبره او لا ينجبر الا بتضحيات كبيرة(العرابي،زكي، ص96). وهذا الخطر يجب أن يكون بفعل الطبيعة أو بفعل بشري يكون سبباً في إرتكاب الشخص الفعل المخالف للقانون، ولما كانت الدولة عندما تلزم المواطنين باللقاح وهم يواجهون خطراً جسيماً هو مرض الكورونا فإنها لا ترتكب فعلاً مخالفاً للقانون، بل العكس هو الصحيح إذ إنَّ الدولة تقوم بأداء واجب قانوني على عاتقها هو حماية الصحة العامة للمواطنين إستناداً إلى نصوص دستورية( نص المادة 15 و17و31 من الدستور العراقي) والقوانين الخاصة(المادة 7 من قانون الصحة العامة).

ب. ان يكون الخطر حالا :- ويشترط لتحقق حالة الضرورة ان يكون الخطر المؤدي الى ارتكاب الفعل المكون للمخالفة حالا. ويعد الخطر حالا اذا كان الاعتداء المهدد به على وشك الوقوع او كان الاعتداء قد بدأ ولكن لم ينته بعد. ويعد الخطر غير حال اذا كان الاعتداء المهدد به مستقبلا، او كان الاعتداء قد تحقق بالفعل وانتهى، وفي الحالتين لا تتحقق حالة الضرورة، لأنه في الحالة الأولى للمهدد به فسحة من الوقت يستطيع خلالها ان يتدبر وسيلة للخلاص منه دون ان يكون مضطرا لارتكاب جريمة، كما ان من المحتمل ان لا يقع، وفي الحالة الثانية لا موجب الى التفتيش عن وسائل دفعه لانه قد وقع وتم وقوعه فما عاد يقبل دفعا، وانما قد يقبل اصلاحا وهذا امر لا علاقة لحالة الضرورة به. وهكذا يظهر ان صفة الحلول في الخطر هي العلة التي من أجلها رفعت المسؤولية الجنائية. ومعيار تحقق هذه الصفة ان يكون السير العادي للأمور مهددا، على نحو اليقين او الاحتمال بان يتحول الوضع الذي يواجهه المتهم الى مساس فعلي يحق له ما لم يرتكب فورا الفعل الذي من شأنه دفع هذا الخطر. والاصل ان يكون الخطر جديا، فالخطر الوهمي لا يصلح اساسا لحالة الضرورة. وذلك ليس لازما بصفة مطلقة. فقد يكون الخطر وهميا ومع ذلك يعتد به وذلك فيما اذا كان لدى الشخص من الأسباب الجدية، بحسب الظروف والملابسات التي كان فيها، ما يدعوه الى الاعتقاد بحلول خطر(حسني، محمود نجيب،2018 ، ص673)، وهذا الشرط يلائم جائحة الكورونا إذ أنه كان مرضاً ذا خطورة عالية تسبب في وفاة عدد كبير من الأشخاص.

ج. ان يكون الخطر مهددا النفس او المال : جعل قانون العقوبات العراقي الخطر الجسيم الحال محققا لحالة الضرورة، ومن ثم منتجا لمانع المسؤولية سواء اصاب هذا الخطر النفس او المال للشخص نفسه او لغيره، وهو بذلك سوّى بين الخطر الذي يصيب النفس والخطر الذي يصيب المال في هذا المجال. (المادة 63 ) ووباء الكورونا تسبب خسائر هائلة في النفس والمال على حد سواء.

د. الا يكون لارادة الشخص دخل في حلول الخطر : - فلا محل لان يعفى الشخص من مسؤولية الجريمة التي ارتكبها تحت ضغط خطر ما اذا كان هذا الشخص هو السبب في نشوء هذا الخطر .

ه. الا يكون في استطاعة الشخص دفع الخطر بطريقة أخرى :ان علة امتناع المسؤولية عن الفعل الجرمي الذي يرتكبه الجاني لدفع الخطر في حالة الضرورة هو عدم استطاعته دفع الخطر بفعل غيره ولذلك التجأ إليه مضطرا فيترتب عليه ان حالة الاضطرار لا يكون لها محل اذا كان بالإمكان دفع الخطر بفعل آخر غيره، سواء كان هذا الفعل من الأفعال المباحة او كان فعلا يشكل جريمة أخف. ومن هنا جاء هذا الأمر كشرط لتحقق حالة الضرورة وقد نصَّ عليه كثير من التشريعات الجنائية الحديثة ومنها قانون العقوبات العراقي إذ جاءت المادة 63 المذكورة آنفاً تنص على أنه (.... ولم يكن في قدرته منعه بوسيلة أخرى..) فكون الفعل الجرمي المرتكب هو الوسيلة الوحيدة لدفع الخطر والتخلص منه.

ويتبين لنا مما تقدم أن فكرة الضرورة ليست الأساس لإباحة المساس بجسد الإنسان من خلال إلزامه باللقاح، بل العكس هو الأساس لأن الدولة إنما تقوم بأداء واجب قانوني.

## 3. مظاهر المساس بحق في سلامة الجسد من خلال إجبار الأفراد بالتلقيح:

على الرغم من وجود حق للدولة لإلزام الأشخاص بتلقي اللقاح أو حتى عَدّ التلقيح الإلزامي واجباً قانونياً تؤديه الدولة، فإنا نجد أن الواجب في التلقيح الإجباري لكي لا يكون مساساً بحق الإنسان في سلامة جسده هو أن لا يخرق التكامل الجسدي للإنسان ويجب أن يحفظ حقوق الإنسان وحرياته الأساسية ولا يسبب الإمتناع عن التلقيح عزله عن المجتمع، ولبيان ذلك نخصص هذه الفقرة للتكلم عن مظاهر المساس بحق الإنسان في سلامة جسده من خلال المساس بالتكامل الجسدي أو تسبب الإمتناع عن اللقاح حرمانه من حريته وحقوقه الأساسية وعزله عن المجتمع.

### 1.3. المساس بالتكامل الجسدي للإنسان:

من أبرز الحقوق التي تمثل بالحق في الجسد الحق في الإحتفاظ بالتكامل الجسدي للإنسان، والتي يعني احتفاظ الانسان بكل جزئية من مادة جسده أيا كان قدرها وأهميتها في التراكيب البنيائية للجسم(البياتي، بصائر،2002، ص35) ، لأنه إذا فقد الأنسان جزءاً من هذه الجزئيات عُدَ ذلك إخلالاً بالتكامل الجسدي الذي يجب أن تكون عليه أجهزة وأعضاء الجسم(حسني،محمود نجيب،ص542). وكذلك يشمل سلامة أداء تلك الأجهزة والأعضاء لوظائفها المقررة لها، ويشمل التكامل الجسدي للإنسان أيضاً إحتفاظ الإنسان بنفس المستوى الصحي الذي يتمتع به، وذلك لأن تمتع الشخص بحالة صحية ومستوى صحي معين يجعله يقوم بجميع وظائفه البيولوجية التي رسمتها له

قوانين الطبيعة، وتشمل السكينة البدنية والنفسية(محمد، عصام،2004،ص113) ، التي لا تتحقق إلا إذا كان الجسم محتفظاً بمادته وبتكامله الجسدي وبالمستوى الصحي الذي يتمتع به، وبإقرار الشركات المصطنعة للتلقيحات من الممكن أن يسبب اللقاح اعراضاً عدة تهدد التكامل الجسدي للإنسان، منها الحمى، فجميع اللقاحات دون استثناء يُسَبب حمى تتدرج من خفيفة إلى شديدة، فلقاح التهاب السحايا يصيب المتلقي بحمى خفيفة في حين يتسبب لقاح الجدري بحمى تصل إلى (100) درجة مئوية، ولم تحدد درجة الحمى التي قد يصيب بها المتلقي لقاح كوفيد-19 على الرغم من أن الحمى من العوارض الرئيسية للقاح كوفيد-19(الجدول رقم (1)) ، وقد يتسبب لقاح الجدري إصابة بالعين مما قد يوصل إلى حد فقدان البصر بسبب وصول الفيروس إلى العين، وأيضاً يتسبب اللقاح الجدري بطفح جلدي شديد على الأشخاص الذين يعانون من الأكزيما (كثيرًا ما يصل إلى حالة واحدة من كل 26,000 حالة، والتهاب الدماغ (رد فعل شديد في الدماغ)، إذ قد يؤدي إلى للتلف دائم في الدماغ (كثيرًا ما يصل إلى حالة واحدة من 83,000 حالة )المرض الشديد بدءاً عند موقع التطعيم (كثيرًا ما يصل إلى حالة واحدة من 667,000 حالة، معظمهم من الأشخاص الذين يعانون من ضعف في أجهزة المناعة) (منظمة الصحة العالمية). وقد يتسبب بالوفاة (تحدث في 1-2 حالة من بين كل مليون حالة)، علماً أن لقاحات كوفيد-19 (شركة فايزر، شركة موديرنا، شركة استرازينكا)، يتسبب في آثار جانبية عدة للمتلقي تتمثل في ألم في موضع الحقن، وتعب، وصداع وألم في العضلات، وقشعريرة، وآلام المفاصل، وحمى، وتورم في الغدد اللمفاوية، وغثيان، وقيء، وخفقان، يعطله عن القيام بنشاطاته اليومية ويمنعه من أداء وظائفه بشكل طبيعي(الجدول رقم (1)). بل وهناك عدة آثار جانبية غير شائعة مثل إلتهاب عضلة القلب والإصابة بمتلازمة غيان-بارية، وتجلط الدم(موقع مايوكلينك).

ويعد مساساً في حق الإنسان بسلامة جسده بأن لا يحصل على معلومات كافية حول تلك اللقاحات من الدولة، إذ تستتر الدولة عن الآثار الجانبية الشائعة لتلك اللقاحات أو مخاطرها أو حتى لإعطاء الحرية للمواطن بعد الموازنة بين فوائد تلك اللقاحات ومضارتها إختيار تلقي اللقاح من عدمها. فكل هذه الأفعال تعد من قبيل المساس بحق الإنسان في سلامة جسده ومنعه من ممارسة حقه هذا بحرية وإستقلالية. لذا يجب على الدولة أخذ الاحتياطات اللازمة للحد من المساس بالتكامل الجسدي للإنسان وذلك من خلال تبصير متلقي اللقاح بالإحتياطات التي يجب إتخاذها لتقليل تلك الإعراض، ومعاملة كل شخص بحسب ظروفه الشخصية والصحية عند التلقيح.

### 2.3. الحرمان من الحقوق والحريات:

سبق أن بينا بأنَّ قيام الدولة بإلزام المواطنين باللقاح واجب قانوني كلفتها به الدستور والقوانين الخاصة، ويتمثل في الحفاظ على الصحة العامة. علماً أن توفير اللقاح حق للمواطنين والإمتناع عن التلقيح حق أيضاً، وإن كان يتحول من حق إلى واجب قانوني أيضاً في حالات الأوبئة وهو تقييده بالتضامن الإجتماعي ومشاركته في حماية بيئته ومجتمعه هذا من جهة ومن جهة أخرى كفل الدستور العراقي المحافظة على جوهر الحق والحريات للمواطنين سواء قرروا أخذ اللقاح أو عدم أخذه، فبالنظر إلى الفقرة الثانية من المادة(44) من الدستور العراقي نجد أن الدستور قيد القوانين التي يصدر لتقييد الحق أو الحرية وذلك أن لا يمس ذلك التحديد أو التقيد جوهر الحق فعندما يتحول التلقيح من إجراء إختياري إلى إجراء إلزامي يتسبب في حرمان الشخص من حقوقه وحرياته الأساسية ويؤدي إلى عزل الشخص الذي يمتنع عن أخذ اللقاح عن المجتمع، سواء عن طريق إكراه مادي أو معنوي وذلك من خلال الإجبار المباشر المتمثل في إجبار المواطنين لتلقي اللقاح أو فرض العقوبة على الممتنع عن التلقيح، أو حتى من خلال سد طريق الحياة عن الشخص وحصره في بيئة منعزلة فقط لأنه لم يتلق اللقاح، سوى بمنعه من الإستمرار في عمله أو منعه من مباشرة الدوائر الرسمية وغير الرسمية أو حتى منعه من السفر أو منع الصغار من التعليم أو منعه من الحظور في الأماكن العامة. لذا يجب أن تتم الموازنة بين حق الدولة في إلزام المواطنين باللقاح وبين حق المواطن أن يبقى متمتعاً بحقوقه الأساسية وحريته الشخصية متى قرر الإمتناع عن أخذ اللقاح وذلك من خلال توفر السبل البديلة للمواطنين الذين يرفضون اللقاح لأن يبقوا مشاركين في المجتمع بطريقة فعالة دون أن تؤثر إمتناعهم عن التلقيح على حقهم في عيش حياة هادئة والتمتع بحقوقهم الأساسية.

إنَّ حق الإنسان في الضمان واللجؤ إلى القضاء لحماية حقه هو من الحقوق الأساسية للفرد فعندما يحرم المواطن من حريته في الالتجاء للقضاء في حال قرر أخذ اللقاح(المادة(2) من قانون توفير واستخدام لقاحات جائحة كورونا) يَعُد إعتداءً على حقه هذا، أي على الرغم من أن الدولة تقوم بتوفير اللقاحات مجاناً للمواطنين فأننا نجد أنَّ الدولة أعفت نفسها والشركات العالمية المصنعة من مسؤولية المدنية والجزائية من الأضرار الناتجة عن توفير المواد الطبية اللازمة للوقاية من فيروس كورونا، وتنفيذاً لذلك تتطلب وزارة الصحة قيام الشخص بملء إستمارة إخلاء المسؤولية وتحملها المسؤولية اللقاح وهذا برأينا يعد إعتداء على حقه في الحماية القانونية في حال حصول مضاعفات من استخدام اللقاح(نموزج رقم (3)) ونرى أن الدولة كان الاجدر بها توفير ضمانات كافية للمستخدم وذلك لخلق الطمأنينة لدى الأفراد، ولماكان الأصل في إتفاقيات الإعفاء من المسؤولية أن يكون الشخص على دراية تامة بنتائج الفعل الذي يتنازل عن حقه في التعويض عنه ويكون رضائياً تاماً فإننا وجدنا أن هذا ما لا يتوفر في لقاحات الكورونا التي تظل في مرحلة التجربة، وأنَّ الدولة تجبر الأشخاص لتلقي هذا اللقاح من خلال إكراه معنوي يترتب عليه إنعدام الرضاء بأخذ اللقاح لذا يجب أن يتم توفير ضمانات الكافية لمتلقي اللقاح في حال حدوث مضاعفات يلحق ضرراً بمتلقي اللقاح.

## الخاتمة

الحق في سلامة الجسد من الحقوق التي منحها القانون للفرد ويحميها بطرق قانونية، ويجد هذا الحق أساسه في الدستور والتشريعات العادية، وأسوة بجميع الحقوق التي رسم القانون حدودها الحق في سلامة الجسد ليس حقاً مطلقاً بل يقيده ضرورة الحفاظ على الصحة العامة، والدولة هي المسؤولة عن خلق هذا التوافق بين المصلحة الخاصة للفرد المتمثلة في حقه في الحفاظ على سلامة جسده، وبين المصلحة العامة المتمثلة في حماية الصحة العامة. وفي ضوء ما تقدم من النتائج نقترح أن تكون في الوقت الحالي عملية التلقيح عملية إختيارية يتلقيها الشخص بإرادته الحرة دون وجه الالزام. كما يجب توفير المعلومات الكافية حول اللقاح والآثار الجانبية له. ونشر التوعية كاملة حول الطرق البديلة لمحاربة الوباء وذلك لتوفير فرصة للأشخاص للموازنة بين الطرق المتاحة وإختيار أكثر ملائمة لحالته البدنية والصحية والنفسية. وحرص الدولة على متابعة فعالة لتلك اللقاحات وفرض الشروط المتعلقة بالضمانات الضرورية للمتلقين سواء حول فعالية اللقاح أو الآثار الجانبية المتوقعة منه.

## أطاريح الدكتوراه:

بصائر علي محمد البياتي، حقوق المجني عليه أمام المحكمة الجنائية الدولية، رسالة دكتوراه، كلية القانون، جامعة بغداد، 2002.

مراد قجالي، نظام التعويض عن انتهاك الحق في السلامة الجسدية، أطروحة دكتوراه مقدمة لجامعة الجزائر كلية الحقوق، غير منشور، 2014- 2015.

مروك نصرالدين، الحماية الجنائية للحق في سلامة الجسم في القانون الجزائيري والقانون المقارن والشريعة الإسلامية، أطروحة دكتوراه دولة في القانون الجنائي، 1997.

## الكتب الطبية:

Stuart H.Ralston, Davidsons principle's and practice of Medicine,23 Edition, silver health sciences,London,England,2018.

## البحوث المنشورة:

د.أكرم محمود حسين البدو، د.بيرك فارس حسين، الحق في سلامة الجسم، بحث منشور في مجلة الرافدين للحقوق، كلية الحقوق جامعة الموصل، المجلد 9، السنة الثانية عشرة، العدد 33، سنة 2007.

بوشي يوسف، الحق في السلامة الجسدية بين الطابع الفردي والإجتماعي، بحث منشور في مجلة المعيار، المجلد3، العدد5.

د.محمد أحمد سلامة مشعل، الضمانات الدستورية للحق في الصحة، بحث منشور في المجلة القانونية صادرة من كلية الحقوق فرع الخرطوم،المجلد 8، العدد 9، 2020.

د.محمود نجيب حسني، الحق في سلامة الجسد ومدى الحماية التي يكفلها له قانون العقوبات، مجلة القانون والإقتصاد، كلية القانون- جامعة القاهرة، السنة 29، العدد الثالث.

د.منذر الفضل، التجربة الطبية على الجسم البشري ومدى الحماية التي يتكفلها القانون المدني والقوانين العقابية والطبية، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، المجلد 1، العدد 7، كلية القانون، جامعة الكوفة، العراق،2010.

## المواقع الإلكترونية:

1.https://www.who.int**الموقع الرسمي لمنظمة الصحة العالمية، تأريخ زيارة 13-2-2022**

الموقع الرسمي لمنظمة يونسيف، تأريخ الزيار 18-1-20222 https://www.unicef.org.

الموقع الرسمي للسرطان في أستراليا، تأريخ الزيارة 5-12-2021 https://www.canceraustralia.gov.au

الموقع الرسمي لشركة فايزر، تأريخ الزيارة 1-11-2021 .https:www.pfizer.com

الموقع الرسمي لشركة سبونتك، تأريخ الزيارة 15-2-2022 https://arabic.sputniknews.com

الموقع الرسمي لنظمة الامم المتحدة لحقوق الإنسان، تأريخ الزيارة 1-2-2- https://www.ohchr.org/Documents/Publications.22.6

الموقع الرسمي للقاح الموديرنا، تأريخ الزيارة 12-1-2022 http://www.moderna.com

الموقع الرسمي للقاح سينوفاك، تاريخ الزيارة 18-2-2022 www.sinovac.com

الموقع الرسمي للقاح استرازينكا، تاريخ الزيارة 22-1-2022 https://www.astrazeneca.com

الموقع الرسمي لمايو كلينك الشرق الأوسط، تاريخ الزيارة 2021-12-23 https://www.mayoclinic.org

## -القوانين والتعليمات والقرارات القضائية:

1. الدستور العراقي لسنة 2005.
2. قانون المدني العراقي رقم 40 لسنة 1951.
3. القانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969.
4. قانون الصحة العامة العراقي رقم(89) لسنة(1981).
5. تعليمات وزارة الصحة العراقي رقم(د.ص.ع/3008/11) بتأريخ (2021/11/1).
6. قانون توفير واستخدام لقاحات جائحة كورونا رقم (٩ )لسنة ٢٠٢١ .

# چەمکی بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەڕۆك لەدوودەقی (ئەنوەر قادر جاف) و (قوبادی جەلی زادە) دا

علی طاهر حسین و عباس محمد قادر

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ( چەمکی بۆشایی دەق و روانگەی گەرۆکە لە دوو دەقی ئەنوەر قادر جاف و قوبادی جەلی زادە) دا، توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە تێزی دکتۆرای ( تیۆری وەرگرتن و رەخنەی شیعری کوردی ) تیایدا لە رووی تیۆریەوە باس لە دووچەمکی (بۆشایی دەق و روانگەی گەرۆك )کراوە کە دوو چەمکی ( ڤۆڵگانگ ئایزەر) ی یەکێك لە رابەرانی تیۆری وەرگتنن، هەوڵدراوە کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو دوو چەمکە لەگەڵ دەقدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی واتای دەقەکە، روونبکرێتەوە، دواتر کار لەسەر پراکتیزەکردنیان کراوە لەسەر دوو دەقی ( تەلیسم) و ( ئەی وەی زارا گیان) کە دەقەکان بەئاسانی واتای خۆیان نادەن بەدەستەوە. لەکۆتایشدا ئاماژە دراوە بەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون.

**کلیلە وشەکان:** تیۆری وەرگرتن، خوێنەر، بۆشایی دەق، ڕوانگەی گەڕۆك، واتای شاراوە، دەقی کراوە، فرەخوێندنەوە.

- **پێشەکی**

لەم توێژینەیەدا هەوڵمانداوە هەردوو چەمکی (بۆشایی دەق - الفجوات في النص) و (ڕوانگەی گەڕۆک - وجهة النظر الجوالة - Le point de vue mobile))_کە دوو چەمکی ڕێکاری ( ڤۆڵگانگ ئایزەر) ی یەکێک لە رابەرانی تیۆری وەرگرتنە، لەڕووی تیۆرییەوە روونبکەینەوە، مەبەست لێیان چییە و چۆن لەگەڵ دەقدا مامەڵە دەکەن و ،لەبەرئەوەی هەردوو چەمکەکەش پێکەوە ولەپرۆسەی خوێندنەوەدا کاردەکەن، بۆیە بەپێویستمانزانی پێکەوەبیانکەینە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمان، هەروەک لە تێزی دکتۆراکەشماندا کارمان لەسەر کردووە، بەمەستی پراکتیزەکردنی هەردوو چەمکەکەش دوو دەقی شاعیران ( ئەنوەر قادر جاف) و (قوبادی جەلی زادە) مان وەرگرتووە، وەک نمونە، ئەم کارەشمان بەپێی میتۆدێکی شیکاریانە ئەنجامداوە بە پێی پلانێکی زانستی کە خۆی دەبینێتەوە لە دووبەشدا .

لەبەشی یەکەمدا، دوای پێشەکیەکی کورتی تیۆری وەرگرتن، باسمان لە هەردوو چەمکی (بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەڕۆك ) کردووە، مەبەستی لەم چەمکانە چییە؟ ئایزەر، چۆن پێمان دەناسێنێت و چۆن لەگەڵ دەقدا مامەڵەدەکەن و ئەوەشمان روونکردۆتەوە کە چۆن لەڕێگەیانەوە واتای شاراوەی دەق بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت . لەبەشی دووەمیشدا، کە بەشێکی پراکتیکیە، هەوڵمانداوە ئەم چەمکانە وەک دوو چەمکی ڕێکاری لە هەردوو دەقی (تەلیسم) ی( ئەنوەر قادر جاف ) و ( ئەی وەی زارا گیان) ی ( قوبادی جەلی زادە) دا پراکتیزەبکەین و بۆشاییەکانی نێو ئەو دەقە پربکەینەوە و واتا شاراوەکانیان بدۆزینەوە . لەکۆتایشدا و لەچەند خاڵێکدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کە پێیان گەیشتووین، هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێک بە بواری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی بکەین .

- **گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەپەیی چەمکەکانی توێریەکی تازەی خوێندنەوەی دەق، خوێندنەوەیەکی نوێیان کردووە بۆ دوودەقی شیعری (ئەنوەر قادر جاف و قوبادی جەلی زادە) کردووە، خودی ئەو چەمکانە زۆر بەکەمی لەبواری خوێندنەوەی دەقی شیعری کوردیدا کاریان پێکراوە، یان هەرنەکراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئێمە لەرووی تیۆری پراکتیکیەوە باسیان بکەین و جێبەجێیان بکەین لە بواری رەخنەی کوردیدا

- **کێشەی توێژینەوەکە**

لەبەرئەوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی تازەیە لە بواری رەخنەی کوردیدا، بۆیە کێشەی سەرەکی بەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەبوو بە زمانی کوردی، بەتایبەت لەبوارە پراکتیکیەکەدا، بەڵام بەپشتبەستن بە سەرچاوەی زمانەکانیتر، بەتایبەت زمانی عەرەبی، توانیمان بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵبین .

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 2(2022) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n2y2022.pp47-53
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 27 آذار 2022؛ قُبل في 24 نيسان 2022؛ نُشرت في 10 أيار2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : ali.hussein@univsul.edu.iq , abas.qadir@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2022 على طاهر حسين، عباس محمد قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## بەشی یەکەم

تیۆری وەرگرتن، تیۆرێکی ڕەخنەیی کۆن و نوێیە، کۆنە بە مێژوو بنەڕەتی، نوێیە بە (زاراوەو چەمکەکانی، میکانیزمی کارکردنی لێکدانەوەکانی) کۆنیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆن، هەر لەو کاتەوەی کە دەق هەبووە، وەرگریش هەبووە، جا ئەو دەقە نووسراوبێت یان بیستراوبێت، بەهەمەجۆربوونی دەق هەمەجوری وەرگریش هاتۆتە ئاراوە، یان بە پشتگیری و پەسەندکردن دەستپێیکردووە، یان بە ڕەتکردنەوە، کاتێک لەگەڵ بیرکردنەوە یان بیروباوەڕی وەرگرەکەدا ناکۆک بووە، دواتر چۆتە ئاستی ڕەخنەو ڕادەربڕین لەسەری، دەبێت ئەوەش بزانین کە لە کۆندا نووسەر گرنگی زۆری بە شێوازی گەیاندنی بیرەکەی بە وەرگر، بەباشترین شێواز داوە، بەبێ ئەوەی بیر لە ڕۆڵی ئەو، واتە وەرگر، بکاتەوە . (ناجی،٢٠١١-٢٠١٢، 16)

تیۆری وەرگرتن، کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، وەک وەڵامدانەوەیەک یان پەرچەکردارێک سەریهەڵدا لەبەرامبەر ئەو تیۆرانەی سەدەی نۆزدەیەمدا باوبوون و زیاتر گرنگیان بە نووسەر دەدا وەک تیۆرەکانی ( دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی) وە ئەوتیۆرانەشی کە گرنگیان زیاتر بەدەق دەدا وەک (بونیادگەریەکان )بەتایبەت لای ( ڕۆڵان بارت و جولیا کریستیڤا و تۆدۆرۆڤ). (ئەسوەد،١٥٠،٢٠١٥)

ئەم تیۆرییە، لەلایەن ڕەخنەگرانی قوتابخانەی (کۆستانس) ی ئەڵمانی( هانز ڕۆبەرت یاوس ) و ( ڤۆلگانگ ئایزەر) ەوە لەسایەی باروودۆخێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری جیاوازدا سەریهەڵدا، کە هاوکاربوو لەدەرکەوتنی بە بەرگێکی فکری ڕەخنەیی جیاواز لەوەی کە گۆڕەپانی ڕەخنەیی پێی ئاشنابوو .ئەم تیۆریە تایبەتە بە خوێنەر، بەرامبەر هەموو ئەو تیۆرانەیتر دەوەستا کە ئەم ڕەگەزە گرنگەی دابڕیبوو لە پرۆسەی داهێنان، بۆنمونە بونیادگەریەکان ، بەشێوەیەک لە کاری ئەدەبیان دەڕوانی کە دەق یەکەیەکی داخراوەو خاوەن یاسای ناوخۆیی خۆیەتی، هەروەها دژی شێوازگەریەکانیش دەوەستانەوە چونکە ڕۆڵی مێژوویان پشتگوێدەخست لە پرۆسەی خوێندنەوەدا. (کولوقلی،١٤،٢٠١٣)

ئەم دوو چەمکەی کە لەم توێژینەوەیەدا کارمان پێکردووە، دوو چەمکی ڕێکاری ( ئایزەر) ی یەکێك لە دامەزرێنەرانی تیۆری وەرگرتنە کەبریتین لە :

### 1 - بۆشایی دەق (الفجوات في النص)

چەمکی بۆشایی دەق یەکێکە لە زاراوەکانی (ئایزەر) و سوودی لەزاراوەی (دیارینەکراو) ( اللاتحدید) ی( ئینگاردن) وەرگرتووە بۆ دەرخستنی تیۆرەکەی لەمەڕ وەرگرتن، (الناصر: 2011، 83)، ئایزەر، چەمکەکەی لێخواستوەوبەڵام شێوازی کارکردنەکەی گۆڕیوە، چونکە ئینگاردن پێی وابوو کە کەدیاریکردن و بەشداریکردنی وەرگر لە پڕکردنەوەی ئەو ناوچانەی دەقدا بەشیوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت، بەڵام ئایزەر، وایدەبینێت کە پرۆسەی پێکهێنانی واتا بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات لە دەقەوە بۆ وەرگر لەهەمانکاتدا لەچوارچێوەی کارلێککردندا ئاوێتە دەبێت . ( محمد :130،1999) کەواتە، ئایزەر،پێی وایە بۆشایی دەق '' ئەو پانتایەیە کە کارلێکی نێوان وەرگرو دەقی تێدا ڕوودەدات''(ایزر:٣٣،1994)،دەتوانرێت بەمشێوەیە پێناسەی بکرێت ''بریتیە لە جیاوازی بری زانیاری لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، یان لەنێوان داهێنەر و وەرگردا، بەشێوەیەک یەکێکیان ئەوەی دەیزانن بەرامبەرەکەی نایزانێ، ئەم جیاوازییە کەلێنێکی زانیاری لەنێوان ئەو دوولایەنەدا بەرهەمدەهێنێت، بەیەکێک لەرەگەزە پێویستەکان دادەنرێت بۆ پەیوەندیکردن '' (البریکي : 2006، 153). بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەم چەمکە، دەڵێین بۆشایی دەق، مەبەست لێی ئەو بۆشاییانەیە کە خودی نووسەر لەدەقدا بەجێیان دەهێڵێت تاکو خوێنەران پڕیبکەنەوە، چونکە ئایزر، پێی وایە نووسەران کاتێک کە دەقێک دەنووسن،ئەوەش لەبەرچاودەگرن پەرچە کرداری خوێنەران چیدەبێت لەبارەیەوە بەو واتایەی نووسەرەکە هەندێک بۆشایی بۆ خوێنەران بەجێدەهێڵێت تاکو پڕیبکەنەوە و دەقەکەش فراوانبکەن، رەنگە وەک ئایزەر دەڵێت : خوێنەران یان رەخنەگران شتگەلێکی وابڵێن: کە نووسەر بیری لێنەکردۆتەوە یان نەی وتووە لەدەقەکەدا، ئەمەش لای زۆربەمان ئاشنایە کە رەخنەگرانێک لەبارەی دەقێکەوە هەندێک شتیوایان وتووە کە خودی نووسەرەکە وتوویەتی من بیرم لەشتی وا نەکردۆتەوە . ( لحمیدانی : محاضرة: دقائق ٢٦-٢٧).

سەبارەت بە تێڕوانینی ئایزەر بۆ خوێنەر لە پرۆسەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو دەقدا، ئەو توانایە دەبەخشێتەخوێنەر بە شێوەی هەنگاو بەهەنگاو دەق بخوێنێتەوەو گواستنەوە لەرستەکانی نێو دەقدا بکات، بەشێوەیەک کە وا لەخوێنەردەکات لە رستەی یەکەم تێبگات و دواتر بچێتە رستەی دووەم، کەپەیوەندی بە رستەی یەکەمەوە هەیە، بەڵام کاتێک رستەی دووەم پەیوەندی تێگەیشتنی لەگەل رستەی یەکەمدا نەبێت، ئەوەدەبێتە هۆی دواکەوتن و لێکجیابوونەوەی هزرو ئەمەش بۆشاییەک لەنێو دەقەکەدا دروستدەکات کە پێویستە وەرگر تێیپەرێنێت، ئالێرەیەوە کە ئایزەر دەڵێت : لەدەقدا بۆشایی هەیەو پێویستە خوێنەر پڕیبکاتەوە، ئەوەش بەکۆمەڵێک رێوشوێن دەبێت، کەنابێت پەنا بۆسەرچاوەی دەرەوە ببرێت، بەڵکو پێویستی بە بەراوردکردنێکی نێوان بونیادی دەق و بونیادی تێگەیشتنی خوێنەرە .(صالح: 2001، 49) .بۆزیاتر رونکردنەوەی ئەم تێڕوانیە، رەنگە ئەم نمونەیەی کە (د.حمید لحمیدانی) لە سیمینارێکدا بۆ ژمارەیەك لەخوێندکارانی خوێندنی باڵا باسی لێوەدەکات، نمونەیەکی زۆرباشبێت، ئەو پێی وایە کە پرۆسەی خوێندنەوە بەبۆچوونی (ئایزەر) بەشێوەی بەردەوامی و گەڕانەوەدەبێت، واتە کاتێک خوێنەرێک دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک رەنگە بۆنمونە لەچیرۆکێکدا (دەمانچەیەک )دەربکەوێت و خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەبکات کەبۆکوشتنی کەسێکە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت بۆ بەرگریکردنە لەخود، لێرەدا چاوەڕوانیەکانی هەڵەدەردەچێت و ناچارە دووبارە بگەڕێتەوەبۆسەرەتا، بێگومان ئەمگەڕانەوەیەش لەڕێگەی (بیرگە)ەوە دەبێت، بەمشێوەیە خوێنەر لەگەڵ دەقەکەدا تیکەڵدەبێت چاوەڕوانیەکانی خۆی دادەڕێژێت و هەندێکجار دەقەکە زانیاریەکانی بۆ راستدەکاتەوە ئەمیش لێکدانەوەیەکی گشتی بۆ دەقەکەدەکات و واتایەک لەواتاکانی پێدەبەخشێت، کەمەرج نییە خوێنەرێکیتر هەمان واتای پێببەخشێت . نەک هەرئەوەندە بگرە رەنگە هەمان خوێنەر کاتێک لەکاتێکیتردا هەمان دەق دەخوێنێتەوە، مەرج نییە هەمان واتای پێشووی پێبداتەوە ئەمەش بەکاریگەری کەڵەکەبوونی ئەو پاشخانە زانیاریەی کەدوای خوێندنەوەی یەکەم لای کەڵەکەبووە و ئاسۆی بیرکردنەوەی گۆڕیوە. ( لحمیدانی: محاضرة، دقە 26)

تێکەڵبوون لەگەڵ دەق لەئەنجامی خوێندنەوەدا ، خوێنەر ئاراستەدەکات بۆپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێودەقەکە و پێدانی وێنایەک لەبارەی دەقەکەوەو پێمان دەڵێت ئەوە واتای دەقەکەیە، ئەمەلەکاتێکدا دەقەکەبریتیە لەوەی کەنووسراوە، بەڵام ئەو واتایەی کە خوێنەرەکە دەیڵێت راستە هەندێکی ئەوەیە کەنووسراوە، چونکە ئەو لەبنەڕەتدا باس لە دەقە نووسراوەکە دەکات، بەڵام هەندێک شتی واش دەڵێت کەلەدەقەکەدا نەوتراوە یان نەنووسراوە، بەڵکوبۆی زیادکراوە بەو واتایەی بۆشاییەکانی نێو دەقەکە پڕکراونەتەوە ئەم کردەی پڕکردنەوەی بۆشاییانەش لای ئایزر بە (راڤەکردن)ی دەق دادەنێت، چونکە خۆی باس لە (راڤەکردن ) ( تاویل) دەکات. ( لحمیدانی: محاضرة، دقە 27)

کاری ئەدەبی لای ئایزەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بونیادێکە لە کۆمەڵێک دیمەنی گۆڕاو کە بۆشایی و پێگەی دیارینەکراو لەخۆدەگرێت، ئەرکی خوێنەرە کەبەبیری خۆی دایرێژێتەوە، ئەم بۆشاییانەش کەرەستەیەکی دەقە بۆ خوێنەر کە دۆزینەوەی نادیارەکانی تێدا ئەنجامدەدات و بەرەو داهێنان و خوڵقاندن بەرێیکات و ڕەگەزەسەرەکیەکانی پێویستی جوانناسی فەراهەم بکات، ئەمەش پێویستی بە گرێدانی ناو خودی وەرگرە تاخوڵقاندنی هزر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان کە (ئایزەر) ئەمە بە نیشانەی دروستبوونی پەیوەندی خوێنەر و دەق دەزانێ. بەواتایەکیتر ئایزەر دەڵێت: بۆشایی، واتە نەگونجانی نێوان دەق و خوێنەر، کەبەمەش پەیوەندی پرۆسەی خوێندنەوە لەسەر شتی هەستپێکراو کارا دەبێت، لەمڕوانگەیەوە هەرزوو ئایزەر قورسایی تیۆرەکەی دەخاتەسەر بونیادی دەق و بانگەشەی بوونی بۆشایی دەکات کەلەگەڵ خواستی خوێنەردا بگونجێت . (الناصر: 2011، ٨٥)، ئایزەر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کاتی دیالۆگی نێوان دەق و خوێنەردا، بۆشایی ڕۆڵی کاریگەردەبینێت لەسەر خوێنەرو جولاندنی، ئەمەش بەمەرجێکی گرنگی پرۆسەی تێگەیشتن دادەنێت، ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ لەڕاستیدا کاتێک کەباس لە بۆشایی ناو دەق دەکرێت، لەلایەک خوێنەر تووشی شپرزەییەک دەکات و لەلایەکیتریشەوە نزیکایەتیەک لە نێوان دەق و خوێنەردا دروستدەکات، بەوەی کەتواناکانی خوێنەر دەجولێنێت، بەڵام ئایا ئەمە دژیەک نیین ؟ بۆوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین : ڕاستە بوونی بۆشایی لای ئایزەر، جۆرێک لە تۆکمەیی دەق لاوازدەکات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەردەکات، ئالەم ڕوانگەیەوە بەلای ئەوەوە بۆشایی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ داهێنانی هزر و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیش، واتای ئەوەیە کە خوێنەر هەمیشە لە دۆخی بەردەوامی پرۆسەی خوێندنەوەدایە و لەئەستۆیدایە کە بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، تاوەکو بابەتەکە بەشێوازی خۆی وەردەگرێت، لەهەمانکاتیشدا گونجاو و تەبا دەبێت لەگەڵ دەقدا . دەق خاوەن ڕاستیەکی ڕەها نییە، بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێک پلان خوێنەر دەخاتە بەر بەرپرسیاریێتی، ڕێگاوشێوازی جۆراوجۆر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەدەق کە تێیدا خوێنەر دەتوانێت بیخاتە بەر شیکردنەوەی جیاواز، دەق بەتێڕوانینی قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت ، ئەم هەموو شێواز تێڕوانینەش واتای دەوڵەمەندی و تازەگەری و بەردەوامی دەقە، هەموو دەقێک ڕێگاوشێوازی تێگەیشتنی خۆی هەیە، ناتوانرێت پێشوەخت چوارچێوەی داڕێژراوی بۆ ئامادەبکرێت، بەڵکو تێگەیشتنی دەقەکە میتۆدەکەی دیاریدەکات . (دحامنیة : 2008، 118).

لەڕاستیدا دەق بەتەنها ناتەواوە، بەڵکو هەمیشە پێویستی بە خوێنەرێکە، بەم هۆیەوە پرۆسەی خوێندنەوە لەنێوان دوو جەمسەردا دەجولێت، جەمسەری هونەری کە پەیوەستەبە دەقەوە و جەمسەری ئیستاتیکی کە بەرهەمی خودی پرۆسەی خوێندنەوەکەیە، دەقی ئەدەبی تێڕوانین گەلێکی گۆڕاو بۆ خوێنەرەکەی کەشفدەکات، کەپێویستی بە پڕکردنەوەی ئەو شوێنە دیارینەکراوانەیە، بەشێوەی جیاواز جیاواز، وەک لابردن و بۆزیادکردن و چاککردن.(التومي:2011، 224) کەواتە بۆشاییەکان لەبنەڕەتەوە لەسەربنەمای ئەو زیادکراوانە دروستبوون کە خوێنەر بۆ دەقی زیاد دەکات لەکاتی خوێندنەوەدا .

ڕوانگەی گرنگی زۆری بۆشایەوەیە کە ئایزەر، خۆی لە و دەقانە دەپارێزێت کە بێبەرین لە بۆشایی،بەڵکو جەخت لەسەر گوتاری ئەو دەقانەدەکاتەوە، کە بۆشاییان تێدایە، تاکو خوێنەر بتوانێت پڕیبکاتەوە، ئەمەش بەلایەوە زۆرگرنگە بۆ پرۆسەی تێگەیشتن، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە ئایزەر دژ بەو دەقانە یە کە بونیادێکی ئاشکرایان هەیەو خۆی لەدەقی خاوەن بۆشایی نزیکدەکاتەوە کە تێیدا پەیوەندی و کارلیکی نێوان وەرگرو دەق بەرجەستەببێت . بەم پێیە کەواتە، بۆشایی و کەلێن، سەرچاوەی سەرسوڕمانە کەدەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی توانای خەیاڵی وەرگر و دەقەکەش دەبێتە هۆکارێک بۆ چالاککردنی خەیاڵی خوێنەر، چونکە خوێندنەوە نابێتە خاوەن چێژوداهێنان تاوەکو سەرسوڕمان دروستنەکات، کەواتە بە بێ بوونی ڕەگەزی دیارینەکردن و بۆشایی ناتوانین خەیاڵمان فراوانبکەین .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆشایی دەق چ ڕۆڵێکی گرنگی بۆ خوێنەر هەیە، کاتێک مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەکات، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئەو گرنگییە کورتبکەینەوە :

1. بۆشایی دەق، جۆرەپەیوەندیەک لەنێوان ڕستەکاندا،بەبێ ڕەچاوی بەدوایەکترهاتندا ( تسلسل)، دروستدەکات .
2. بۆشایی لەئاستی خودی ڕستەدا، جۆرێک لە دابڕانی پرۆسەی پەیوەندییە چاوەڕوانکراوەکانە کە دەبێتە نیشانەیەکی گەورە بۆ خوێنەر تا دیمەنەکە بونیاد بنێت.
3. بۆشایی وا لە وەرگر دەکات کە کاری خوێندنەوەکەی چڕبکاتەوە و سەرلەنوێ سەرنجی ڕابکیشێتەوە بۆ دەقە ئەدەبیەکە .
4. بۆشایی وا لەوەرگر دەکات، تاسەرلەنوێ بەخوێندنەوەکەیدا بچێتەوە و گۆڕانکاری تێدابکات تابگاتە ئاستی جوانناسی ( ئیستاتیکا).
5. بونی بۆشایی زۆر، پاڵنەرێک دەبێت تا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بوروژێنێت، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیش واتای گەیشتنەبەواتای ڕاستەقینەی دەقی ئەدەبی ، چونکە بۆشایی لای ئایزەر واتە نەگونجانی نێوان دەق و خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا .،( مصطفى:2016، ١٦-٢٠ و ١٠٨-١١٠) وە( صالح:2001، ٥٠)

هەندێکجار بۆشایی دەق بەهۆکاری لەکارخستنی خوێندنەوە دادەنرێت، چونکە ڕەگەزەکانی دەق لێکجیادەکاتەوە بەڵام، لەڕاستیدا ئەم بۆشاییانە دواجاردەبنە پاڵنەری سەرەکی چالاکبوونی وزەی خوێندنەوە، چونکە وا لەخوێنەردەکات کەلە هێماکانەوە بچێت بۆ واتاکان بەهۆی کردەی داهێشتن (اسقاط)بۆناودەق، بۆپڕکردنەوەی بۆشاییەکان، لەمبارەیەوە ( میرلوبنتی) دەڵێت '' نائامادەیی ئاماژە(دلیل) خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە (دەلیلە) ''(ایزر:101،1994)کەواتە ئەو بۆشایی و ناهاوسەنگیەی کەدەکەوێتە نێوان خوێنەرو دەقەوە وا لەخوێنەر دەکات کەبەردەوامبێت لە کردەی داهێشتن بۆ ناو دەقەکە ( مەبەست لەمە داهێشتنی زانیاریەکانی خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەدا بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان )وەرنەگە لەکاتێک بۆ کاتێکیتر بگۆڕێت بەپێی بەردەوامی خوێندنەوەکان، بەبڕوای (میرلوبنتی)* هەموو داهێشتنێکی خوێنەربۆناودەق قابیلی ڕاستکردنەوەو گۆڕانە، ئەو گۆڕانەش لەئەنجامی کارلیکرنی نێوانیانە ( ئەوەی کە ئایزەر زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە)، ئەگەر هەمووشتێک لە دەقدا ڕوون وئاشکرابێت، ئەو ئەودەقە بێجگە لەیەک خوێندنەوە زیاتر هەڵناگرێت،بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لە دەقێکدا گرنگی بۆشاییەکانی زیاتربێت ئەوا ئەودەقە بەبەردەوامی تێڕوانینی گۆڕاو لەبارەیەوە لای خوێنەران دەوروژێت ئەمەش ئایزەر ناوی لێدەنێت (بۆچوونی پرسیارئامێز). (حفیظة زین: 2004-2005، 95)

زۆرێک لەڕەخنەگران سەرکەوتوویی ئەزموونی شیعریی دەبەستنەوەبە ئاستی کارلیکی دەقەکە لەگەڵ هاوبەشە بنەڕەتیەکەی لە کاری داهێناندا، کەئەویش وەرگرە، ئەوەش لە ڕێگەی بەکۆدکردنی گوتاری شیعریەوەدەبێت، بەجۆرێک کە وشەکان ڕێگە یان کلیلی یەکەمن بۆ پەیوەستبوونی زمانی، ئەمەخاسیەتی تایبەتی دەقی ئەدەبیە بەگشتی و شیعریە بەتایبەتی . بەجۆرێک کە چێژی وەرگر کامڵنابێت هەتا نەوتراوەکان کەشفنەکات، پانتایی نەوتراوەکانیش فراوانتر دەبێت بە فراوانبوونی بۆشاییەکان و ڕێگەی بە وەرگر دەدات کە بەشداربێت لەگەڵ داهێنەرەکەدا لەوەی کە لە دەقەدا

خستویەتیەروو . کاتێک کە شاعیر بۆشایي جێدەهێلێت لە دەقدا، تەنها پشتبە پێکهاتنەبینراوەکە نابەستێت کە مامەڵە لەگەڵ کورت و درێژی گوزارشتەکاندادەکات، وەرگر لێرەدا گرنگی بەوەنادات کە وشەی بەمەبەست بەجێهێڵراو هەیە ناچاری دەکات کە بێدەنگبێت بۆماوەیەکی کاتی، یان لەڕێگەی پارچەپارچەکردنی وشەیەک یان زیاتر بەسەر چەند دێڕێکدا بەشێوەیەکی ئەندازەیي دیاریکراو، یان هەر شێوەیەکی تری پێکاتەبینراوی قەسیدە، ئەمانە بە بانگهێشتێکی راستەخۆی وەرگر دادەنرێت لەلایەن داهێنەرەکەوە بۆ کارلێک لەگەڵ دەقدا .

داهێنەر هەندێکجار بۆشایي مەعنەوی بەشێوەیەکیتر دروستدەکات ئەویش لەڕێگەی وشەگەلێکەوە لەناو دارشتەو ڕستەی ناڕاستەخۆ کە پێویست بەهەوڵ وکۆششی زۆرهەیە بۆ پڕکردنەوەی پانتایي ئەوبۆشاییانە لەناو گوتاری شیعریدا، ئەم جیاوازی پانتایي بۆشاییانەش لەدەقێکەوەبۆ دەقێکیتر دەگۆڕێن بەپێی دوورونزیکی دەقەکە لە واتاوە یان هاوتەریب بوونی لەگەڵ واتادا، بەجۆرێک ئەگەر دەق بەئاسانی واتای دابەدەستەوە ئەوا هاوتەریب و راستەوخۆیە، بەڵام لەڕاستەوخۆیي دووردەکەوێتەوە هەتا پانتایي سێبەری واتا فراوانبێت کە خوێنەر لەسایەیدا بەدوای واتادا دەگەڕێت، ئەمەش کە وێستگەی خەملاندنی واتا لەلایەن خوێنەرەوە زیاتربێت مەودای راڤەکردنیش کراوەتربێت، بۆیە هەمەچەشنەی راڤکەردن بە هەمەچەشنەی خوێندنەوەکان دەبێت و لە خوینەرێکەوەبۆ خوێنەرێکیتر جیادەبێت، هەروەها خوێندنەوەی هەمان خوێنەر لەکاتێکەوەبۆکاتێکیتر و بۆ هەمان دەق جیاوازدەبێت).بیومي،1، http://alantologyia.com)پێویستە کە نووسەر پارێزگاری لە گەیاندنی سێبەر بەدەقەوە بکات، ئەمەش لەپێناو ئەوەیە کە ماوەبدات بە دروستبوونی هێماگەلێکی تازە کە دایاندەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لەو دۆخەی هەستی(شعور) کەپاڵپێوەناوە بۆنووسینی ئەو دەقە،لەم کاتانەدا پێویستە کە سێبەری واتاکان پەیوەستێکیان هەبێت بە جیهانی یەکە واقیعیەکەوە .

دواجار، ئایزەر پێی وایە کە بەهۆی بۆشایەکانەوە کردەی بەیەک گەیشتن لەنێوان خوێنەرودەقدا دروستدەبێت، بەیەکگەیشتنی سەرکەوتووش ئەوەیە کە کردەی خویندنەوە مەحکومبێت بە دەق، واتە لەرێگەی کەشفکردنی بۆشاییەکانیەوەبێت، ئەو بۆشایانەش ئەوە دەردەخەن کە دەق شاردویەتیەوە، ئەوپانتاییەیەلەدەق کە تیایدا بەهۆیەوە خوینەر پەیوەندیەکان دروستدەکات، دوای ئەوە کردەی نەفیکردن دەستپێدەکات کەتایبەتە بەڕەگەزە ناسراوەکان و نەفیاندەکات و بەڵام ئەوەی کە نەفی ناکرێت ئەوەدەبێتەبابەت و سەرچاوەی گۆرانکاری لە تێڕوانینەکانی خوێنەردا بەرامبەربەوانەی کە ناسراون و دیاریکراون(الساعدي،ص2، w.w.w.almothaqaf.com)

## 2 - ڕوانگەی گەڕۆک (وجهة النظر الجوالة) Le point de vue mobile

زاراوەی ڕوانگە Le point de vue وجهة النظر، داهێنراوی خودی ( ئایزەر ) نییە، بەڵکو زاراوەیەکی ناسراوە لە بواری رەخنەدا،ئەو تەنها وشەی) گەڕۆک (mobileبۆزیاد کردووە، بەمەستی وەسفکردنی کردەی کۆکردنەوەی واتا لە بیری وەرگردا . ( علوش: 1985، 211)

ئەم چەمکە، مەبەست لێی ئامرازێکە لەوئامرازانەی وەسفی رێگای ئامادەبوونی خوێنەردەکات لەنێو دەقدا، ئەم ئامادەبوونەی خوێنەریش لەنێو دەقدا لە پنتی بەیەکگەیشتنی یادگەو پیشبینیدا روودەدات، لەئەنجامدا بزاوتێکی جەدەلی سەرهەڵدەدات،کە راستکردنەوەیەکی بەردەوامی بیرگەیە تا گەیشتن بە تێگەیشتنی لەدەق، واتە لەڕێگەی کارلێکی نێوان بونیادە پارچەپارچەبووەکانی دەق یان بەیەکداچووەکان لەنێوان خۆیاندا، لەم کارلێکردنە بەدەستهاتووەوە چالاکیەکی بنەرەتی بەرهەمدێت کە خوێنەر دەگەیەنێتە تێگەیشتن لەدەق . ئەم چالاکیە بنەڕەتیەش، بە چالاکیەکی خودی دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی واتا کە تێگەیشتن و درکپێکردنی خوینەر پیشنیازی دەکەن .( السادي: محاضرة، د5-7)

هۆکاری سەرەکی، روانگەی گەڕۆکی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەشتی خوێنەر لەناو دەقدا گەشتێکی بەردەوامە، کاتێک کە خوێنەر دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک بە بەردەوامی و بێپچڕان، پشتبەست بە باکگراوندی رۆشنبیری خۆی لەرێگەی ئاسۆی چاوەڕوانیەکەیەوە هەوڵی تێگەیشتن لەدەقەکەدەدات، بۆیە پەیدابوونی شتێکی چاوەروان نەکراو ئەگەری گۆڕینی روانگەکەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی قوڵبوونەوە بەنێو ڕەگەزەکانی نێو دەقەکەداو گفتگۆکردن لەگەڵیانداو بەرجەستەکردنیان .(سلدن: 1996، 164) ئەم گۆڕانی ئاسۆی چاوەڕوانیەش ئایزەر ناوی ناوە ( روانگەی گەڕۆک ) (هولب: 1994، 25)، ئەم ڕوانگەیش دەرگای گەشتی خوێنەر بۆ ناودەق دەکاتەوەو لەرێگەیەوە خوێنەر، ڕوانگە زۆرە پێکەوە گرێدراوەکان دەدۆزێتەوەو، ئەو روانگانەی کە لەکاتی گواستنەوەیاندا لە دیدگایەکەوە بۆ دیدگایەکیتر، گۆڕانکاریان بەسەردادێت(ایزر:1994، 94)، لەڕێگەی ئەم گواستنەوەو دۆزینەوەیەوە پرۆسەی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر ئەنجامدەدرێت و دەگاتەئاستیکی باڵا کە خوێندنەوەی سەرپێییانە تێدەپەرێنێت . .(سلدن: 1996، 164 – 166)

لەراستیدا، ئەرکی سەرەکی روانگەی گەڕۆک خۆی لە کردەی پەیوەندیکردن و کاریگەریدروستکردندا دەبینێتەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا، ئەم کردارەش بە بەشداریکردنی وەرگرو چالاکبوونی وەرگرتن و باشتێگەیشتنی ئاماژە دەقیە رێنیشاندەرەکان، کە بەرچاوروونکەرەوەی خوێنەرن، بەدیدێت . ئەو ئاماژە دەقیانەی کە ئایزەر بە ( بونیادی هیلکاری دەق) ناویاندەبات، چالاکی خوێنەر بەرەو دەربازبوون لە لادانە راڤەکاریەکان و دوورە پەرێزی لە هینانەگۆی دەق بەوەی نەیوتووە ئاراستەدەکەن، چونکە خوێندنەوە چالاکیەکی ئاراستەکراوە لەلایەن دەقەوە، ئەمەش کە روودەدات، پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر قوڵدەبێتەوە، کاتیک کەخوێنەر لە نێو دەقدا تووشی هەنگاوی چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە یان هەست بەبوونی دوالیزمی دەلالی پێشبینینەکراو دەکات، یاخود هەندێک کۆنتێستی کوتوپڕ دەبینێت، یان کاتێک دیاردەی شاردنەوەی هەندێک زانیاری لەلایەن دەقەوە روونەکردنەوەی هۆکارەکانی ئەوشاردنەوەیە، ئاشکرادەکات، یان کاتێک درک بەوەدەکات دەق بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات و کتوپر ئاراستەکەی بەرەو ئاقارێکی پێچەوانە دەگۆڕێت . (ایزر:1994، 94) .ئەمانە هەموو والە خویندنەوە دەکەن کە پرۆسەیکی بەردەوامبێت، خاڵی دەستپێکی ئەم پرسەش لە دەستپێکی خوێندنەوەکە کۆنترە بەوەی کە خوێنەر پاڵپشت بە ئەزموون و لەڕوانگەی چەند باکگراوندێکەو دیتە نێو پرۆسەی خوێندنەوەوە، خوێنەر پێش وە لەگەڵ دەستکردن بە پرۆسەی خوێندنەوەی هەردەقێک، کۆمەلێک پێشبینی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم پیشبینیانە بەردوام دەگۆڕێن، بۆیە هەموو ئەوتێڕوانینە پێشوەختانەی هەمانبووە و بەرگریمان لێیانکردووە، لەئەنجامی بەردەوامبوونمان لە خوێندنەوەدا دەگۆڕێن .پرۆسەکەش بێ کۆتاییە بۆیە گەشتی خوێنەر لەناو دەقدا بەگەشتێکی بەردەوامی نەپچڕاو دادەنرێت، بەردەوامی گەشتی خوێنەریش وابەستەیە بە قوڵی دەق و ڕەهەندە دەوڵەمەندەکانی،خوێنەر بە ویستگەی جیاجیاو گۆڕاو دەناسێنێت، بەردەوام شتی نوێی پێدەبەخشێت، بەهۆیەوە ڕوانگەی خوێنەر تازەدەبێتەوە، لەئەنجامدا گۆڕانی ئاسۆکانی لێدەکەوێتەوە، ڕوانگەی گەڕۆکیش رۆڵی کارای هەیە لەمبوارەدا، بۆیە تیۆری وەرگرتن،ئەو تیگەیشتنانەی بەدەستی دەهێنین لە

کاتی خوێندنەوەدا بە زنجیرەیەک لە ڕوانگەی گەڕۆک ناو دەبات . ( سلدن: 1996، 164-١٦٥ ).

ئایزەر، هەوڵیداوە کە پێش هەمووشتێک گرنگیبدات بەوەی کە لەبیری خوێنەردا رودەدات کاتێک کە واتا پێکدێت لەئەنجامی بەردەوامی پرۆسەی خوێندەنەوەدا، واتە گرنگیدان بەهەموو ڕەنگدانەوە جیاوازەکانی کە واتا لەخۆیدەگرێت لە هۆشیاری خوێنەردا لەماوە جیاوەزەکانی بەردەوامی پرۆسەی خوێندنەوەدا، هەتا دەگاتە واتای کۆتایی، وەلەبەرئەوەی واتا، دیاردەیەکە کە هەست لەگەڵیدا دەژی و دەیژێنیتەوەو لەنێوان دەق و خوێنەردا بەدیدێت و تێگەیشتن لەم بەردەوامییە کە بەهۆیەوە بینادەکرێت، لەبنەرەتدا پەیوەستیەکی نزیکایەتی هەیە بە دیاردەگەڕاییەوە فینۆمینۆلۆجیا)، کەگرنگیدەدات بە بەیەکداچوونی یان ئاوێتەبوونی خود و بابەت، لەمڕوانگەیەشەوە، ئایزەر ن هەوڵیداوە کە فینۆمینۆلۆجیا بەکاربهێنێت بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی خوێندنەوە، بەو پییەی کە پرۆسەیکی کۆکردنەوەی واتایە، یان بۆ بیناکردنی بابەتێکی ئێستاتیکایی لە بیری خوێنەردا . ( شرفي: 1996، 206) هەربۆیەش،ئایزەر ئەم چەمکەی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانەی پرۆسەی خویندنەوە، چونکە" بابەتی ئیستاتیکی ناتوانرێت ببینرێت، یان درکپێبکرێت بەیەکجار، بەڵکو لە ئاگایی (هۆشی) خوێنەردا هێواش هیواش بەشێوەیەکی پلەبەندی دروستدەبێت، لەرێگەی بەردەوامی پرۆسەی قۆناغەجیاوازەکانی خویندنەوە یەک لەدوای یەکدا هاتووەکان و گەڕاوەکان، وەلەڕێگەی ئەم بەردەوامیە بەرهەمهێنەرەی بابەتی ئیستاتیکاوە، تیڕوانینە گەڕۆکەکانی خوێنەر لە فەوایەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک قۆناغدا،ناوەستێت، کە هەندێک لایەنی دیاریکراوی ئیستاتیکی بەدەردەخات بەڵام هیچکامیان بەتەنها ناتوانن کۆی بابەتە ئیستاتکیە دەربخەن، چونکە ناتوانرێت بخزێنرێتە نێو هیچ شێوەیەکی واتاییەوە کە هۆشیاری خوێنەر لەهەرساتێکی خوێندنەوەدا بەدەستی هێناوە . (شرفي: 1996، ٢٠٧) بۆ زیاتر روونکردنەوە،سەبارەت بە ڕۆمان بەتیروانینی ئایزەر، چوار ڕوانگەي سەرەکی لەخۆدەگرێت، کەبرێتین لە (ڕوانگەی گێرەرەوە، ڕوانگەی کەسیتیەکا، ڕوانگەی گرێ، ڕوانگەی خوێنەری مەزندەکراو ،هیچ کام لەمڕوانگانە بەتەنها لەگەڵ واتای دەقدا هاوجووتنابن، بەڵکو ڕۆلێکی دیاریکراوی دەبێت لە هێلی پێشەوەی جیاوازیە جۆراوجۆرەکانی ( گێڕەرەوەو کەسێتیەکان و گرێ و خوێنەری مەزەندەکراو )، کەهەریەکەیان بەدوای ئەویتریاندا بەبەردەوامی ئەپوکێنەوە، وەئایزەر پێی وایە کەهەموو ئەم روانگانە سوورن لەسەر ئەوەی کە بەشێوەیک لە پنتێکی گشتیدا کۆببنەوە، کە بە پنتی واتای دەق ناوی دەبات . بەڵام واتای دەق ناتوانرێت دەربخرێت هەتا لەرێگەی ڕوانگەیەکە وێنانەکرێت، بەشێوەیەک ڕوانگە گەڕۆکەکان ڕۆلی خوێنەر دەبێنن، ئەمەش ڕێگەبە خوێنەردەدات کە درک بە دەستپێکی جیاوازی ڕوانگەکانی دەق بکات . ( ایزر:1994 ، 31)

## بەشی دووەم

## بۆشایی دەق و روانگەی گەڕۆك لە دوو دەقی ئەنوەر قادر جاف و قوبادی جەلی زادە دا

(ئەنوەر قادر جاف)، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەن شێوازێکی نووسینی تایبەتی خۆیەتی و زمانی دەقەکانی پێویستی بە لێوردبوونەوەی زۆری خوێنەرانە تاکو بگەنە ئاستی قولی واتای دەقەکە، بۆنمونە لەدەقی ( تەلیسم)دا هەست بەو کەلێن و بۆشاییانەدەکەین کە شاعیر لە دەقەدا بەجێی هەشتوون و خوێنەر ناچاردەکات کە بەوردی کۆدەکانی شیعرەکە شیبکاتەوەو بەردەوام لە دۆخی تێراماندا دەیهێڵێتەوە کاتێك دەقە دەخوێنێتەوە .

شاعیر دەڵێت :

*تەلیسم*
*وەك زرەی زەمگی زەوارێ،*
*کە رێی دوور و هەوراز دەبڕێ،*
*ئاواتییە بۆ هەوارێ...*
*وەك سۆزەی شمشالی شوانێ،*
*نۆ پایزي، بەربەیانێ...*
*دەڕژێتە دەشتی خامۆش و*
*بەڕێ دەکا لەنجەی جوانێ...*
*ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،*
*زۆر دەمێکە کۆیلا یەتی خستۆتە ژێر پێیەوەو*
*بانگی ئازادی زوو داوە...*
*بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و*
*دووبەرەکی بۆ نەشکاوە ... ( محەمەد، ٢٠٠٤ ، ١٢٤ )*

ئەم دەقە بەلای ئێمەوە دەکرێت خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت و دەچێتە خانەی دەقێکی والا یان کراوەوە، بۆیە پێمان وایە کراوەیە بەرووی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا، هەرلەم روانگەیەشەوە کاتێك خوێندنەوەی ( ئاوارە فەرەیدوون قادر ) دەبینین لە تێزی دکتۆراکەیدا کە بە پێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەبۆی کردووە (قادر:٢٠١٩، ١٤٧-١٥٤)، ئەم میتۆدەش کار لەسەر وەرگر دەکات لە پرۆسەی خوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی دەقدا، پێمان وایە جیا لەو خوێندنەوەیەش دەکرێت ئێمەش خوێندنەوەیەکی ترمان بۆی هەبێت کە تا ئاستێك جیاوازە لەو خوێندنەوەیە.

بەلای ئێمەوە لە سەرەتادا زیاتر کەش و هەوایەکی رۆمانسیانە دەبینرێت بە دەقەکەوە، ئەمەش بەمەبەستەو پێمان وایە لەکۆتاییدا زیاتر مەبەستی شاعیر روونەدەبێتەوە کە بۆ وا دەستپێیکردووە:

*وەك زرەی زەمگی زەوارێ،*
*کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،*
*ئاواتییە بۆ هەوارێ...*
*وەك سۆزەی شمشالی شوانێ،*
*نۆ پایزێ، بەربەیانێ...*
*دەڕژێتە دەشتی خامۆش و*
*بەڕێ دەکا لەنجەی جوانێ ... ( محەمەد، ٢٠٠٤ ، ١٢٤ )*

زەمگی زەوار و گەیشتن هەوار لەگەڵ سۆزی شمشالی شوان هەڵپەرین و لەنجەی کچێکی جوان، ئەمانە کۆمەڵێك دەربڕینی رۆمانسیانەی جوانن لەسەرەتای دەقەکەدا هاتوون، بەڵام خودی دەقە باس لەوە ناکات نایەوێت وەك دەقێکی رۆمانسی رووت لەدایکبێت، تەنها چێژێکی کاتی بە خوێنەر ببەخشێت و تەمەنی بەسەرچێت، نەخێر، بەڵکو کاتێك دەگەینە کۆپلەی دواتر دەبینین

هەرچەندە وشەی ( دڵ) هاتووە کە وەکو سەنتەری هەست و سۆز دەبینرێت لە دەقی شیعریدا،بەڵام لای شاعیر مەبەستێکی شاراوە دەبینین کاتێك لەگەڵ وشەی

(کورد) دا دەیخاتە پاڵ یەك و گوزارشتی ( دڵی کوردانەی) لێ پێکدێنێت، جۆرێك لە رەخنەگرتن دروستدەکات لەو پرۆسە دوورو درێژ و بەردەوامەی خەباتی کوردایەتی کە هەرچەندە جاڕی ئازادی داوە لە دڵی خۆیدا و کۆیلایەتی رەتکردۆتەوە، بەڵام نەیتوانیووە گرێکوێرەی دووبەرەکی و براکوژی و ئەوەی ئەو بە (تەلیسم) ناوی دەبات بکاتەوە، وەك بەمجۆرە کۆتایی بە دەقە دێنێت :

*ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،*
*زۆر دەمێکە کۆیلایەتی خستۆتە ژێر پێیەوەو*
*بانگی ئازادی زوو داوە...*
*بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و*
*دووبەرەکی بۆ نەشکاوە ... ( محەمەد، ٢٠٠٤ ، ١٢٤ )*

لەکۆتایی لێکدانەوەی ئەم دەقەدا، دەڵێین پێمان وایە شاعیر ئەو بۆشاییەی بۆ مان بەجێهێشتووە لە رێگەی زمان و بە شەکانی دەقەکەیەوە کە ئێمە تائێستاش بە هەست و سۆز خەبات و کاروانی تێکۆشانمان بەڕێدەکەین، کەلەراستیدا ئەم پرۆسەی خەبات تێکۆشانە پرۆسەیکی ئەقلگەراییەو بنەمای زانستی خۆی هەیە، نەك بە هەست وسۆز ، هەرئەمەش رێگریمان لێدەکات نەتوانین بەربەستی سەرەکی بەردەم گەیشتنە ئەنجامی خەباتی کوردایەتی تێپەڕێنین کەخۆی لە دووبەرکی و خۆخۆریدا دەبینێتەوە، دیارە ئەگەر ئەقڵ و ئەقلگەرایی ئامادەیی سەرەکی هەبێت لەو بوارەدا ئەوا تێپەڕاندنی ئەو بەربەستە کارێکی زۆر گران نابێت، وەکچۆن نمونە گەلێکی زۆرمان هەیە لەمێژووی مرۆڤیەتیدا . ئەوەی کەوامان لێدەکات بەرەو ئەم خوێندنەوەیە بچین لە دەقەکەدا قورسایی وشەی ( دڵ)ە لە سەنتەرێتی دەقەکەدا، پێمان وایە شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆو بۆ خستنە دۆخی بیرکردنەوەی بەردوام خوێنەر ئەم وشەیەی هێناوە، ئەگینا دەکرا لەبری ( دڵ ) وشەی ( بیر ) یان ( ئەقڵ) ی بەکارهێنایە، چونکە بەڕێوەبردن و بەرپاکردنی خەبات و شۆرش کاری ئەقڵە نەك دڵ .

(قوبادی جەڵی زادە ) لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (وەی وەی زاراگیان - دیدەم زارا) کە بۆ ( زارا موحەمەدی ) نووسیوەو لەچەند کۆپلەیەك پێکدێت، بەجۆرێکە هەریەك لە کۆپلەکان واتایەکی سەربەخۆی خۆی دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی بەشداریشە لە کۆی واتای دەقەکەدا،واتە یەکێتیەکی کۆپلە شیعری دەبینین لە دەقەکەدا، بۆیە ئێمە یەکێك لەو کۆپلانەی بە نمونە وەردەگرین کە کۆتایی دەقەکەیەو قوفڵی شیعرەکەی پێکردووە و بەشێوەیەکی زۆر جوان پەیوەستیکردۆتەوە بە ناونیشانەکەیەوەو یەکتیەکی ئۆرگانی قوڵی تێدا دەبینین، بەلای ئێمەوە ئەم دەقە ئاستێکی بەرزی شیعریەتی تێدا چربۆتەوە و کۆمەلێك واتای شاراوەی لە خۆگرتووە بەجۆرێك خوێنەر گەر بەئاگاییەوە نەیخوێنێتەوە کەلێن و بۆشاییەکانی پڕنەکاتەوە، رەنگە بەباشی لەواتاکەی تێنەگات،وەك دەڵێت:

*لە مانگەشەوێکدا، ئەلف و بێکەی ئەمین باڵدارم هەڵگرت و*
*چوومە سەر ئارامگەی،*
*حەسەن زیرەك و*
*ئایشەشان و*
*تایەر تۆفیق*
*هەرسێکیان یەك گۆرانیان دەگوت،*
*وەی وەی زاراگیان*
*دیدەم زارا ( واڵی جەلیزادە، ٢٠٢٢ )*

لەم دەقەدا قوبادی جەلی زادە، بەشێوەیەکی زۆرجوان ئەو رووداوی بەندکردنە هەم رەتدەکاتەوەو هەمیش پەیامێك دەنێرێت بۆ زارا کە هەموو کورد لەپشت ئەو کارە پیرۆزەی ئەوەوەیە کە بریتیە لە فێرکردنی زمانی کوردی، ئەوەی کە لەم دەقەدا دەیبینین ئەوەی کە شاعیر لە رێگەی هەندێك رەمز و ئاماژەوە،کە پێویست بە لێوردبوونەوەیەکی ورد دەکات، پەیامی خۆی دەردەبڕێت .

شاعیر لەسەرتادا بەوە دەستپێدەکات کە لە کاتی شەوێکی مانگەشەودا چۆتە سەر ئارامگای ئەو کەسێتیانەی کە ناوی هێناون ( گۆرانی بێژەکان ) دیارە ئەمەش بۆخۆی واتایەکی شاراوەی هەڵگرتووە و چەند پرسیارێك لای خوێنەر دروستدەکات و پێویستی بە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەواتای دەقەکە و ئەمەش سەرەتای کۆپلەکەیە، واتە دەستپێکێکی بەهێزی هەیە خوێنەر بۆخۆی رادەکێشێت و وای لێدەکات بەردەوامبێت لە خوێندنەوەی شیعرەکە. لێرەدا دەپرسین بۆ بە مانگەشەو؟ خۆ خەڵکی لە رۆژدا دەچنە سەر گۆڕی ئازیزانیان، ئەی بۆ لەرۆژدا نەبوو؟ یان بۆ لەشەوێکی تاریکدا نەبوو ؟ ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: کە مانگەشەو شەوێکی رووناکە بە رووناکی مانگەکە ئەو شەوە تاریکە رووناکبۆتەوە، لێرەوە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بەرووناکی خوێندن و بەتایبەت فێربوونی زمانی کوردی شەوی داگیرکاری رووناکدەکرێتەوەو ئەو کارەی کە زارا دەستپێکردووە بەدەر نییە لەو حاڵەتە .

جیالەمە ناوهێنانی سێ گۆرانیبێژی بەناوبانگ و خاوەن پێگەیەکی گەورە لە هونەری کوردیدا، کە بریتین لە ( حەسەن زیرەك و ئایشەشان و تایەر تۆفیق ) ئاماژەی گەورەیی و پیرۆزی کارەکەی زارایە . دیارە ئەم سێ گۆرانیبێژە، هەریەکەیان سەر بە بەشێکی کوردستانی بەشبەشکراوە . حەسەن زیرەك لە رۆژهەڵات و تایەر تۆفیق لە باشوور و ئایشەشانیش لە باکووری کوردستان. ئەمەسەرەرای جیاوازی شێوەزاری قسەکردن و گۆرانی وتنیان لەرووی زمانیەوە، بەتایبەت ئایشەشان کە بە کرمانجی ژووروو گۆرانی وتووەو ئەوانیتر بە شێوەزاری جیاجیای دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. لێرەدا شاعیر ئاماژەدەکات بۆ پشتگیری هەموو کوردستان لە زارا موحەمەدی و لەڕێگەی ئەو سومبولانەی هونەری کوردییەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت، بەبڕوای ئێمە شاعیر ئەوەی لەبیرنەکردووە کە ئەگەرچی هیچ کام لەو گۆرانیبێژانە خەڵکی شاری سلێمانی نین، بەڵام بەشێوەیەکی پەنهان ئاماژە بە پشتگیری شارێکی گرنگی کوردایەتی وەك سلێمانی بکات لەو پرۆسەی پشتگیریەدا ئەویش لەرێگەی ناوهێنانی خودی ( گۆرانی) ەکەوە ( زاراگیان ) کە گۆرانیەکی جوانی زۆربڵاوی ناوچەی سلێمانیەو دەتوانین بڵێین سەنتەری پەیامەکەی شاعیر پێکدێنێت کە لە (گۆرانی) دا چربۆتەوە وبەم جۆرە دەستپێدەکات :

| | |
|---|---|
| *ئەچمە سلێمانی گۆیژەم لێ دیارە* | *ئەی وەی زاراگیان دیدەم زارا* |
| *بەبەرزی گۆیژە خەم لە دڵم بارە* | *ئەی وەی زاراگیان دیدەم زارا* |

لەوانەش زیاتر کەباسمانکرد و بە بڕوای ئێمە جگە لەو واتا شاراوانەی کە شاعیر بۆ خوێنەری بەجێهێشتووە، بۆشاییەکی لەنێو دەقەکەدا بەجێهێشتووە کە خوێنەر دەبێت لە رێگەی پاشخانی رۆشنبیری خۆیەوە پەی پێببات، ئەویش بریتیە لە ناوهێنانی (ئایشەشان ) .

